روودا و
RÛDAW
ژمارە (508) دووشەممە 2018/6/4 – 14ی جۆزەردان 2718 (750) دینار

# فۆڕمی خۆراکی 391 خێزانی عەرەب و تورکمان دەگوازرێتەوە کەرکووک

**روودا و — کەرکووک**

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە 391 خێزانی عەرەب و تورکمانی پارێزگاکانی عێراق، فۆرمی خۆراکیان گواستووەتەوە کەرکووک. راکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، لە کۆتایی مانگی رابردوو بە نووسراوی ژمارە 4584 واژۆی لەسەر گواستنەوەی فۆرمی خۆراکی 20 خێزان لە پارێزگاکانی سەڵاحەدین و دیالە بۆ سەر پارێزگای کەرکووک کردووە. مانگی پێشووتریش بە نووسراوی ژمارە 4532 واژۆی لەسەر گواستنەوەی فۆرمی خۆراکی 371 خێزانی دیکە لە ئەنبار و سەلاحەددینەوە بۆ کەرکووک کردبوو.

راکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت بە (ڕووداو)ی رایگەیاند: "پێویستە بەشێوەیەکی مرۆڤانە بیر لە بابەتەکان بکرێتەوە. کەرکووک شارێکی فراوانە و جێگای هەموومان دەبێتەوە، ئەو ئاوارانەی کە هاتوونەتە کەرکووک و نیشتەجێبوون، لە ناوچەکانی خۆیان هیچیان نەماوە و لە رەوشێکی خراپدان. ڕێگەدان بە مانەوەیان لە کەرکووک لە روانگەی مرۆڤایەتییە".

سەبارەت بە گواستنەوەی فۆرمی خۆراکی ئەو ئاوارانە بۆ کەرکووک، راکان سەعید گوتی "ئەوان لە رەوشێکی خراپدان، بۆ ئەوەی رەوشیان لەوە خراپتر نەبێ، ڕێگەمان بە گواستنەوەی فۆرمی خۆراکیان داوە، لەبەر ئەوەی ناوێرن لە ناوچەکانی خۆیان بەشە خۆراکی مانگانە وەربگرن".

«4



بەهرۆز شوجاعی
## کابینەی نوێ لەژێر رەحمەتی قاسم سلێمانی-دا
14

## پارتی گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانیدا دەکات
3

یان کۆبیش بۆ (ڕووداو):
## مانگی تەمووز کارنامەی نوێی یۆنامی بۆ کەرکووک ئاشکرا دەکرێت
5

# 30ی ئەیلوول دوو هەڵبژاردن پێکەوە بەڕێوەدەچن

3



کۆمەڵایەتی 13

مەلا کوژراوەکەی هەولێر پێشتر لە زیندان بووە



تەندروستی 15

واز لە جگەرە بێنە و ئۆتۆمبێلێک بە دیاری وەربگرە

ژنان 12

ژنانی کورد ژیانی ژنانی رەققە دەگۆڕن



ئابووری 8

99 کۆمپانیایەک کیوسکی ئەلیکترۆنی لە هەولێر و دهۆک دادەنێ



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 508 ) - دووشەممە 2018/6/4





## کارەبا گۆرانیبێژێکی میللی دەکوژێت

**رووداو - هەولێر**

لە شارۆچکەی سیدەکانی قەزای سۆران، گۆرانیبێژێکی میللی لە کاتی راوەماسیدا بەهۆی تەزووی کارەباوە مرد. حاجی نەسروڵڵا، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانی سیدەکان بە (رووداو)ی راگەیاند، بەیانی رۆژی 2018/6/2 لە سیدەکان گەنجێک بەناوی حەمید مەجید کە بۆ راوەماسی چووەتە رووباری زەنە، ویستوویەتی تەزووی کارەبا لە ئاوەکە بدات بۆ راوە ماسی، بەڵام تەزووی کارەبا لێیداوە و کوشتوویەتی. بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانی سیدەکان هەروەها رایگەیاند، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە هۆکاری مردنەکەی تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادی سۆران کراوە. حەمید مەجیدی تەمەنی 25 ساڵ، گۆرانیبێژێکی میللی شارۆچکەی سیدەکان بووە.

# ئاوی بەنداوی مووسڵ گەیشتووەتە کەمترین ئاست

**ئەیوب نەسری**
**رووداو - دهۆک**

تا چەند مانگێک لەمەوبەر بەنداوی مووسڵ بە بۆمبێکی چێنراوی سروشتی لەقەڵەم دەدرا کە تەقینەوەکەی گیانی چەند ملیۆن کەسێک دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام ئێستا کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی بەنداوەکە جووتیاران و خەڵکی سوودمەند لە ئاوی بەنداوەکەی نیگەران کردووە، لە کاتێکدا ئاوی بەنداوەکە بەڕێژەی 43% لەچاو هەمان کاتی 2017 دابەزیوە. بەرپرسانی پەیوەندیدار بەنداوێکی تورکیا بە هۆکار دەزانن، حکومەتی تورکیاش رایگەیاندووە کە ئەوان حکومەتی عێراقیان لە پرۆژەکەی خۆیان ئاگادار کردبووەوە.

زەوییە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری بەنداوی مووسڵ وشک هەڵگەڕاون، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئاوی بەنداوەکە گەیشتووتە کەمترین ئاستی. بەپێی هەندێ زانیاری بەنداوی مووسڵ تەنیا 4 ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدا ماوە، لە کاتێکدا پار هەمان کات زیاتر لە 7 ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدابووە.

رەمەزان حەمزە کە ساڵی 1985 وەکو ئەندازیار لەسەر پرۆژەکە کاری کردووە، کەمبوونەوەی ئاوی بەنداوەکە بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر ژینگە، کشتوکاڵ و ئاوی ژێر زەوی لە دەوروبەری شاری دهۆک.

لەبارەی هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی ئاوی بەنداوەکە، رەمەزان حەمزە بە (رووداو)ی گوت، هۆکاری یەکەم بۆ دروستکردنی بەنداوی ئەلیسۆ لە تورکیا و کەمبوونەوەی ئاوی رووباری دیجلە لە تورکیاوە دەگەڕێتەوە. تورکیا رێژەیەکی زۆری ئاوی رووبارەکە بۆ ئەو بەنداوە گلدەداتەوە، بۆیەش رێژەیەکی کەمی ئاوەکە دەگاتە عێراق.

حکومەتی تورکیا لە پەنجاکانەوە پێشنیازی دروستکردنی بەنداوی ئەلیسۆی کردووە کە بەنداوێکی گلدانەوەی ئاو و بەرهەمهێنانی کارەبایە. لەو کاتەوە نارەزایەتییەکی نێودەوڵەتی بەرفراوان لەدژی ئەو پرۆژەیە دەستیپێکردووە. رەخنەگرانی ئەو پرۆژەیە پێیانوایە دروستکردنی بەنداوی ئەلیسۆ سەدان هەزار کەس لە دیوی خوارەوەی رێڕەوی بەنداوەکە ناچار دەکات ناوچەکانی خۆیان چۆڵ بکەن.

فاتیح یڵدز، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق، بە رۆژنامەی (نەشناڵ)ی ئیماراتی راگەیاندووە حکومەتی ئەنقەرە پێشوەخت پرس و راوێژی بە حکومەتی عێراق کردووە و ئینجا دەستی بە دروستکردنی بەنداوەکە کردووە.

بەبۆچوونی ئەندازیارەکە، هۆکاری دووەمیش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حکومەتی عێراق سیاسەتێکی روونی بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو نییە، چونکە لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە ئاوی بەنداوەکە کەمی کردووە، بێئەوەی هۆکارەکەی دیار بێ. بەگوێرەی مەزندەکان دەبووایە ئێستا زیاتر لە 8 ملیار مەتر سێجا ئاو لە بەنداوەکەدا هەبێت. بەو پێیەش ئاوی بەنداوەکە لەچاو پارساڵ 43% و لە چاو چاوەڕوانییەکان 50% دابەزیوە.

حەمید بەشیر، جووتیارێکی دەوروبەری بەنداوەکەیە دەڵێت هەر جووتیارێکی ناوچەکە بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوەوە بەلای کەمەوە یەک ملیۆن دینار زیانی پێگەیشتووە. حەمید بە دڵێکی پڕ لە گلەییەوە دەڵێت: "ساڵی رابردوو، لە کاتی گەیشتنی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکەمان ئاوی بەنداو ئەوەندە زیاد کرا تاوەکو بەروبوومەکەمان کەوتە ژێر ئاو".

رۆژی 26ی ئایاری رابردوو حەسەن جەنابی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دوو نەخشەی بەنداوەکەی بڵاو کردەوە کە یەکێکیان هی ساڵی رابردووە و ئەوەی دیکەشیان هی ئەمساڵە، لەو نەخشەیەدا بەڕوونی جیاوازی ئاستی ئاوی بەنداوەکە لە ساڵی رابردوو و ئەمساڵدا دەردەکەوێ. وەزیری کشتوکاڵی عێراق داوا لە هاووڵاتییان دەکات، دەست بە ئاوەوە بگرن و زیاتر لە پێویست بەکاری نەهێنن، چونکە مەترسی کەمبوونی ئاو هەیە.

رەمەزان حەمزە، کەمی ئاوی بەنداوەکە بە زیانی گەورە بۆ شاری دهۆک و دەوربەری دەزانێت، بە تایبەتی دوای 15ی حوزەیران وەرزی ئاودێرییە و باشوور و ناوەڕاستی عێراق زیاتر پێویستیان بە ئاو دەبێت.

بەنداوی مووسڵ، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو پارێزگای مووسڵ و دهۆک، لە ساڵی 1985 دروستکراوە و توانای گلدانەوەی 11 ملیار مەتر سێجای ئاوی هەیە. درێژیی بەنداوەکە 3200 مەترە و بەرزییەکەشی 110 مەترە.




ئاستی ئاوی بەنداوی مووسڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو 43% کەمی کردووە

# پرۆژەکانی کەرکووک بەهۆی نەمانی پترۆ دۆلاری کوردستان وەستاون

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، رەوشی خزمەتگوزارییەکان لە کەرکووک بە "خراپ" ناودەبات و دەڵێت لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە شاری کەرکووک بەدەست کەمیی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێ، بەشێکی زۆری پرۆژەکانیش کە پێشتر بە پارەی پترۆدۆلار دروست دەکران، وەستاون.

رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە لە هەولێرە، دەڵێت "لە ساڵی 2013 ـەوە حکومەتی عێراق بەبێ هیچ بیانوویەکی یاسایی، بودجەی پارێزگای کەرکووکی راگرتووە. تەنیا بیانووی بەغدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆرترین پۆستەکانی کەرکووک بەدەستی کوردەوە بوون، ئەوەش بۆ ئەوان قورس بوو، بۆیە دەیانویست لەو رێگایەوە شارەکە ماندوو بکەن".

پارێزگای کەرکووک، یەکێکە لەو پارێزگایانەی زۆرترین نەوتی تێدایە و جگە لە بودجەی ساڵانەی خۆی بۆ خزمەتگوزارییەکان، بەپێی دەستووری عێراقیش پێویستە حکومەت بەپێی ژمارەی ئەو بەرمیلە نەوتانەی لەو پارێزگایە بەرهەمی دەهێنرێ ، پارەی پترۆ دۆلاری بۆ تەرخان بکات، بەڵام ئێستا نەک پارەی پترۆ دۆلار، بگرە بودجەکەشی پێنادرێ. بەپێی قسەی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک "لە ساڵی 2013 تاوەکو ئێستا، بڕی ئەو بودجەیەی کەرکووک کە لای حکومەتی بەغدایە دەگاتە 2 تریلیۆن دینار".

ساڵی 2014 لە ئەنجامی هێرشی داعش، سوپای عێراق بەبێ بەرگریکردن کەرکووکی چۆڵ کرد. ئەوەش وایکرد پێشمەرگە شوێنی هێزە عێراقییەکان بگرێتەوە. لەو کاتەوە کەرکووک لە رووی ئیداریی و سەربازییەوە کەوتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان. دوای ماوەیەک وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر فرۆشتنی نەوتی کەرکووک مانگانە 10 ملیۆن دۆلار وەک پترۆ دۆلار بداتە ئیدارەی کەرکووک. ئەوەش بووە هۆی بەکارکەوتنەوەی بەشێک لە پرۆژە وەستاوەکان و دروستکردن ژمارەیەک خوێندنگە و بەرزەپرد و رێگاوبانی نوێ. بەڵام رۆژی 16 ئۆکتۆبەر هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوە و بەگەڕانەوەی سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی و دەستگرتن بەسەر بیرە نەوتییەکاندا، هیچ دەسەڵاتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بەسەر ناوچەکەوە نەما.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا ئاشکرایکرد، بڕێک پارەی پترۆ دۆلاری کەرکووک لە بانکی کوردستان هەڵگیراوە کە رێبوار تاڵەبانی دەڵێ بڕەکەی "51 ملیۆن دۆلار"ە ، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئامادە نییە واژۆی خەرجکردنی ئەو پارەیە بکات "ناکرێت کەرکووک حاڵی بەو شێوە بێت و بهێڵین ئەو پارە خەرج بکرێ، چونکە دڵنیاین ئەو پارەیە جێگەی خۆی ناگرێت، هەرکات دڵنیابووین بەشێوەیەکی تەندروست خەرج دەکرێت، رێگر نابین لە خەرجکردنی". گوتیشی"کەچی زۆر کەس هەن داوای ئەو پارە زۆرە ناکەن کە مافی خەڵکی کەرکووکە لای بەغدایە و چارەسەری بەشی زۆری کێشەکانی کەرکووک دەکات، بەڵام چاویان لەسەر ئەو پارەی پترۆ دۆلارەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی یاسایی رامانگرتووە تاوەکو ئەو کاتەی کە دڵنیاین ئیدارەیەکی باش کەرکووک بەڕێوە دەبات، ئەو پارە ناخوات و دەیخاتە خزمەتی خەڵکی شارەکە".

وەک رێبوار تاڵەبانی باسیدەکات، لەو 10 ملیۆن دۆلارەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریاندەگرت "500 پرۆژەی بچەوک تاوەکو پرۆژەی ستراتیژیمان پێ جێبەجێ کردووە لە کەرکووک، واتە کۆی ئەو پرۆژانەی بە پارەی پترۆدۆلاری حکومەتی هەلارێمی کوردستان جێبەجێکراون، گەیشتووەتە 3 هەزار پرۆژە لە ماوەی 3 ساڵدا".

ئێستا کەمی وزەی کارەبا بووەتە کێشەی گەورەی کەرکووکییەکان. رێبوار تاڵەبانی، تەنانەت باسی چارەسەرکردنی کێشەی کارەباش دەکات تاوەکو ئەوکاتەی ئەوان بڕیاربەدەستی پارێزگاکە بوون "پێشتر ئێمە 400 میگاوات کارەبای نیشتمانیمان وەردەگرت، بە پارەی پترۆ دۆلاریش لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت 255 میگاوات کارەبامان دەکڕی، بەڵام ئێستا کارەبای نیشتمانی کەمیکردووە و ئیدارەی شارەکەش ئەو کارەبایە ناکرێت کە پێشتر ئێمە دەمانکڕی".

کۆبوونەوەی خۆڵ و خاشاک کێشەیەکی دیکەی دانیشتووانی شاری کەرکووکە. ئیسماعیل جەلال، بەڕێوەبەری پرۆژەکانی شارەوانیی کەرکووک نایشارێتەوە، شاری کەرکووک بەراورد بە پێش 16ی ئۆکتۆبەر خەریکە دەبێت بەژێر خۆڵ و خاشاکەوە، ئەو دەڵێ پێشتر چوار جۆرە بودجەیان هەبووە، ئێستا سێ لەو بودجەیان بڕدراوە. بەو بودجە کەمەی کە لە داهاتی شارەوانی دەستیان دەکەوێت ناتوانن چارەسەری کێشەکانیان بکەن "پێشتر بودجەی پترۆ دۆلار، بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان و پارە بۆ وەبەرهێنان لەگەڵ داهاتی شارەوانیمان هەبوو، بەڵام ئێستا جگە لە داهاتەکانی شارەوانی هیچی دیکەمان نەماوە".

ئیسماعیل جەلال، دەڵێ ئێستا بەغدا مانگانە 262 ملیۆن دیناریان بۆ خاوێنکردنەوە وەک هاوکاریی بۆ دەنێرێت لەگەڵ ئەوەدا مانگانە 240 ملیۆن دینار پارەی کارەبای مۆلیدە وەردەگرن بۆ خاوێنکردنەوەی شار، ئەگەر ئەو پارە مانگانە بگاتە دەستیان دەتوانن 80%ی کێشەی خاوێنکردنەوەی کەرکووک چارەسەر بکەن گوتیشی "رۆژانە 300 کرێکار و 80 سەرقاڵی کارکردنن، بەو حاڵەشەوە هێشتا پێویستمان بە سێ مانگ دەبێت تاوەکو بە تەواوی کەرکووک خاوێن بکەینەوە".

# هێزەکەی ئەمریکا لە چیای شنگال و بەعاج دەمێننەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ئەو هێزە ئەمریکییەی کۆتایی هەفتەی رابردوو چوونە شنگال، لە هەردوو گوندی ئوم ئەلدیبان و ئوم ئەلجەریس لە نزیک سووریا جێگیر بوون، فەرماندەیەکی حەشدی شەعبیش دەڵێت هێزەکە داوایان لێکردووە لەگەڵیان کۆببێتەوە. سەرۆکی لێژنەی ئەمنیش لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت ئەو هێزە لە چیای شنگال و ناوچەی قائیمی سەر بە بەعاج جێگیردەبن و رێگری لە چوونی میلیشیا شیعەکانی ئێران دەکەن بۆ سووریا.

رۆژی 2018/6/1 هێزێکی ئەمریکی کە لە 45 ئۆتۆمبێل پێکهاتبوون، چوونە سەنتەری قەزای شنگال، دواتر بەشێک لەو هێزە سەردانی چیای شنگالیان کرد. ئێوارەی ئەو رۆژە هێزەکە بەرەو سنووری سووریا جوڵان و لە گوندی ئوم ئەلدیبان و ئوم ئەلجەریس لە قەزای بەعاج جێگیر بوون. بەرپرسانی شنگال دەڵێن چوونی ئەو هێزە ئومێدێکی گەورەی بەخشیوەتە گەڕانەوەی ئێزدییەکان بۆ زێدی خۆیان.

هاشم بریفکانی سەرۆکی لێژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لەبارەی ئامانجی جێگیربوونی ئەو هێزە لە سنووری شنگال بە (رووداو)ی گوت:"دوای ئەوەی ساڵێک لەمەوبەر هێزەکانی حەشدی شەعبی توانییان بەڕێگای ناوچەکانی سەر بە قەیرەوان، گرعوزێر و قائیم لە سنووری شنگال و بەعاج خۆیان بگەیێننە سنووری سووریا، ئەمریکا لە هەلێک دەگەڕا کە ئەو هیلالە شیعییە ببڕێ و نەهێڵێ ئێران بە کەیفی خۆی میلیشاکانی بۆ سووریا رەوانە بکات، بۆیە بڕیاری داوە لە دوو شوێنی گرنگ لە هەردوو قەزای شنگال و بەعاج جێگیر ببن".

بریفکان لەبارەی شوێنی جێگیربوونی ئەو هێزە گوتی: "ئەو هێزەی پێش سێ رۆژ چووبوونە شنگال بە هاوکاریی فیرقەی 15ی سوپای عێراق دەربازی شنگال و ئەو ناوچانە بوون، دواتر لە ناوچەی قائیم سەر بە قەزای بەعاج و نزیک سنووری سووریا جێگیربوون، لەم چەند رۆژەدا بەشێک لەو هێزە دێتە چیای شنگال، لەوێش جێگیر دەبن". بریفکانی هەروەها گوتی: "ئەو هێزە کاتی نییە، بەڵکو لەوێ جێگیر دەبن و رێگە نادەن لەمەودوا ئێران بە ئارەزووی خۆی میلیشیا رەوانەی سووریا بکات".



چوونی هێزەکەی ئەمەریکا بۆ شنگال ئەگەری گەڕانەوەی ئاوارەکان زیاتر دەکات

لە سنووری پارێزگای نەینەوا ئەوە دووەم شوێنە هێزەکانی ئەمریکا لێی جێگیر دەبن، هاشم بریفکانی دەڵێت: "ئێستا لە ناوچەی شەلالات نزیک ناحیەی باشیکیش هێزێکی گەورەی ئەمریکی هەن".

ئێران دەمێکە هەوڵی دروستکردنی کۆریدۆرێک دەدات بۆ ئەوەی ملیشیا و چەک و جبەخانەی پێویستی پێ لە ئێرانەوە بگوازێتەوە سووریا و لوبنان. لە هاوینی ساڵی 2017 هێزەکانی حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی شنگال و بەعاج، لەو رێگەیەوە خۆیان گەیاندە سەر سنووری سووریا، چاودێران پێیانوایە بە گەیشتنی حەشد (کە بەشێکیان ئێران پشتگیرییان دەکات) ئیدی هیلالی شیعی تەواو بووە.

خال عەلی فەرماندەی کەتائیب لالش کە سەر بە حەشدی شەعبییە لە شنگال بە (رووداو)ی گوت: "هێزەکانی ئەمریکا بە هاوکاریی سوپای عێراق هاتوونەتە ئەم ناوچەیە، ئەوەی ئێمە ئاگادارین دەڵێن لە چیای شنگال و ناوچەی قائیمی سەر بە بەعاج جێگیردەبن".

> هێزەکەی ئەمریکا داوایان کرد لەگەڵیان کۆبمەوە
>
> فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی

ئەو فەرماندەیەی حەشدی شەعبی کە کوردێکی ئێزدییە، پێیوایە هێزە ئەمریکییەکە نیازی مانەوەی هەیە و دەڵێت "وەرگێڕێکی ئەوان پەیوەندی بە منەوە کرد و گوتی دەمانەوێ تۆ ببینین، بەڵام تاوەکو ئێستا نەچوومەتە لای ئەوان، پەیوەندیم بە سەرووی خۆمەوە کردووە و چاوەڕێی وەڵامی ئەوانم".

فەرماندەیەکی دیکەی حەشدی شەعبی لە شنگال کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی: "ئێستا گروپێکی حەشدی شەعبی کە ئێران پاڵپشتییان دەکات، لە ناوچەی بەعاجن، ئەو هێزەی ئەمریکا بە ئاشکرا رێگری لە هاتوچۆی ئەو هێزە دەکەن و لە داهاتوودا لەو ناوچەیە دەریاندەکەن".

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال، هاتنی ئەو هێزە لە بەرژەوەندی ناوچەکەدا دەبینێ و دەڵێت: "ئارامی بۆ ناوچەکە دەگەڕێنێتەوە و ئومێدی گەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگالیش زیاتر دەکات".

خەلەف ئیلیاس کوردێکی ئێزدییە، لە دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014 ئاوارەی شاری دهۆک بووە و لە کەمپی شاریا دەژی، دەڵێت: "من خەڵکی سنونێم، ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت ئاوارەم، ناوێرم بگەڕێمەوە، چونکە متمانەمان بە هیچ هێزێکی کوردی و عێراقی نییە بمانپارێزێت، تەنیا باوەڕمان بە هێزێکی نێودەوڵەتی هەیە بتوانێ ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکەمان دابین بکات". خەلەف ئەگەر دڵنیا بێ ئەو هێزەی ئەمریکا لەوێ دەمێنێتەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە زێدی خۆی.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (508) – دووشەممە 2018/6/4



## فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ڕێبوار تاڵەبانی دەردەچێ

**ڕووداو – هەولێر**

دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەرکرد. بەگوێرەی نووسراوەکەی دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک، بەپێی ماددەی 331 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنەکە بۆ ڕێبوارتاڵەبانی دەرچووە؟ دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک داوای لە هێزە ئەمنییەکان و پۆلیس کردووە بڕیارەکە جێبەجێبکەن.

ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوەیەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی کرد، کە تێیدا بڕیاردرا پارێزگای کەرکووک بەشداری گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بکات و دواتریش خەڵکی کەرکووک لە گشتپرسییەکەدا دەنگیان دا.

# 30ی ئەیلوولی داهاتوو دوو هەڵبژاردن پێکەوە بەڕێوەدەچن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

سکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ هاوڕاییەک لە نێو ئەنجوومەنی پارێزگاکان و فراکسیۆنەکان دروستبووە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکەوە بکرێن. ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئەوە بە قورس نابینێ، ئەگەر حکومەت و کۆمسیۆن بگەنە ڕێککەوتن لەوبارەیەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە قسەی نوێ دەکات.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت، پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە ڕۆژی 30ی ئەیلوولی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ، داوای لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش کرد ئامادەکاری بۆ ئەو هەڵبژاردنە بکەن. بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆژی 24ی ئەم مانگە تەمەنی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کۆتایی دێ، ئەنجوومەنی پارێزگاکان داوا دەکەن هەڵبژاردنەکەی ئەوانیش گرێ بدرێ بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە.

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، باسی یاسای ژمارە چواری ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکات و بەپشتبەستن بە یاساکە پێیوایە ئەگەر لە 24ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەکرا، ئەوە ئەنجوومەنەکان دەتوانن بەردەوام بن تا ئەوکاتەی هەڵبژاردن دەکرێ، چونکە ئەنجوومەن و پارێزگار پێکەوە ڕۆڵیان کۆتایی دێت و ئەوکات قەیرانی ئیدارەدان لە پارێزگاکان دروستدەبێ و حکومەتە خۆجێییەکان لەکاردەکەون.

ڕۆژی 26ی مانگی ئاداری ئەمساڵ، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان کرد و داوای کرد هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بخرێتە پاڵ هەڵبژارنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام پێش ئەوان ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک هەمان داواکاری پێشکەش کردبوو. چونکە ئەوان پێیانوایە زۆربوونی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەو کێشە و ململانێیانەی بە دوای هەڵبژاردنەکاندا دێن، خەڵکیان بە تەواوی شەکەت کردووە.

> **پێمانباشە هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوە بکرێن**
> کۆمیسیۆن

مەهدی مەحموود، سکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێ هێشتا وەڵامی نووسراوەکەیان نەدراوەتەوە، لەو بڕوایەشدایە ئەگەر ڕۆژی 30ی مانگی ئەیلوول جێگیر نەکرا، کێشەی دیکەی بەدوادادێت و "لەوانەیە بۆ ساڵێک یان دوو ساڵ هەڵبژاردن دوابخرێ". بەڵام هەر دواخستنێکی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، سلێمانی دەئاڵۆزێنێتەوە بەوپێیەی ڕێککەوتنێکی سیاسی دوو ساڵ بە دووساڵ لەسەر پۆستی پارێزگار کراوە لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا و دوو ساڵی هەردوولاش کۆتایی هاتووە.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت لارییان لەوە نییە هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوە بکرێن، بەڵام گوتیشی: "ساختەکاری کارێکی کردووە، هەڵبژاردن نەکرێ باشترە، ئەگەر بشکرێ دەبێ پێشوەختە گەرەنتیمان دەستبکەوێ لەوەی بەدەردی ئەوەی پەرلەمانی عێراق ناچێ".

ڕۆژی 2017/12/28 سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی کۆبوونەوە و هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێ. بەڵام دواتر لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتن و پاشان ڕۆژی 30ی ئەیلوولی ئەمساڵ دەستنیشان کرا.



ڕۆژی 24ی ئەم مانگە تەمەنی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان تەواو دەبێت (فۆتۆ: ڕووداو)

تاوەکو ئێستا چوار خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوون، ئەوانیش خولەکانی 1992، 2009، 2015 و 2013. هەرچی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستانە، تاوەکو ئێستا دوو هەڵبژاردن کراوە، یەکەمیان لە 2005/1/31 و ئەوەی دیکەیان لە 2014/4/30. ئەوەی دووەمیان زیاتر لە مانگێکی خایاند تاوەکو کۆمسیۆن ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەی ڕاگەیاند.

بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 24 ئەم مانگە، واتە 20 ڕۆژی دیکە تەمەنی یاسایی ئەنجوومەنەکان کۆتایی دێت.

فرسەت سۆفی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕەتیدەکاتەوە کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە 24ی ئەم مانگە یان 30ی ئەیلوول نەکرا، ئەنجوومەنی پارێزگاکان بتوانن درێژە بەکاری خۆیان بدەن تاوەکو هەڵبژاردن دەکرێ، چونکە یاساکە تەنیا سێ مانگ دەرفەتی پێداون و دەبێ لەماوەی ئەو سێ مانگەدا هەڵبژاردن بکرێ، ئەگەرنا لەڕووی یاساییەوە پەکیان دەکەوێ.

فرسەت سۆفی دەڵێت "ئێمە داوامان کردووە هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوە بکرێن و ئێستا حکومەت و کۆمسیۆن بیر لەوە دەکەنەوە چۆن ڕێکبخرێن پێکەوە. ئێمە وەکو پارتی پێمانخۆشە هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوەبن و ئەوەندەی ئاگادارم، هەردوو هەڵبژاردنەکە بەیەکەوە دەکرێن".

موعتەمەد موسەوی، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند کە کۆمیسیۆن ڕۆژی 22ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵی دەستنیشان کردووە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

> **هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان پێکەوە دەکرێن**
> فرسەت سۆفی

دوای ئەوەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12 مانگی ڕابردوو کرا، هێشتا هیچ ئاسۆیەک دیار نییە کە لایەنەکان بتوانن پێکبێن لەسەر حکومەتی نوێ.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجوومەنی وەزیران وەریگرتوون، لە ڕۆژانی نزیکدا نێچیرڤان بارزانی جارێکی دیکە پەیامێک لە بارەی هەردوو هەڵبژاردنەکە بڵاودەکاتەوە "سەرەتا ڕاوێژ لەگەڵ کۆمسیۆن دەکەن، ئەگەر بزانن کۆمسیۆن پێڕادەگات و بڕە پارەیەکی زۆری ناوێ، ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەت، بەڕێوەچوونی هەردوو هەڵبژاردنەکە لە کۆتایی مانگی ئەیلوول ڕابگەیەنێ".

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان دەڵێ هیچ بەوان نەگەیشتووە لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە "تەنیا دهۆک نووسراوێکی ناردووە و وێنەی نووسراوەکە دراوەتە ئێمەش، کۆتایی ساڵی ڕابردوو، خۆشمان وەک کۆمسیۆن داوامانکرد هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوە بکرێن". شێروان زرار گوتیشی "ئەگەر وابڕیار بێت پێکەوە بکرێن، دەبێ حکومەت نووسراوێکمان بداتێ و داوا بکات".

# پارتی لە کەرکووک و سلێمانی و هەڵەبجە گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانیدا دەکات

> **کادیرانی پارتی پیرۆزبایم لێدەکەن**
> ئەشواق جاف

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستی بە ژمارەیەک گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانیدا لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و کەرکووک کردووە. وەک بەرپرسانی ئەو حیزبە باسی دەکەن، خودی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی گۆڕانکارییەکان دەکات و بە بەرپرسێکی حیزبەکەی ڕاگەیاندووە "کاتی ئەوەیە گەنجە چالاکەکان بەشێک لە پۆستە گرنگەکانی پارتیان پێبدرێ. بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە کەسی یەکەمی پارێزگاکان دەگۆڕدرێن".

لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکان لەلایەن بارزانییەوە کاریان لەسەر دەکرێ، بەشێک لە بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان زانیارییان لەبارەیەوە نییە، بەو پێیەی هێشتا لیستی کۆتایی و پاڵفتەکراو نەخراوەتە بەردەستی مەکتەبی سیاسی، بەڵام بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرکردایەتی سلێمانی دەڵێ "ئێمە دەزانین کە بارزانی زۆر بە جددی دەستی بەو گۆڕانکارییانە کردووە و لەکاتی ڕاگەیاندنی ناوەکاندا، گۆڕانکارییەکان هەواڵی شۆکهێنەریشیان تێدایە".

ئەو بەرپرسەی پارتی لە سلێمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەتیکردەوە پرسەکە پەیوەندی بە ئەنجامی دەنگەکانی پارتی هەبێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، چونکە وەک ئەو باسی دەکات، قسە و باسی گۆڕانکاری ساڵانێکە لەناو پارتی هەیە، بەڵام شەڕی داعش و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و هەڵبژاردنەکان دەرفەتی ئەوەیان نەداوە "ئێستا پارتی پێیوایە دەرفەتی گونجاو هەیە، چونکە گلەیی کادر و ئەندامان و لایەنگرانی پارتی گوێیان لێدەگیرێ و لە هەمانکاتیشدا، هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە پێشمانەوەیە، پێشبینی دەکەین لە ماوەی مانگێکدا گۆڕانکارییەکان بڕیاریان لەسەر بدرێ".



مەسعود بارزانی خۆی سەرپەرشتی گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانی پارتیدا دەکات (فۆتۆ: ڕووداو)

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی 1946 لەلایەن مستەفا بارزانییەوە دامەزراوە. تاوەکو ئێستا 13 کۆنگرەی کردووە. بەڵام دوو ساڵ بەسەر ماوەی بەستنی کۆنگرەی 14دا تێپەڕیوە. ساڵی 1974 بە تاڵترین و قورسترین ساڵی مێژووی ئەو حیزبە دادەنرێ، کاتێک ڕێککەوتنی سێ قۆڵی ناسراو بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر، گەمارۆیەکی گورچکبڕی ڕووبەڕووی شۆڕشی کورد کردەوە و ناونرا ساڵی نسکۆی شۆڕش.

عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی دەڵێ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پلانێک هەبوو ئاڵوگۆڕی هەندێک بەرپرسی لق و مەکتەبەکان بکرێ، بەڵام دەرفەت نەبوو "بەم نزیکانە هەواڵی گۆڕانکارییەکان دەگات و هەموو بڕیارەکانیش بە هەماهەنگی نێوان مەکتەبی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسییە و هیچ ناوێک لەلایەن سەرکردایەتی پارێزگاکان و بەرپرسی لقەکانەوە پێشنیاز نەکراوە".

عەتا شێخ حوسێن خواستی حیزبەکەی بۆ گۆڕانکاریی دەبەستێتەوە بەدرووشمی نوێبوونەوە کە لە کۆنگرەی 13دا بووە یەکێک لە دروشمەکانی ئەو حیزبە. بەڵام نوێبوونەوەی ئەوجارەی پارتی بەلای بارزانییەوە دەرکەوتنی ڕووخساری ژمارەیەک گەنجە لەسەر کورسی لق و مەکتەبەکانی پارتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و کەرکووک.

بەسام عەلی، یەکێکە لەو ناوانەی لە بەردەستی بارزانی دایە بۆ وەرگرتنی پۆستی بەرپرسیارێتی لقی 12ی و ماستەری لە یاسادا هەیە، پێشتر لە ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتیدا کاری کردووە. ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەویش تەنیا بیستوویەتی و بە فەرمی هیچ پەیوەندییەکی پێوەنەکراوە "تاوەکو ئەوکاتەی مەکتەبی سیاسی پارتی بە ڕاگەیێندراوی فەرمی ئەو هەواڵانە ڕادەگەیێنێ، تەنیا هەواڵن و پشتیان پێنابەسترێ". هەروەها ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق کە چاوەڕواندەکرێ ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی، دەڵێ ئاگادار نییە "بەڵام هەندێک لە کادرانی پارتی پەیوەندیم پێوە دەکەن و پیرۆزبایم لێدەکەن".

> **ئێستا دەرفەتم هەیە گۆڕانکاری لەنێو پارتیدا بکەم**
> بارزانی

پارتی دیموکراتی کوردستان، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەتەوە لەبارەی خۆنەگونجاندن لەگەڵ ڕووداوە نوێیەکان و دوورکەوتنەوە لە گەنجان و بوونی کەسانێکی بێتوانا لە نێو پۆستە باڵاکانی ئەو حیزبەدا. دەنگی ئەو ڕەخنانە زۆرتر لە سلێمانییەوە بوون، بەو پێیەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگەی جەماوەریی لە سلێمانی دادەکشێ.

ساڵی 2016 پارتی، ئەدهەم بارزانی وەک بەرپرسی یەکەمی سەرکردایەتی پارتی ناردە سلێمانی. بەهاتنی ئەو چەند گۆڕانکارییەک بچووک لەنێو لقی چواری پارتی و مەکتەبەکاندا کران، بەڵام ئەوە تینوێتی ئەو کادر و ئەندامانەی حیزبەکەی نەشکاند کە پێیانوایە پارتی لە سلێمانی پێویستی بە نوێبوونەوە و هەڵکردن هەیە لەگەڵ ڕۆژگاری نوێدا.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی 2014 زیاتر لە 94 هەزار دەنگی لە پارێزگای سلێمانی بەدەستهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12ی ئایاری ڕابردوو، نزیکەی 50 هەزار دەنگی کەم بووەتەوە، هەرچەندە بەرپرسانی پارتی دەڵێن ساختەکاریی هۆکاری کەمبوونەوەی دەنگەکانیانە نەک شتێکی دیکە تاوەکو گۆڕانکاریی لەسەر ئەوبنەمایە بکرێ. بەڵام بەرپرسێکی پارتی دەڵێ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە نزیکەوە بارزانی بینیوە و هەر ئەوکات پێیڕاگەیاندووە بە چڕی سەرقاڵی گۆڕانکارییە لە نێو پارتیدا.

ئەو بەرپرسەی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "کاک مەسعود گوتی پێشتر ڕاستە زۆر باسی گۆڕانکاریی کراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرقاڵی ئیشوکارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بووم، دەرفەتی ئەوەم نەبووە گۆڕانکاریی باش بکەین، ئێستا من ئەو پۆستەم نەماوە و خۆم دەزانم چۆن گۆڕانکاریی دەکەین و خەڵکانی بەتوانا و گەنج دەبەینە پێشەوە بۆ نێو پۆستەکانی پارتی"، گوتیشی: "بەشێک لەو ناوانەی لە بەردەستی کاک مەسعودە، تەنانەت هێشتا بۆ مەکتەبی سیاسیش نەزانراون، بەڵام کاتێک تەواو بوو، دەخرێتە بەردەستی مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ و بارزانی زۆر جددییە لەوەی گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەک بن بەرهەمەکەی بە خێرایی دەربکەوێ و پارتی لە نێو خەڵک و جەماوەر و ئەندامان و لایەنگرانیدا گوڕوتینی باشتر پەیدا بکاتەوە".

### گۆڕانکارییەکانی پارتی چین؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە چەند بەرپرسێکی پارتییەوە دەستیکەوتووە، لە جێگای ئەدهەم بارزانی، عارف تەیفوور، ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەکرێتە بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی. ئالان حەمە سەعید، لە جێگای سەعید سەلیم، دەکرێتە بەرپرسی لقی چواری پارتی. بەسام عەلی، لە جێگای فازڵ بەشارەتی، دەکرێتە بەرپرسی لقی 12ی پارتی. شاخەوان عەبدوڵڵا، دەکرێتە بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک. دلێر حەمە کەریم، دەکرێتە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لەسلێمانی. ئەشواق جاف، دەکرێتە بەرپرسی ئیدارە و دارایی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی.

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە (508) - دووشەممە 2018/6/4




## پەرلەمانی کوردستان بۆ پڕۆژەیاسای چاکسازی کۆدەبێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

سـكرتێری پەرلەمانی كوردسـتان ڕایگەیاند ، لەم هەفتەیەدا پەرلەمانی كوردسـتان كۆدەبێتەوە یەكێك لە تەوەرەكانی كۆبوونەوەكەش تایبەت دەبێت بە "پڕۆژەیاسای چاكسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەكان". بێگەرد تاڵەبانی، سكرتێری پەرلەمانی كوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "سبەی دووشەممە بەرنامەی كاری دانیشتنی پەرلەمان و بانگهێشتكردنی پەرلەمانتاران ڕادەگەیەنین. لەم هەفتەیەشدا كۆبوونەوەی پەرلەمانی كوردستان بەڕێوەدەچێت و پڕۆژەیاسای چاكسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەكان لە بەرنامەی كاردا دەبێت". لە پڕۆژە یاسای چاكسازی لەخانەنشینی و مووچە و دەرماڵەكان ئەوەی بۆچوونی فراكسیۆنەكانی لەسەر جیاوازە ماددەكانی 3 و 8 و 11 یە كە خۆی لە پرسی خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەكان، خۆی دەبینێتەوە.

**لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە**

# 391 خێزانی عەرەب و تورکمان فۆڕمی خۆراکیان گواستووەتەوە کەرکووک

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

هەندێ بەڵگـە وای دەردەخەن كە لە دوای 16ی ئۆكتۆبەرەوە دەسـت بـە قۆناغێكی دیكەی گۆڕینی دیمۆگرافیـای كەركوك كرابێت. تەنیا لەو ماوەیەدا 391 خێزانی عەرەب و توركمانی پارێزگاكانی دیكە، فۆڕمی خۆراكیان گواستووەتەوە بۆ كەركوك.

باڵادەسـتبوونی لایەنـە سیاسییە عەرەبی و توركمانییـەكان لـە كەركـووك لـە دوای 16ی ئۆكتۆبـەرەوە دەرفەتـی ئـەوەی ڕەخسـاندووە كە بەبەرچاوی لایەنی كوردییەوە دیمۆگرافیای كەركوك دەستكاری بكەن.

ڕاكان سـەعید كـە لـەدوای 16ی ئۆكتۆبەرەوە كراوەتە پارێزگاری كەركـوك بە وەكالەت، كۆتایی مانگـی ڕابردوو بە نووسـراوی ژمـارە 4584 واژۆی لەسەر گواسـتنەوەی فۆڕمی خۆراكی 20 خێزان لە پارێزگاكانی سەڵاحەدین و دیالەوە بۆ سەر پارێزگای كەركوك كردووە. مانگی پێشووتریش بە نووسراوی ژمـارە 4532 واژۆی لەسـەر گواسـتنەوەی فۆڕمی خۆراكی 371 خێزان لە ئەنبار و سەلاحەددینەوە بۆ كەركوك كردبوو. بەپێی زانیارییەكانی (ڕووداو) ئەو خێزانانە بەبێ پشتگیریی نیشتەجێبوون، فۆڕمەكەیان گواستووەتەوە و ناویان لە بەڕێوەبەرایەتی كاروباری نیشتەجێبوون تۆمار كراوە.

كـورد كـە لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمی سـەددام حوسـێنەوە لە ساڵی 2003 حاكمی یەكەمی شاری كەركـووك بووە، لـەدوای 16ی ئۆكتۆبـەرەوە هیچ دەسەڵاتێكی بەسەر بڕیارەكانی شـارەكەدا نەماوە، چونكـە چەندین پۆسـتی گرنگی وەكـو پارێزگاری كەركووك، سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا، قائیمقامی ناوەنـدی كەركـووك، بەڕێوەبـەری كشـتوكاڵ و بەڕێوەبەری كاروباری نیشتەجێكردنی لەدەستداوە. ئەمەش دەرفەتی بە قایمقامە توركمانەكەی كەركوك و پارێزگارە عەرەبەكە داوە كە ڕێگە بە نیشتەجێبوونی سەدان خێزانی ئاوارەی حەویجە و تەلعەفەر بدەن لە كەمپەكانی لەیلان و داقووقەوە بێن و لە سـەنتەری شار نیشتەجێ ببن، تەنانەت هەندێك لەوانە فۆڕمی خۆراكیشیان گواستووەتەوە بۆ كەركووك.

ڕاكان سـەعید، پارێزگاری كەركوك بە وەكالەت بـە (ڕووداو)ی گـوت: "هیچ پرۆسـەیەكی گۆڕینی دیمۆگرافی لە كەركوك لەئارادا نییە، تەنیا پێویستە بـە مرۆڤانە بیر لە بابەتەكان بكرێتـەوە. كەركوك شارێكی فراوانە و جێگای هەمووبمان دەبێتەوە، ئەو ئاوارانەی كە هاتوونەتە كەركوك و نیشتەجێ بوون، لە ناوچەكانی خۆیان هیچیان نەماوە و لە ڕەوشێكی خراپـدان. ڕێگـەدان بە مانەوەیان لـە كەركووك لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییە، دواتر ئێمە زەویمان بە كەس نەداوە و خۆیان خانوو و زەوییان كڕیوە".

سـەبارەت بە گواسـتنەوەی فۆڕمی خۆراكی ئەو ئاوارانە بۆ كەركووك، ڕاكان سەعید گوتی: "ئەوان لە ڕەوشێكی خراپدان، بۆ ئەوەی ڕەوشیان لەوە خراپتر نەبـێ، ڕێگەمان بە گواسـتنەوەی فۆڕمی خۆراكیان داوە، لەبەر ئەوەی ناوێرن لە ناوچەكانی خۆیان بەشە خۆراكی مانگانە وەربگرن".

ڕاكان سـەعید لەبـارەی نیگەرانیـی حیزبـە كوردییەكان كە پێیانوایە ئەوە گۆڕینی دیمۆگرافیای كەركووكـە، گوتـی: "نازانم بۆ ترسـیان لەو بابەتە هەیە، لەدوای 2003 وە خەڵكی كورد دەگەڕێنەوە بۆ كەركوك و ترسمان لێیان نەبوو، بەڵام ئێستا حیزبە كوردییـەكان هەڵایان ناوەتـەوە و دەیانەوێ ڕێگری بكـەن لە خزمەتكردنـی خەڵك، ئێمە لـە ئیدارەی كەركوك دەڵێین كەركووك بۆ هەمووانە و هەمووبمان پێكـەوە تێیدا دەژین جـا هەر كەس و لایەنێك هەر ناوێك لەم كارە دەنێین ئارەزووی خۆیانە، ئێمە بەو كارە دەڵێیـن خزمەتكـردن و بەردەوامیـش دەبین لەسـەری و بە قسەی كەسیش دەست لەم پرۆسەی خزمەتكردنە هەڵناگرین".

بـۆ سەرخسـتنی هەنگاوەكانـی پارێـزگاری كەركـووك، قائیمقامیەتی كەركوك كە ئێسـتا بە دەسـت توركمانێكەوەیـە، ڕێنمایـی دەركـردووە و بەبـێ ڕەزامەندی پۆلیس و هەواڵگری، پشـتگیری نیشـتەجێبوون بەو عەرەب و توركمانانە دەدات كە دەیانەوێ لە كەركوك نیشتەجێ ببن.

فـەلاح یایچی كـە لـەدوای 16ی ئۆكتۆبـەرەوە كراوەتە قائیمقامی كەركووك، بە نووسـراوی فەرمی ئاگاداری هەموو موختارەكانی كردووەتەوە كە بەبێ واژووی بنكەكانی پۆلیس و گەڕانەوە بۆ قائیمقامیەتی شـارەكە، پشتگیری نیشـتەجێبوون بۆ ئاوارەكانی دەستی داعش بكەن.



خێزانە عەرەب و توركمانەكانی دەرەوەی كەركووك بەبێ پشتگیریی نیشتەجێبوون فۆڕمی خۆراكیان دەگوازنەوە شارەكە (فۆتۆ: ڕووداو)

> **كەركووك شارێكی فراوانە و جێگای هەمووبمان دەبێتەوە**
> پارێزگاری كەركووك بە وەكالەت

عەلـی موفتی، گوتەبێژی پارتـی توركمان ئیلی بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد: "یەكپارچەیی عێراق واتای ئەوەیە كـە عێراق ماڵی هەمـوو عێراقییەكانە، بەو پێیـەی كەركووك عێراقێكی بچووكـە مافی هەموو كەسـێكە تێیـدا بژی، ئـەو بڕیارەی فـەلاح یایچی دەریكردووە سـەرپێچی یاسا نییە، ئێستا كەركوك جێـگای پێكهاتەكانە و ئارامیی شـارەكە و پێكەوە ژیانی نێوانیان وێنەی ڕاستەقینەی كەركووكە".

حیزبـە كوردسـتانییەكان دەڵێن ئـاگاداری ئەو هەوڵانـەی پارێـزگارە بـە وەكالەتەكـەی كەركووك و قائیمقامـن، بەڵام تاوەكو ئێسـتا هەڵوێسـتێكی یەكگرتوویان نییە و هەریەكەیان بەو شێوازەی خۆی مەبەسـتیەتی، ناڕەزایی بەرامبەر ئەو هەوڵە نیشان دەدات. شاندێكی یەكێتی بەتەنیا سەردانی پارێزگاری كەركووكیان كرد و بۆ ئاساییكردنەوەی دۆخی شارەكە پێنج داواكارییان خستە ڕوو، بەڵێنی زارەكی ڕاگرتنی ئەو پرۆسەیەشیان وەرگرتبوو، بەڵام دوای سەردانەكە بـە چەند ڕۆژێك، پارێزگاری بە وەكالەتی كەركووك كەمپی داقووقی بەتەواوەتی هەڵوەشاندەوە و هەموو ئاوارەكانی دەركرد، بەشێكیانی بۆ ناوچەكانی خۆیان ناردەوە و بەشێكیشی ئازادكردن كە هەر ناوچەیەك بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژێرن.

شـاندەكەی یەكێتی كە لە جێگری لێپرسـراوی مەڵبەنـد و چەند كاندیدێكی دەرچـووی پەرلەمانی عێـراق پێكهاتبوون، ماوەی كاتژێرێـك لەگەڵ ڕاكان سـەعید كۆبوونەوە و دوای كۆبوونەوەكە داوایان لە حیزبە كوردییەكان كرد لەسـەر ئەو پرسە بە جدی بێنە سەر خەت.

ڕەوەنـد مـەلا مەحمـوود، جێگـری بەرپرسـی مەڵبەنـدی دووی یەكێتی بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بە ڕاشـكاوی بە ڕاكان سەعیدمان گوت، لە لادان و گۆڕینی بەرپرسـانی كورد زۆر بێدەنگ بووین، بەڵام لەوە زیاتر ڕێگە نادەین بەبێ پرسی ئێمە و گەڕانەوە بۆ یەكێتی، پۆستی هیچ بەرپرسێكی كورد بە عەرەب یان توركمان پڕ بكەنەوە".

ڕەوەند مەلا مەحموود ئاماژەی بەوەدا كە لەبارەی گواسـتنەوەی فۆڕمی خۆراكی عـەرەب و توركمانی شـوێنەكانی دیكـە بۆ كەركـووك، پرسـیاریان لە پارێزگاری كەركوك بە وەكالەت كردووە، بەڵام ئەو ڕەتیكردووەتەوە كاری لەو شێوەیەی كردبێ و داوای بەڵگەی لە شاندەكەی یەكێتی كردبوو.

ڕەوەند مەلا مەحموود وەك ئاماژەیەك بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان دەڵێت: "سەرگرتنی هەر پلان و كارێكـی عـەرەب و توركمانەكان لـە دژی كورد، ئۆباڵەكەی لە ئەسـتۆی ئەو بەرپرسە كوردانەیە كە شار و پۆستەكانیان جێهێشت و ئێستاش ئامادەنین بێنەوە كەركووك و كاربكەن بۆ لادانی ئەو پارێزگارە و ڕێگری لەو پلانانەی دژ بە كورد جێبەجێ دەكرێ. ئێمە ترسـی پیلانی گەورەترمان هەیە لەبەر ئەوەی سـەرۆكی ئەنجوومەن و پارێزگاریش لەدەست كورد نییە".

ڕەوەند مەلا مەحموود بەپێویستی دەزانێ هەرچی زووە كورد پۆسـتەكانی لە كەركوك پڕ بكاتەوە و دەڵێت: "لەكاتی دەرچوونمان لە كۆبوونەوەكە، ڕاكان سـەعید پێیگوتین، من بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنـەران و دەچمـە بەغدا، بەڵام ئێـوە تاوەكو بەو شێوەیە پەرتەوازە بن و نەتوانن پارێزگارێك دابنێن، حاڵتان لەمەی ئێستا باشتر نابێ".

**كەركووك..**

# كورد داوا دەكەن لە گفتوگۆی پێكهێنانی حكومەتدا گەڕانەوەی پێشمەرگە بكرێتە مەرج

**سروە ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هـەژار نـووری، دانیشـتووی گەڕەكێكی شـاری كەركووكە و دوای 16ی ئۆكتۆبەر ئاوارەی هەولێر بوو. پاش ماوەیەك گەڕایەوە شارەكەی خۆی، بەڵام هەست بە تـرس و نائارامی دەكات و دەڵێت: "هیچ هێزێكی كـوردی لێرە نییە ئێمە بپارێزێت، ئێسـتا ئێمە وەك میوانمان لێهاتووە، هەسـت بە ئارامی و سەقامگیری ناكەین، ئەگەر سبەی ئەو هێزەی لێرەیە بیانوویەك بە ئێمە بگرێت كێ هەیە لەسەرمان بێتە قسە؟".

كشـانەوەی پێشـمەرگە لە كەركـووك و چوونی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ ئەوێ، ناوچەكەی بە نائارامی سپارد، تاوەكو ئێستاش هیچ بڕیارێك نییە بۆ گەڕانەوەی پێشـمەرگە، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە ئومێـد دەكات گەڕانـەوەی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ كەركووك بخرێتە دانوستاندنی پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراقەوە.

ترس و بیم لەو هێزانەی لە دوای 16ی ئۆكتۆبەرەوە هاتنە ناوچەكە، حەوت كەسایەتی و بەرپرسی قەزای خورماتـووی ناچار كرد پەنا بـۆ مەرجەعیەتی باڵای شـیعە لە نەجەف ببەن. دوای سـەردانەكەی ئەوان، هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا لە چەندین شوێن جێگیر كران.

محەممەد فایەق، بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی قـەزای دووز كـە یەكێك بوو لەو حەوت كەسـە، بە (ڕووداو)ی گـوت: "لە سـەردانەكەماندا داوامان كرد هێزێكـی بێلایەن بنێرنـە ناوچەكەمـان و ئارامی بۆ شارەكە بگەڕێتەوە، ئەوانیش هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرایـان نـارد و ئێسـتا لـە زۆربـەی ناوچـەكان جێگیركراون".

بەپێـی ئامـاری قایمقامیەتی قـەزای خورماتوو، هەفتـەی ڕابـردوو نزیكـەی 70 خێزانـی ئـاوارە گەڕاونەتەوە شـارۆچكەكە. هەر بەپێی ئاماری ئەوان لەدوای 16ی ئۆكتۆبـەرەوە 251 ماڵ و 300 دووكان سـووتێنراون و 76 خانـوو تەقێندراونەتەوە و 2000 ماڵیش تاڵانكراون.

> **هیچ كێشەمان لەگەڵ گەڕانەوەی پێشمەرگە نییە**
> هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا

محەممـەد فایەق دەڵێـت: "زانیاری هەیـە دوای پێكهێنانـی كابینەی نوێی حكومەتـی عێراق، هێزی پێشـمەرگە و پۆلیسـی فیدراڵـی بگەڕێنـەوە ئـەم ناوچانە".

هەندێك لە حیزبە كوردسـتانییەكان گەڕاونەتەوە كەركوك و ناوچەكانی دیكە بەڵام بە مەرج، لەوانەش نابێ هیچ بارەگایەك لە شەش پاسەوان زیاتری هەبێ، پێویسـتە ژمارە و جۆری چەكەكانیشـیان تۆماركراو بێت.

هاووڵاتیانـی دەرەوەی شـار و شـارۆچكەكانی كەركـووك، حاڵیان لەوانەی ناو شـار باشـتر نییە، بەڵام ئەوان هەڕەشـەی هێزێكی جیاوازیان لەسـەرە، ئەویش پاشماوەكانی داعشە كە لە ڕۆژئاوای كەركوك چالاكـن. هەندێكیشـیان كەوتوونەتە بـەر هێرش و پەلاماری عەرەبی هاوردە. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر شەڕ لـە نێوان كورد و عەرەبە هاوردەكانی گوندی پەلكانە لە ڕۆژئاوای كەركـووك ڕوویدا، لەوێ عەرەبی هاوردە بە زەبری چەك دەسـتیان بەسـەر زەوی هاووڵاتیانی كورددا گرتووە.

فەرهـاد ئیسـماعیل كـە كوردێكی دانیشـتووی ناوچەكەیە بـە (ڕووداو)ی گوت: "سـەرەڕای ئەوەی هاتوون و زەویوزارمان داگیر دەكەن، سووكایەتیشمان پێ دەكەن، ئەوانەی هاتنە سـەرمان چەكیان پێبوو، بەڵام ئەفسەرێكی عێراقی هات و پشتگیری كردن".

بە گوتەی خەڵكی گوندەكە، زیاتر لە 80 خێزانی عەرەبی هاوردە هاتوونەتە سنووری ئەو گوندە.

ڕێبوار تەها، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "ئەم دۆسیە پەیوەندی بەكێشەكانی ماددەی 140ـەوە هەیـە، دادگا ناتوانێـت نێوانگیـری بكات، بەڵام بەهۆی بوونی هێزێكی عەرەب لەو ناوچەیە ئەو عەرەبانە دێن و هێرش دەكەنە سەر ماڵە كوردەكان، چارەسەر ئەوەیە لە دانوستاندنی پێكهێنانی حكومەتی نـوێ، كـورد پێداگیـری بـكات لەسـەر هاتنـەوەی پێشمەرگە بۆ ئەم سنوورە".

بەڵام حەشـدی شـەعبی هەموو ئـەو دەنگۆیانە ڕەتدەكاتەوە كە هەڕەشە لە هاووڵاتیانی كورد كرابێ. سـەید عەلی هاشمی، گوتەبێژی حەشدی شەعبی لە میحـوەری باكووری خورماتوو بـە (ڕووداو)ی گوت: "لـەدوای 16ی ئۆكتۆبەرەوە تائەمڕۆ بارودۆخ زۆر زۆر باشـە و باری ئەمنی ئارامە، هیچ كەس لە سـەرووی یاساوە نییە و پەیوەندی نەتەوەكان لە ناوچەكە زۆر ئاسایی و برایانەیە".

گوتیشـی: "ئەوانـەی ئاوارەبـوون زۆربەیـان گەڕاونەتـەوە، تەنیا ئەوانە نەبێ كە لەلایەن یاسـاوە داواكراون".

هێـزی بەرپرچەدانەوەی خێرا هیچ كێشـەیەك لە گەڕانـەوەی هێزی پێشـمەرگەدا نابینـن و پێیانوایە گەڕانەوەیان پەیوەسـتە بە ڕێككەوتی نێوان بەغدا و هەولێر.

لیـوا سـامر محەممـەد، بەرپرسـی فیرقـەی بەرپەرچدانەوەی خێرا بـە (ڕووداو)ی گوت: "هەموو نەتـەوە و ئاینەكان بەیەك چاو سـەیر دەكرێن، هیچ كێشـەیەك لە نێوانیاندا نییە، هەر كەسـێك زیان بە بەرامبەرەكەی بگەینێ لە هەر نەتەوە و ئاینێك بێت، ڕووبەڕووی یاسا دەكرێتەوە".

ئەو بەرپرسـەی هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا لە ڕێگـەی ڕووداوەوە داوای لە ئاوارەكان كرد بگەڕێنەوە ناوچەكانیان، چونكە بە گوتەی ئەو، یاسا سەروەرە و هەر بەو هۆیەشـەوە 90%ی ئاوارەكان گەڕاونەتەوە ناوچەكانیان.



(فۆتۆ: AFP)

> **هەفتەی ڕابردوو نزیكەی 70 خێزانی ئاوارە گەڕاونەتەوە خورماتوو**

سـەبارەت بـە گەڕانـەوەی هێـزی پێشـمەرگە، لیوا سـامر گوتـی: "گەڕانـەوەی پێشـمەرگە بەندە بـە ڕێككەوتنـی نێوان بەغـدا و هەولێـر، ئێمە هیچ كێشـەیەكمان لە گەڕانەوەیان نییە، ئەگەر ڕێككەوتن كرا ئێمە پێشوازی لێدەكەین".

بـەڵام هاوپەیمانیـی نەسـر بـە سـەرۆكایەتی حەیدەر عەبادی گەڕانەوەی پێشـمەرگە بۆ كەركوك ڕەتدەكاتەوە. نازم ساعدی، سەركردە لە هاوپەیمانی نەسـر بە سـەرۆكایەتی حەیـدەر عەبـادی پێیوایە: "كۆنترۆڵكردنی ئەو ناوچانە لەلایەن سوپای عێراقەوە باشـترین چارەسـەرە، تاوەكو ماددەی 140 لەبارەی ناوچەكە یەكلایی دەبێتەوە. پێشـمەرگە لەو ناوچانە پێشـێلكاریی زۆری كردووە، بۆیە خەڵك گەڕانەوەی سەرلەنوێی پێشمەرگە ڕەتدەكەنەوە".

وەزارەتی پێشـمەرگە ئومێدی بـە گەڕانەوەیە بۆ كەركـووك، بەڵام لـەدوای پێكهێنانی كابینەی نوێی حكومەتی عێراق.

جەبـار یـاوەر، ئەمینـداری گشـتیی وەزارەتـی پێشـمەرگە گوتـی: "پێویسـتە كـورد گەڕانـەوەی پێشـمەرگە بـۆ ناوچە ناكۆكـی لەسـەرەكان بكاتە مەرجێك لە گفتوگۆكانی پێكهێنانی حكومەتی نوێی عێراقدا".

## یان کۆبیش، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ (رووداو):

# مانگی تەمووز کارنامەی نوێی یۆنامی بۆ کەرکووک ئاشکرا دەکرێت



**یان کۆبیش، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دەڵێت سکاڵایەکی زۆریان لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەوە بۆ هاتووە و دەبێت کۆمیسیۆن ئەو سکاڵایانە یەکلا بکاتەوە. سەبارەت بە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش، کۆبیش لەو باوەڕەدایە کە هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت دوای پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن خێراتر دەبن و موقتەدا سەدریش رۆڵی دینامیکی لە پێکهێنانی حکومەتدا دەبینێ. یان کۆبیش کە سەرۆکی یۆنامیشە، لەم هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (رووداو) باسی مەسەلەی زیندووکردنەوەی مادەی 140ی دەستووری عێراقیش دەکات لە دوای نامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش کە داوا دەکات نەتەوەیەکگرتووەکان رۆڵی لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەی دەستووردا هەبێت.**

**هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەددین گلی**
**رووداو- نیویۆرک**

**رووداو: وا بزانم ئەمە یەکەمین هەڤپەیڤینتە دوای گشتپرسی و شکستی داعش. لەپاش دوایین هەڤپەیڤینمان لە ساڵی 2016 زۆر شت روویانداوە لە عێراق. پرۆسەی هەڵبژاردنتان پێ چۆن بوو؟**

**یان کۆبیش:** هەڵبژاردن هەنگاوێکی زۆر پێویست بوو. نەک تەنیا لەبەرئەوەی لە دەستووردا هاتووە. لە هەموو وڵاتێک، هەموو سەرکردە سیاسییەکان پێویستە رێز لە دەستوور و یاساکانی وڵاتەکەیان بگرن. لەهەمانکاتدا دوای تێکشکاندنی داعش، هەڵبژاردن هەنگاوێکی سرووشتی بوو بۆ زیاتر تۆکمەکردنی ئەو سەرکەوتنە. هەروەها بۆ رەخساندنی هەلومەرجی سیاسی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ کە وڵات بەرەو کاری پێکەوەیی ببات لە قۆناغی دوای داعش، ئاڵۆزییەکان بگۆڕێ بۆ چاکسازیی زۆر گرنگی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی.

**رووداو: ئەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان خۆی، تۆمەتی زۆری تەزویر هەیە و سکاڵا زۆرن؟**

**یان کۆبیش:** یەکەم: هەڵبژاردنەکە لەژێر چاودێری ئەمنیی ورددا بەڕێوەچوو. بیرمان نەچێت کە داعش هەڕەشەی تێکدانی هەڵبژاردنی دەکرد، بەڵام شکستی هێنا. خاڵی دووەم: ئامادەکاری زۆر کرابوو. سێیەم: هەڵبژاردن هەمیشە کێشەی هەیە. ئەمەش وەک بە یاسا چەسپاوە، ئیشی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنە بەدوای سکاڵاکاندا بچێ. ئێستاش سەرقاڵی ئەو کارەیە. لایەنەکان سکاڵایان هەیە، ئێمەش گلەیی زۆری لایەنەکانمان پێدەگات. ئەوان چاوەڕێی بڕیاری دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنن، چونکە ئەوە ئیشی ئەوانە کە بڕیار لە سکاڵاکان بدەن.

**رووداو: لە گوتارەکەتدا بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش تەرکیزت خستە سەر کەرکووک. هۆکارەکەی چی بوو؟ ئایا هەر ئەوە بوو کە سکاڵاکان لەوێ زیاتر بوون؟**

**یان کۆبیش:** وەک ئێوە و ئێمەش تێبینیمان کردووە. زۆر لایەنی سیاسیش هاتوونە لامان کە نارازین لە پرۆسەی دەنگدان و ئەنجامەکان. تێبینیشمان کردووە بارودۆخەکە هەستیارە. لە زۆر شوێنی وڵات لەکاتی دەنگدان کێشە پەیدا بووە. ئێمە ئەوە وەک نموونەیەک بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی سەرنجی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن رابکێشین کە پێوستە کارمەندەکانیان بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ و سەردەمیانە رابهێنن. هەروەها بەوپەڕی شەفافیەتەوە سکاڵا و گلەییەکان لەبەرچاو بگرێت. کەرکوک رەنگە پێگەیەکی تایبەتی هەبێت، با بیرمان نەچێت، ئەم هەڵبژاردنە تەواو بوو، بەڵام هەر لەم ساڵدا لە عێراق هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەڕێوەدەچێت. بۆ یەکەمجار، رەنگە دوای 13 ساڵ، لە کەرکووک هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا بەڕێوەبچێت. پێویستە دڵنیایی بدرێت لەوەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە متمانە بە هەڵبژاردن بکەن.

**رووداو: چەند لایەنێک لە بەغدا هەوڵی جدی دەدەن بۆ دووبارە ژماردنەوە، تەنانەت دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن، ئایا ئەم ئەگەرە لە ئارادایە؟ ئەمە هەنگاوێکی باشە؟**

**یان کۆبیش:** پێش هەموو شتێک، ئەم بابەتە دەبێ لەلایەن ئەو دەستەیەوە بڕیاری لەسەر بدرێت کە بەرپرسی هەڵبژاردنن. ئێمە وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵبژاردن بەڕێوەنابەین، ئێمە سەرپەرشتی ناکەین. ئێمە بەشێک نین لە پرۆسەی سکاڵاکان. ئێمە تەنیا ئەو کێشانە دەخەینە بەرچاوی بەرپرسان، بەڵام ئەوە ئیشی ئەوانە بڕیار بدەن کە دەبێ بەپێی دەستوور و یاساکانی وڵاتەکە بێت. لایەنەکان مافی خۆیانە گلەیی و نیگەرانییەکان بەرز بکەنەوە. بەڵام دیسان دەڵێم کە دەبێ بەپێی دەستوور و یاسا بێت و بە رێکارە ئاساییەکاندا تێپەڕێ و تێگەیشتنی روون هەبێت کە رێوشوێن و خشتەبەندی بۆ هەموو ئەو بابەتانە هەیە.

**رووداو: بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەڕێزتان و هەموو نوێنەری وڵاتان کە هەڵوێستیان دەربڕیوە، پیرۆزبایی لەم پرۆسەیە دەکەن. نیکی هایلی رایگەیاند کە هەمان ئەو هێزە ئەمنیانەی شەڕی داعشیان دەکرد، ئێستا سندوقەکانی دەنگدان دەپارێزن.. لەبەر ئەوەیە هەموو وڵاتان ئەم هەڵبژاردنە بە سەرکەوتن وەسف دەکەن. دەربارەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئێستا پرۆسەکە چۆن بەڕێوە دەچێت؟**

**یان کۆبیش:** دوای ئەوەی ئەنجامی کۆتایی رادەگەیەنرێت، دەست بە دانوستاندنی راستەقینەی پێکهێنانی حکومەت دەکرێت. ئێستا هەموو حیزب و لیست و قەوارە و هاوپەیمانییەکان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن. بیرۆکە و پێشنیاز دەگۆڕنەوە. لەوانە جۆر و پرەنسیپی ئەو حکومەتەیە کە چاوەڕێ دەکرێ پێکبهێنرێت. پێموایە ئەو ئاڵوگۆڕی بیرۆکانە هەنگاوێکی سرووشتییە. باوەڕم وایە کە پێویستە هەوڵ نەدرێ باز بەسەر قۆناغەکاندا بدرێت. بەلای منەوە تەواوکردنی یەکلاکردنەوەی سکاڵاکان هەنگاوێکی زۆر گرنگە. دوای ئەو هەنگاوە پێشبینی دەکەم زۆر بەخێرایی لایەنەکان دەست بە دانوستاندن بکەن. چونکە ئەوەی گرنگە لانیکەم لە روانگەی منەوە، بینینی پرۆسەیەکی دەستبەجێیە کە پێکهێنانی حکومەتی نوێی لێ بکەوێتەوە. وڵاتەکە ئەرکی زۆری لەبەردەمن، تەحەدی زۆری لەبەردەمن. رێژەیەکی زۆری خەڵک دەنگیان نەدا چونکە هەست بە نائومێدی دەکەن. لەهەمانکاتدا چاوەڕوانیشیان لە داهاتوو هەیە. تەنانەت ئەوانەش کە دەنگیان نەداوە ئاماژەی ئەوەمان بۆ دەنێرن کە دەیانەوێ ئێمە خەمی ئەو مەسەلانە بخۆین کە وەک دەگوترێ مەسەلەی زۆر بنەڕەتین و پەیوەندییان بە ئاسایش و ئابووری و رەوشی کۆمەڵایەتی خەڵکەوە هەیە. پێویستە بەزووترین کات حکومەت پێکبهێنرێ، بە بەرنامەیەکی باشەوە، حکومەتێک کە نوێنەرایەتی هەمووان بکات، سنووری پێکهاتەکان ببەزێنێت و هەمووان لەخۆی کۆبکاتەوە. زامنی بەرژەوەندی هەموو خەڵک بکات و چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە بەرچاو بگیرێن.

**موقتەدا سەدر رۆڵێکی زۆر دینامیکی لە پێکهێنانی حکومەتدا دەبینێ**

**رووداو: بەڕێزتان تاکە بەرپرس و دیپلۆماتکارن لە عێراق کە پەیوەندی راستەوخۆتان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەیە. لەو لایەنانەی کە نزیکی ئێرانن و هەروەها ئەو لایەنانەی کە وا دەبینرێت نزیکن لە ئەمریکا، لەوانەش موقتەدا سەدر کە براوەی ئەم هەڵبژاردنەیە. سەدرت پێ چۆنە؟ ئایا ئەو وەکو سەرکردە و کەسی سەرەکی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دەمێنێتەوە؟**

**یان کۆبیش:** راستییەکەی، ئەوە بۆچوونی من نییە، بەڵکو واقیعەکەیە، رێک دوای راگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن، بەڕێز موقتەدا سەدر بووە یەکەمی نێو لیستەکان، جیاوازیی نێوان سێ لیستە براوەکە زۆر نییە. بەڵام بینیمان سەدر دەستیکرد بە گفتوگۆ و چەند چالاکییەک لەگەڵ لایەنەکانی دیکە. سەردانی لایەنەکانی کرد یان بانگهێشتی کردن. لایەنەکانیش بانگهێشتەکەیان قبوڵ کرد. ئەوە پێمان دەڵێ لایەنەکان لەم قۆناغەدا، بەر لە راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی قبوڵیان کردووە کە بەڕێز موقتەدا سەدر هێزی پاڵنەرە. لایەنەکانی دیکەش بەهەمان شێوە هەمووان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن. بەڵام ئەگەر باسی واقیعی مەیدانی بکەم، بەڕێز موقتەدا سەدر رۆڵێکی زۆر دینامیکی دەبینێت.

**بەشداریی کورد لە حکومەت لەرادەبەدەر گرنگە**

**رووداو: بەشداری کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق تا چەند گرنگە؟**

**یان کۆبیش:** لەرادەبەدەر گرنگە، زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم لەکاتێکدا پرۆسەی یەکلاکردنەوەی سکاڵاکان بەڕێوەدەچێت، زۆربەی لایەنە سیاسییەکان تێدەگەن کە پاراستنی داهاتوو و فیدراڵی و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی، لەڕێی بەشداریی راستەوخۆیە لە پەرلەمانی بەغدا و بەشدارییە لە حکومەتی بەغدا. باوەڕم وایە ئەوە رێگەی دروستە. ئەوە پاڵی بە زۆر کەسەوە نا لە هەرێمی کوردستان کە بچن دەنگ بدەن سەرەڕای بێهیوایی دوای گشتپرسی. دەزانن کە رێگەی گەیشتن بە داهاتووێکی باش کارکردنە لەگەڵ بەغدا.

**رووداو: چەند سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی دەڵێن ئەمریکییەکان دەیانویست چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و جێبەجێکردنی ماددەی 140 ببێتە بەشێکی سەرەکی کاری بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق. دەزانم ئەوە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، بەڵام لەو باوەڕەدای کە بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان توانای هەیە ئەرکێکی ئاوا قورسی وەکو جێبەجێکردنی ماددەی 140 بگرێتە ئەستۆ؟**

**یان کۆبیش:** پێموایە بەڵێ، بەڕای من، بە پشتبەستن بە قسەکردن لەگەڵ لایەنەکان، جار بە جار رێژەیەک لە بێئومێدی لەلای لایەنەکان دروست دەبێت، بەڵام ئەوانیش لە رۆڵی ئێمە تێدەگەن و ئامادەن کارمان لەگەڵ بکەن. پێموایە ئێمە ئامادەین بۆ هەر کارێک. شتێکی باشە کە ئەوە لە کارنامەی ئێمەدا هەبێت. بەڵام ئەوە کاری ئەنجوومەنی ئاسایشە کە پێویستە لە کارنامەی نوێدا بە تەواوی ئاماژەی بۆ بکات، کارنامەی نوێ مانگی تەمووز ئامادە دەکرێت. ئێمە لە ئێستاوە چەند هەنگاوێکی ئامادەکاریمان ناوە، قسەمان لەگەڵ لایەنەکانی کەرکوک کردووە، بە هەموویانەوە، تەنانەت رێکخراوە مەدەنییەکانیش کە زۆرجار پشتگوێ دەخرێن. هەروەها گروپەکانی ژنان کە ئەوانیش زۆرجار پشتگوێ دەخرێن. ئێمە دەمانەوێ راستگۆبین لەگەڵ سیفەتی گشتگیری خۆمان. دەستمان بە گفتوگۆ کردووە بۆ هەڵسەنگاندنی هەستی لایەنەکان. کەواتە بەڵێ ئەوە مەبەستی ئێمەیە، ئەگەر لایەنەکانیش خوازیار بن. دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن ئێمە بەشداری زۆرترمان دەبێت لەگەڵ لایەنەکان لە کەرکووک و بەغدا و ناوچەکانی دیکە. بەو هیوایەین رۆڵمان هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی کەرکووک.

**گلەیی زۆری لایەنەکانمان لەبارەی هەڵبژاردنەوە پێدەگات**

**ئاگاداری نامەی هەرێمی کوردستانم بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش**

**رووداو: ئێستا ئەو بابەتە بۆ رەشنووسەکە زیاد کراوە؟ گفتوگۆ هەیە لەسەری؟**

**یان کۆبیش:** ناتوانم بە دڵنیاییەوە وابڵێم چونکە ئەوە ئیشی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشە، بەڵام پێشنیازی من بۆ ئەوان ئەوەیە ئەم بابەتە بە کراوەیی بهێڵنەوە و بیکەنە بەشێک لە کارنامەی ئێمە.

**رووداو: بەڵام بەگوێرەی پێشنیازی پێشووی ئەمریکییەکان و هەروەها پێشنیازێکی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە نامەیەک بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش نێردراوە، حکومەتی هەرێم داوای رۆڵی زیاتری یۆنامی دەکات و دەیەوێت بابەتی ماددەی 140 زەقبکرێتەوە. نەک هەر حکومەتی هەرێم بەڵکو لایەنی دیکەش دەیانەوێت نەتەوەیەکگرتووەکان رۆڵی زیاتری هەبێت. ئێوە چیتان پێدەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە ئاڵۆزە؟**

**یان کۆبیش:** سەرەتا، بۆ تێگەیشتن لە رەوشەکە قسە لەگەڵ لایەنەکان دەکەین، بۆ ئەوەی هەندێ بیرۆکەمان لا دروست بێت لەبارەی چۆنێتی یارمەتیدانی لایەنەکان بۆ رێکخستنی سیاسەت و دۆزینەوەی چارەسەر لە پارێزگاکە. هەروەها پێویستە قسە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەش بکرێت لە بەغدا و هەولێر و سلێمانی. ئەمە هەمووی کاری ئێمەیە. بەڵێ من ئاگاداری نامەکەی هەرێمی کوردستانم بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش کە ئەو داواکارییەیان هەبووە. ئەوە کاری ئەنجوومەنی ئاسایشە بێگومان بە راوێژ لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی ئەو کارنامەیە بۆ ئێمە ئامادە بکەن. جارێکی دیکە دەڵێم بەبۆچوونی من ئەوە ئەرکێکی زۆر گرنگی ماوەی دوای هەڵبژاردنە. نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ رۆڵی هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر.

**رووداو: کێشەی کەرکووک کە دەیان ساڵە لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا هەیە، چۆنە وا ئێستا ئەم هەموو تەرکیزەی دەخرێتە سەر؟**

**یان کۆبیش:** خۆت باست کرد، ئەو مەسەلەیە ماوەیەکی زۆرە هەیە. ماوەی چەند ساڵێکە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک نەکراوە. رەوشی کەرکووک بەجۆرێ کەوتەوە کە چەندین بەربەست هەبوون لەبەردەم دۆزینەوەی چارەسەر بۆ رەوشی شارەکە. ئێستا وڵاتەکە لە قۆناغێکی نوێدایە. باوەڕم وایە هەموو لایەنەکان لە سەرهەڵدانی داعشەوە زۆر وانە فێربوون، وانە لە ئەنجامدانی گشتپرسییەوە فێربوون کە چەندین پەیامی هەبوو. پێموایە ئێستا هەمووان دەزانن تاکە رێگە دانوستاندنە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو مەسەلە هەستیارانەی وەکو مەسەلەی کەرکووک. ئێستا کاتێکی باشە بۆ رۆیشتن بەو ئاڕاستەیە.

**رووداو: بەتایبەتی ئێستا کە بەعەرەبکردنی ناوچەکە هەیە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە. راپۆرت هەیە دەربارەی دەرکردنی کورد و هێنانی خێزانی عەرەب. وەکو دەزانیت من خەڵکی کەرکووکم و لەگەڵ کەسوکارم و خەڵکی شارەکەم لە پەیوەندیدام. کورد لە کەرکوک ئەو واقیعە سەربازییەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر قەبوڵ ناکات و بەشێکیان بە داگیرکاریی دەزانن. ئەمە جێگەی نیگەرانییە و نەگۆڕینی ئەم واقیعە هەڕەشەی شەڕ و ناسەقامگیریی زیاتر دەکات. ئایا بەڕێزتان هەمان نیگەرانیتان هەیە؟**

**یان کۆبیش:** سەرەتا دەڵێم عێراق یەک وڵاتە. بۆیە من ئەو زاراوانە بەکارناهێنم کە تۆ بەکاریاندەهێنی بۆ نموونە وشەی داگیرکردن. کەرکووک بەشێکە لە عێراق، بەڵام نابێ ئەوان چارەسەر بسەپێنن. چارەسەر دەبێ لەڕێی دانوستاندنی کراوە لە نێوان هەموو لایەنەکان بەدی بێت. هەموو نیگەرانییەکانیان بخەنە سەر مێزی گفتوگۆ. ئاسایش و مەسەلەی دیمۆگرافی، هەروەها مەسەلەی ئابووری و سیاسی، هەموو شتێک بە خستنە بەرباسی بابەتی شێوازی حوکمکردنیش. پاشان چارەسەر بدۆزنەوە. پێویستە بڵێم من چەند ناوچەیەکم بینیوە، نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەوە، چونکە کاتی ئەوەمان نییە، تێبینیم کردووە لایەنەکان دەتوانن خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە و بگەنە چارەسەر. لەبەرئەوەی راستە کە هیچ کەسێک لە رەوشی ئێستای کەرکووک رازی نییە، نەک تەنیا کورد، بەڵکو عەرەب و تورکمانەکانیش نارازین. هەمووان داوا دەکەن کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بکرێت. بەلای منەوە ئەمە سەرەتایەکی باشە. چونکە دەزانین گلەیی و کێشەکان چین. ئەوانیش دەزانن گلەیی و کێشەکان چین. ئێستا تێگەیشتن روو لە زیادبوونە. نەک تەنیا نارەزایی دەربڕن و لایەنی بەرامبەر خۆی ون بکات. ئەمجارە ئەمە روونادات.

**بە هیواین رۆڵمان هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی کەرکووک**

**رووداو: ئەی دەربارەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، ئایا راستە کە بابەتی داهاتووی دانوستانەکان کێشەی نەوت دەبێت؟**

**یان کۆبیش:** من دەڵێم سەرەتایەکی نوێ هەیە. هەرێمی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان دەڵێن رێگەی بەرەوپێشچوون دەبینن لەڕێی هەماهەنگییەوە. ئەو سەرەتایەکی باشە. سەرەتای نوێ مانای ئەوەیە تەنانەت لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتیشدا بۆ دەستنیشانکردنی بەرنامەی کاری حکومەت، گومانی تێدا نییە کە چەند مەسەلەیەک باس دەکرێن. وەکو پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان. ئەو بابەتە دەخرێتە نێو ئەجێنداو پرۆگرامی حکومەتەوە. ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پێویستە جەخت بکرێتە سەر کام ناوچە. من وای تێدەگەم نەوت و شێوازی دابەشکردنی داهاتەکەی بەشێک دەبن لە ئەجێنداکە، رێکخستنی هەناردەی نەوت لەنێو ئەجێنداکەدا دەبێت. لە هەمانکاتدا چەندین مژاری دیکەش هەن. هیواداریشم پرۆگرامی حکومەتی نوێ ئەمانە لەخۆبگرێ. پێشبینیش دەکەم نوێنەرانی حیزبە جیاوازەکانی کوردستان تێیدا بەشداربن و رۆڵیان هەبێت لە بەرەوپێشبردنی رەوشەکە.

**رووداو: بەڵام مووچەی خەڵکیان وەکو کارتێکی دانوستاندن بەکارهێنا، وەکو کارتێکی گوشار. ئایا راستە کە مووچە و قووتی خەڵکی بکرێتە بەشێک لە دانوستاندن؟ لەو باوەڕەدا نیت کە کاتی ئەوە هاتووە مووچە لەو هاوکێشە سیاسییە دەربهێنرێت و بەیاسا رێکبخرێت؟**

**یان کۆبیش:** من بڕوام بە حوکمی یاسا هەیە. پێویستە چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە بەجۆرێک بێت تێگەیشتنی تەواو بداتە دەستەوە لەبارەی رێساکانی یارییەکە و ئەرکی هەر لایەنێک بخاتەڕوو. تا ئێستا دەبینین هەم بەغدا و هەم هەولێر بەشێک لە مووچە دابین دەکەن. هەرێمی کوردستانیش بەشێک لە داهاتی بەدەست دەگات و پێویستە بەشێک لە مووچەی فەرمانبەران دابین بکات. پێویستە هەموو ئەم مەسەلانە لە سیاسەت دووربخرێنەوە. چارەسەر لەسەر بنەمای روون بدۆزرێتەوە و تێگەیشتن هەبێت بۆ چۆنێتی بەرەوپێشچوون و دانانی نەخشەرێیەک بۆ چارەسەر.

**رووداو: بە دڵنیاییەوە لایەنە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەتی ئەمریکا و ئێران رۆڵی گرنگیان هەیە لەم قۆناغە. پەیام و ئامۆژگاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوان چییە؟ روونە کە ئێران و ئەمریکا و تەنانەت وڵاتانی دراوسێش هێشتا رۆڵی گەورەیان هەیە لە عێراق. دەتەوێت لە قۆناغی داهاتوو رۆڵی ئەوان چۆن بێت بەتایبەتی لە بابەتی پێکهێنانی حکومەت؟**

**یان کۆبیش:** لە روانگەی منەوە ئەوەی زۆر گرنگە بوونی حکومەتێکە کە بەڕاستی پەیڕەوی لە سیاسەتی دراوسێیەکی باش بکات لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای سەروەریی تەواو بۆ عێراق. حکومەتی عێراق خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستە و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بن. چەندین بوار هەن کە پێویستیان بە هەماهەنگییە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە. بەڵام هەمووی بە پێکهێنانی حکومەت دەستپێدەکات. ئەگەر رێگەکە دروستبێت، ئەوە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانیش دەبێ بێنە پێشەوە. لە روانگەی منەوە کاری گرنگ پێکهێنانی حکومەتێکی دروستە.

**رووداو: مەبەستت ئەوەیە عێراقییەکان خۆیان رۆڵ بگێڕن... وەکو دڵنیام ئاگاداریت دیپلۆماتکارانی ئەمریکا و تەنانەت رووسیا و وڵاتانی دیکەش لێرە زیاتر نیگەرانی و ترسیان هەیە دەربارەی یەک بابەت، ئەویش بابەتی سەرهەڵدانەوەی داعشە. بەتایبەتی بۆ ئەمریکییەکان ئەم بابەتە ئەولەویەت و ئامانجی یەکەمە. ئایا ئێوەش هەمان ئەو ترس و نیگەرانیتان هەیە؟**

**یان کۆبیش:** ئەوە مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە. وەک دەزانرێت بە سوتفە نەبوو کە داعش سەریهەڵدا و یەک لەسەر سێی وڵاتی داگیر کرد. چارەسەرێک هەیە ئەویش گوێگرتنە لە داوکارییەکانی خەڵک. بەر لە هەموویان ئەو ئاوارە نێوخۆییانەی کە بە وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان و هەلومەرجی ژیانیان بۆ برەخسێنرێت. دادپەروەری هەبێت، بەرپرسیارێتی هەبێت بە هەموو جۆرەکانییەوە. سەقامگیری هەبێت. هەل برەخسێنرێت، هەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی. کارگێڕی سیاسیی باش هەبێت. بەگشتی کارگێڕیی باشی وڵات. چارەسەری سیاسی لەسەر ئاستی وڵات بدۆزرێتەوە. هەموو پێکهاتەکان لێکنزیک بکاتەوە. ئەوە ئەرکێکە کە پێویستە وڵاتەکە خۆی، خەڵکی وڵاتەکە بیکەن. حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ بکەن. هەروەها پێویستە ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش بە سەختی کار بۆ ناوچەکانیان بکەن.



## 50 %ی کارگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخراون

**ڕووداو – هەولێر**

نیوە زیاتری کارگە و کارخانەکانی پێنج پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخراون، یان کەمتر لە توانای خۆیان بەرهەمدێنن. ئەوەش بووەتە هۆی بێکاربوونی بەشێکی زۆر لەو کەسانەی لەو کارگە و کارخانانەدا کاریان دەکرد و دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. فەرهاد مەرزی، بەڕێوەبەری خانەی پیشەسازی و کانگاکانی ورمێ ڕایگەیاند "نزیکەی 5%ی کارگە پیشەسازییەکان چالاکن، 95%یان داخراون یا بەنیوەیی چالاکن. بۆ نموونە کەرتی پۆشاک خەریکە مایەپووچ دەبێت". لە ئیلامیش لە نزیکەی 500 یەکەی بەرهەمهێنەردا 157 یەکەیان داخراون. بەرپرسانی پارێزگای سنەش باس لە داخرانی 95%ی کارگەکان دەکەن. لەکۆی 872 کارگە.

دەمیرتاش:

# من بارمتەیەکی سیاسیم



**ڕووداو– هەولێر**

سێ ساڵ لەمەوبەر سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان، جەژنی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادا گێڕا کە لە مێژووی نوێی تورکیادا بە شۆکێکی سیاسی لەقەڵەم دەدرێ. ئێستاش لە گرتووخانەی ئەدرنەوە لەسەر سنووری بولگاریا، دەمیرتاش خەون بە شۆکێکی دیکەوە دەبینێ و گەشبینە بە سەرکەوتنی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیراندا.

لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی 2015دا، پارتەکەی دەمیرتاش زیاتر لە 13%ی دەنگەکانی هێنا و توانی بەربەستی 10% بۆ چوونە ناو پەرلەمانی تورکیا ببڕێ. لە شەوی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنە مێژووییەکەدا دەمیرتاش گوتی "لەم ساتە بەدواوە دیبەیت لەبارەی (سیستەمی) سەرۆکایەتی و دیکتاتۆریەت کۆتایی دێ. هێندەی نەمابوو کارەساتێک تورکیا بگرێتەوە".

دوایین لێدوانی دەمیرتاش بۆ گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمریکی دەریدەخات کە سەرکردایەتیی کورد لە باکووری کوردستان پەیمان بردبوو بەوەی دۆخەکە تەواو پێچەوانەی پێشبینییەکانی 2015ی ئەوان دەڕوات. دەمیرتاش بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ "دیموکراسیی تورکیا بۆ سیستەمێکی سەرکوتکەری تاکحزبی گۆڕاوە".

شکانی دەنگەکانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) و بەرزبوونەوەی دەنگی هەدەپە لەناوچە کوردییەکان و دواتریش هەوڵی کودێتای 2016، تەمەنی سەرکەوتنەکەی هەدەپە و پێشبینییەکانی دەمیرتاشیان کورت کردەوە. لە سێ ساڵی ڕابردوودا پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیا و کورد هەڵوەشاوەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتار و سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە خۆیان لە پشت دیوارەکانی بەندیخانە بینیوەتەوە، تورکیاش بەرەو ئەوە دەڕوات بە کردەوە سیستەمی سەرۆکایەتی لە وڵاتدا جێگیر بکات.

ڕۆژی 24ی حوزەیران هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیی تورکیا بەڕێوەدەچێ، دەمیرتاش (وێڕای چوار بەربژێری دیکە) لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی تورکیادا ڕکابەری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری ئێستای تورکیا دەکات، یەکێک لەو شتانەش کە بۆ بانگەشە سوودی لێ دەبینێ بەندکرانی خۆیەتی. دەمیرتاش لەمبارەیەوە بە (نیوزویک) دەڵێ: "تەواو پڕ بە پێستی خۆی نییە بەمە بڵێین پرۆسەیەکی دادوەری، من وەکو بارمتەیەکی سیاسی ڕاگیراوم".

هەرچەندە دەمیرتاش بە گەشبینییەوە بە (نیوزویک) دەڵێ "سروشتییە چاوەڕێی سەرکەوتن بکەم". بەڵام گۆڤارە ئەمریکییەکە پێیوایە چانسی دەمیرتاش بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەو پارتە لە ناوچە کوردییەکانە و ئەستەمە زۆرینەی دەنگدەرە تورکەکان دەنگ بە خۆی و پارتەکەی بدەن، وەکو چۆن پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا ئامادە نەبوون هەدەپە بانگهێشتی هاوپەیمانێتیی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بکەن.

بەڵام ئەردۆغان و هاوپەیمانە ناسیۆنالیستە تورکەکانی لەوە دەترسن ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکانی ئاکپارتی لە ناوچە کوردییەکان لەدەست بدەن، بەو پێیەش بەربەست لەبەردەم خەونی ئەردۆغان بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لە 50%ی دەنگەکان دروست دەبێ.

ئەردۆغان و ئاکپارتی نیگەرانن لەوەی ئەگەر هەڵبژاردنەکان بچنە خولی دووەم، ئەوە ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا دەنگەکانی خۆیان بخەنە پاڵ بەربژێری ئۆپۆزیسیۆن. ئەردۆغان دەزانێ ئەگەری ئەوە زۆرە هەڵبژاردنەکان بچنە خولی دووەم، بە تایبەتیش لەکاتێکدا جەماوەری پارتەکەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا زۆر دابەزیوە. لە گشتپرسییەکەی ساڵی ڕابردووی گۆڕینی سیستەمی تورکیادا، پاکێجەکەی ئەردۆغان بە جیاوازییەکی یەکجار کەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

حاڵی حازر دەمیرتاش تەنیا یەک گوێگری ڕاستەوخۆی بۆ پەیام و خەونەکانی خۆی هەیە، ئەویش عەبدوڵڵا زەیدان، پەرلەمانتاری بەندکراوی هەدەپەیە کە لە گرتووخانەی ئەدرنە هاوژووریەتی و بڕیاری هەشت ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچووە. دەمیرتاش هەفتەی تەنیا یەک کاژێری بۆ بینینی هاوژین و دوو کچەکەی و چوار کاژێریشی بۆ ڕاهێنانی وەرزشی لەبەردەستە. هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە دەتوانێ گۆڤارە جیهانییەکان بخوێنێتەوە و سەیری تیڤیش بکات.

چوار ڕۆژ پێش سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، دەمیرتاش دەستگیرکرا، لەو کاتەشەوە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە چاودێریی ڕووداوە نێوخۆییەکانی کۆشکی سپی دەکات، لەوانەش مەلەفی پەیوەندییەکانی سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ ئافرەتان. بۆیە دەمیرتاش لە بەشێک لە هەڤپەیڤینەکەی لەگەڵ نیوزویک دەڵێ "ئێمە هەست دەکەین بەڕێزتان (واتە ترەمپ) دڵی خانمی یەکەمت شکاندووە، تکایە دڵی چاک بکەوە".

دەمیرتاش هۆکاری هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکە بۆ ئەردۆغان دەگەڕێنێتەوە، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەگەر بە سەرۆکی تورکیا هەڵبژێردرێ، لە ماوەی شەش مانگدا شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا بە یەکجاری ڕادەگرێ. دەمیرتاش لەمبارەیەوە گوتی: "پێویستە پرسی کورد لە تورکیا بە ئامرازی ناتوندوتیژ چارەسەر بکرێ، واتە بە کردنەوەی کەناڵی دانوستاندنی ئاشتیانە و ئامرازی سیاسی. من بڕوام وایە پەکەکە بڕیاری چەکدانان دەدات، ئەگەر ئێمە بێینە سەر دەسەڵات، دەتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین".

کەمتر لە سێ هەفتە بۆ هەڵبژاردنە پێشخراوەکەی تورکیا ماوە و دەمیرتاش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە مامەڵەی پاسەوانانی گرتووخانەکە لەگەڵی لە چوارچێوەی یاسا دایە و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی بەسەرمان هاتووە، ئێمە هەر بەهێزین و ورەمان بەرزە، بڕوامان بەوەیە کە دادپەروەری دەچەسپێ".

# ئەمریکا مەنبج ڕادەستی تورکیا ناکات



دۆخی سیاسیی تورکیا ڕێگرە لە هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی لە نێوان ئەنقەرە و واشنتن لەبارەی مەنبجەوە

**ڕووداو– هەولێر**

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا ئۆپەراسیۆنی دەرکردنی داعش لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا گەرمتر بووە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە شەڕڤانانی کورد لە مەنبج و عەفرینەوە گەڕاونەتەوە ڕۆژهەڵاتی سووریا. بەڵام چارەنووسی مەنبج دەکرێ جارێکی دیکە شەڕڤانان لە بەرەکانی شەڕی داعشەوە بەرەو ناوچەیەکی دیکەی ململانێی هێزە کوردییەکان لەگەڵ تورکیا ببات، لەکاتێکدا شارەزایان و دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان بەدووری دەزانن چارەنووسی مەنبج لە داهاتوویەکی نزیکدا یەکلایی ببێتەوە.

مەنبج، یەکێکە لەو ناوچانەی سووریا کە بە ڕوونی سنووری زۆنی دەسەڵاتی زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی تێدا دەبینرێ، بە خاڵی یەکگرتنەوەی سێ زۆنی دەسەڵاتی بیانی لە سووریا دادەنرێ. دوایین خاڵی دیوی ڕۆژئاوای زۆنی دەسەڵاتی ئەمریکایە لە سووریا. هەروەها لە باکوورەوە لەگەڵ زۆنی دەسەڵاتی تورکیا و لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ زۆنی دەسەڵاتی ڕووسیا هاوسنوورە.

شیعار، فەرماندەیەکی هەسەدە، بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئێرە شارێکی بچووکە، کێ بیری لەوە دەکردەوە ئەم شارە بچووکە ئەو سەرنجە نێودەوڵەتییە گەورەیە بۆلای خۆی ڕابکێشێ". شیعار پێشتر لەدژی داعش و دواتر لە دژی تورکیا شەڕی کردووە، ئێستاش لە مەنبجە.

هێزە ئەمریکییەکان بۆ پشتیوانی لە هێزەکانی سووریای دیموکرات لەوێن، کە لە ساڵی 2015 بە دەستپێشخەریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزراون و ئەنقەرە بە لقی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یان دەزانێ.

تاوەکو ناوەڕاستی 2012، حکومەتی سووریا لە شارەکە بوو، دواتر هێزەکانی سووریای ئازاد (کە ئێستا تورکیا پشتگیرییان دەکات) حوکمی شارەکەیان گرتەدەست، لە سەرەتاکانی 2014 داعش دەستی بەسەر شارەکەدا گرت و دواتر لە ناوەڕاستی 2016 هێزەکانی سووریای دیموکرات شارەکەیان لە دەستی داعش ڕزگار کرد. هەر ئەم پێشینە ئاڵۆزەش وایکردووە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئنتیمای سیاسی جیاواز لە شارەکەدا دروست ببێ.

مەنبج شارێکی زۆرینەی عەرەبە کە بەشی زۆر لە خەڵکەکەی لایەنگری ڕوانگەیەکی کۆنزەرڤاتیڤی ئیسلامن. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (تایمز)ی ئەمریکی، تاوەکو ئێستاش زۆرینەی ئافرەتانی شارەکە لە کاتی دەرچوون ڕووپۆش دەبەستن. (هەسەدە) هێزێکی سێکولارە، کە تێیدا ئافرەتان نەک هەر ڕووپۆش نابەستن، بەڵکو ڕۆڵی سەربازی و ئیداری باڵاشیان لە هێزەکاندا هەیە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)، بەشێک لە دانیشتووانی مەنبج پێیان باشە هێزەکانی نزیک لە تورکیا کۆنترۆڵی ناوچەکە بگرنەدەست، هەندێکیشیان پێیان باشترە حکومەتی سووریا بگەڕێتەوە شارەکەیان. دانیشتوویەکی شارەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ بە (تایمز) دەڵێ "ئەگەر تورکیا بێنە شوێنی هێزە کوردییەکان، ئەوە چۆن دڵنیا بین لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێرە جێدەهێڵن، بۆیە باشتر وایە ئەسەد بگەڕێتەوە، چونکە ئەسەد عەرەبە، لە کاتێکدا کورد و تورکەکان وانین".

بەشێکی دیکە لە دانیشتووانی شارەکە پراگماتیکی بیر دەکەنەوە و پێیان باشترە لەگەڵ دەسەڵاتی ئێستای شارەکەیان (واتە هەسەدە) هاوکاری بکەن، بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی ناوچەکەیان بپارێزن. هۆکاری سەرەکیی ئەم هاوکارییەش بۆ مەترسی داعش لەسەر شارەکە دەگەڕێتەوە. سۆفییەک کە نەیوێراوە ناوی ئاشکرا بکات دەڵێ "ئێمە دەترسین، بە داخەوە داعش تاوەکو ئێستاش لەم دەوروبەرەدا ماوە".

> ## ئەمریکا نایەوێ یەپەگە لە ئێران نزیک بێتەوە
>
> لێکۆڵەرێکی تورک

فەرماندەکانی هێزەکانی هەسەدە لە مەنبج تەنیا نیگەرانی دەستوەشاندنی هێزەکانی سەر بە تورکیا نین، بەڵکو سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا بۆ سووریا هۆکاری سەرەکیی نیگەرانییەکەیانە.

### ئەمریکا، تورکیا و کورد

نیگەرانی فەرماندەکانی هەسەدە بێ بنەما نییە، لە مانگی نیسانی ئەمساڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاند لە داهاتوویەکی نزیکدا هێزە ئەمریکییەکان سووریا جێدەهێڵن، پێنتاگۆن و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە. جیا لەمە لە مانگی ئازاری 2018ەوە، ئەمریکا و تورکیا گرووپی کاری هاوبەشیان بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوو وڵات پێکهێناوە. یەکێک لە کێشەکانیش هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی هەسەدە و چارەنووسی مەنبجە.

ڕۆژی 25ی ئایار، بەرپرسانی ئەمریکا و تورکیا لەدوای کۆبوونەوەی گرووپی کاری هاوبەشی هەردوو وڵات ڕاگەیاندراوێکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا باس لە "نەخشەڕێگەیەک" دەکەن، لەو نەخشە ڕێگەیەکدا پلانێک بۆ کشانەوەی هێزەکانی سووریا دیموکرات لە مەنبج دانراوە، بەیاننامەکە باس لەوەش دەکات کە ئاسایشی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا دەپارێزرێ.

ئەوە یەکەمجار نییە تورکیا باس لە نەخشە ڕێگە و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا بکات. لە ئاداری ئەمساڵ مەولود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند لەگەڵ ئەمریکییەکان لەسەر مەنبج ڕێککەوتوون، دواتر هەر چاوشئۆغلو ناچار بوو ڕوونکردنەوە بدات و بڵێ مەبەستی لە ڕێککەوتن لێک تێگەیشتن بووە.

مانگی نیسانی ئەمساڵ چاوشئوغڵو لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ناتۆ لەگەڵ مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کۆبووەوە. لە دوای کۆبوونەوەکە، باسی لە نەخشەڕێگەیەکی ئەمریکی ـ تورکی بۆ کشانەوەی هەسەدە لە مەنبج کرد.

بڕیارە ئەمڕۆ چاوشئوغڵو و پۆمپیۆ لە واشنتن کۆببنەوە، هەردوو وەزیرانی دەرەوەش دەزانن ڕێککەوتنی ئەمریکا و تورکیا لەبارەی مەنبجەوە کارێکی ئاسان نییە، نەک هەر لەبەر ئەوەی کێشەی مەنبج و هاوکاریی ئەمریکا بۆ هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاڤا تەنیا بەشێک لە کێشەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتنە، بەڵکو هەروەها لەبەر ئەوەش کە دۆخی نێوخۆی تورکیا و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لەو وڵاتە ڕێگرن لەوەی واشنتن بتوانێ بە دڵنیاییەوە دانوستاندن و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنقەرەدا بکات.

جیا لە هەموو ئەوانەش ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا تاوەکو ئێستاش بەردەوامن و پێنتاگۆن دەزانێ ئەم ئۆپەراسیۆنە بەبێ هێزە کوردییەکان سەرکەوتوو نابێ. بەرپرسانی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن بە (تایمز)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا تەنیا شەش مانگیان پێدراوە بۆ ئەوەی دوایین مۆڵگەکانی داعش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا کۆتایی پێبهێنن.

دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی لەمبارەیەوە بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاندووە "ڕێککەوتن لەسەر مەنبج، بەو مانایە تورکیا و ئەمریکا پەیوەندییەکانیان ڕێکخستووەتەوە و متمانە بۆ پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات گەڕاوەتەوە". بەڵام کۆمەڵێک کێشەی گەورەش باڵیان بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکادا کێشاوە، لەوانەش ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵڵا گولەن (سەرۆکی بزووتنەوەی خزمەت)، ئازادکردنی هاووڵاتیانی ئەمریکی کە تورکیا دەستگیری کردوون و پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ، کە ئەمریکا و ناتۆی نیگەران کردووە.

دۆخی سیاسیی ئێستای تورکیا هۆکارێکی دیکەیە بۆ دواکەوتنی هەرچەشنە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی لە نێوان ئەنقەرە و ئەمریکا. لە ڕۆژی 24ی حوزەیراندا هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆککۆماری و پەرلەمانی تورکیا بەڕێوەدەچێ و بەگوێرەی ژمارەیەک ڕاپرسی هیچکام لە بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ناتوانن لە خولی یەکەمدا زیاتر لە ./50ی دەنگەکان بەدەست بهێنن، دیاریش نییە سەرۆکی ئێستای تورکیا لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا بتوانێ بەربژێری ئۆپۆزیسیۆن شکست پێ بهێنێ.

ئۆیهۆن ئورتان، سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوەکانی سووریا لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنقەرە، پێیوایە تەنانەت ئەگەر تورکیا بتوانێ هەموو بەستەڵەکە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بشکێنێ و لەسەر مەنبج لەگەڵ واشنتن ڕێکبکەوێ، ئەوە دیسانیش ناتوانێ پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاڤا بپچڕێنێ، ئەمەش نەک هەر لەبەر ئەوەی یەپەگە ڕۆڵی هێزی پیادەی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعشدا دەبینێ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە واشنتن نایەوێ یەپەگە لە ئێران نزیک ببێتەوە.

لەکاتێکدا مشتومڕی دیپلۆماتە تورکی و ئەمریکییەکان لە پایتەختی هەردوو وڵات بەردەوامن، لە مەنبج فەرماندە ئەمریکییەکان دڵنیایی بە فەرماندەکانی هەسەدە و یەپەگە دەدەن لەوەی پشتگیرییەکانی واشنتن بۆ هێزە کوردییەکان بەردەوام دەبێ. محەممەد ئەبو عادل، بەرپرسی ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج نامەیەکی دەنگیی فەرماندەکانی ئەمریکای پیشانی پەیامنێرەکەی (نیویۆرک تایمز) داوە کە تێیدا دەڵێ "کاپتن ڕێزی هەیە بۆتان و دەڵێ ئێمە پشتیوانتانین".

لە نامەیەکی دیکەشدا فەرماندە ئەمریکییەکە لە تەندروستی شەڕڤانەکان و دۆخی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی هێزە کوردییەکان دەپرسێ. کاپتنە سەربازییە ئەمریکییەکە دەڵێ "ڕێگە مەدە هەواڵەکان (سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا) مێشکتان تێکبدەن. ئەمانە هەمووی قسەلۆکن".

## ئەحمەد تورک، سیاسەتڤان و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا بۆ (ڕووداو):

# زیندانی ئامەد لە کامپەکانی هیتلەر خراپتر بوو

پەکەکە دەیویست سیستمی عەشیرەتگەری لە ڕەگەوە هەڵکێشێ



کاتێک برا گەورەکەی دەکوژرێ، داوای لێدەکرێ ببێتە گەورەی ناوچەکەیان لە مێردین. ئەحمەد تورک، سیاسەتڤانی کورد پێگەی بنەماڵەکەی ناچاری کرد تێکەڵی سیاسەت بێت، سیاسەتێک کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوی خستە زیندانێکەوە "خراپتر لە کامپەکانی هیتلەر" وەکو خۆی وەسفی دەکات. ئەحمەد تورک کە چەند خولێک لەسەر لیستی پارت و لایەنی جیاجیا گەیشتووەتە پەرلەمانی تورکیا، لە بەرنامەی پەنجەمۆری کەناڵی (ڕووداو) دا لاپەڕەکانی مێژووی کورد لە تورکیا و باکووری کوردستان هەڵدەداتەوە.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو- مێردین

بەشی یەکەم

**ڕووداو: ئەگەر لە منداڵیتەوە دەستپێبکەین، چی دەڵێی؟**

**ئەحمەد تورک:** ساڵی 1946 لە گوندی حوسێنی قەنجۆ لە قەزای دێرکی چیای مازی لە پارێزگای مێردین لەدایکبووم. لە عەشیرەتی ئیزۆلم کە عەشیرەتێکی بەربڵاو و گەورەیە، بەڵام ئێستا عەشیرەتگەری وەکو پێشان باوی نەماوە. حوسێنی قەنجۆ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ ئیبراهیم پاشا کاری دەکرد، کەسێکی ئێزدی و لە عەشیرەتی "دنای" بوو، ئەو باوکی دایکمە، بەڵام باوکم لە گوندی شێوێ چووە قەسری حوسێنێ قەنجۆ. لەوێ بووینە خاوەنی قەسری حوسێنێ قەنجۆ، واتە ئەوەمان لە دایکەوە بۆ مایەوە.

**ڕووداو: حاجی سینانی ڕەحمەتی باوکتان تێکەڵ بە سیاسەت دەبوو؟**

**ئەحمەد تورک:** نەخێر حاجی سینانی باوکم کاری بەسەر سیاسەتەوە نەبوو، براکەم خەریکی سیاسەت بوو. ساڵی 1969 عەبدولڕەحیمی برام وەکو کەسێکی سەربەخۆ بووە پەرلەمانتار، بەڵام لەساڵی 1972 کوژرا. هەر بەو هۆیەوە لە نێوان عەشیرەتی ئێمە و چەند عەشیرەتێک، ماوەی 15 بۆ 20 ساڵ کێشەی خوێنداری و دوژمنایەتی هەبوو، 30 کەسی تێدا کوژرا.

**ڕووداو: هۆکاری کوشتنەکە چی بوو، سیاسی بوو؟**

**ئەحمەد تورک:** بەڵێ سیاسی بوو. براکەم لەنێو جەهەپە کاری سیاسی دەکرد. ئەوکاتە ئاغای دێرکێ لە پارتی دیموکرات کاری دەکرد، بابەتی سیاسی سەری کێشا بۆ بابەتی دوژمنداری. ئەوکات دەیانگوت عەبدولڕەحیم بەگ تەنیا گەنجێکە و ئێمەش ئاغای دێرکێین و گەورەی دێرکین، ئەو چۆن لە ڕوومان دەوەستێتەوە؟ واتە کێشەکە بەو شێوەیە دەستی پێکرد. دوای ئەوەی براکەم کوژرا، کەسانی عەشیرەت و هەندێک کەس هاتن گوتیان تۆ ببە بە برا گەورە.

**ڕووداو: لە کۆتایی ساڵی 1950 جوڵانەوەی سیاسی نەبوو، بەڵام هەندێک جوڵانەوەی ڕۆشنبیری هەبوون تۆ ئەوکاتە گەنج بووی...؟**

**ئەحمەد تورک:** ساڵی 1960 لە قوتابخانە بووم. ئەوکاتە تەمەنم 14 ساڵان بوو. ڕووداوە سیاسییەکانمان چاودێری دەکرد. بۆ نموونە کاتێک موسا عەنتەر و هەڤاڵەکانی بەند کران، ئاگاداری هەواڵەکانی دەبووین، هەرچەندە لەنێو ڕووداوە ساسییەکاندا نەبووین، بەڵام لە دوای ساڵی 1971 کاتێک هاتمە زانکۆ دەستم بە چالاکیی سیاسی کرد.

**ڕووداو: ساڵی 1965 پارتی دیموکراتی کوردستان (پەدەکە- باکوور) دروست بوو، هیچ پەیوەندیتان لەگەڵ هەبوو؟**

**ئەحمەد تورک:** برا گەورەکەم پێیەوە پەیوەست بوو، عەبدولحەلیم "کەدەپە" بوو. تەنانەت لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە چووە باشووری کوردستان بۆ ئەوەی مستەفا بارزانی ببینن.

**ڕووداو: ساڵی 1970 جەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیا کودەتایەکیان کرد. ئەوە چ کاریگەرییەکی هەبوو، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی کە خەڵکێکی زۆر دەستگیرکران. ئەگەر بۆ مێژوو شایەتی بدەیت، کێ دەستگیرکرا و بۆچی دەستگیرکرا؟**

**ئەحمەد تورک:** دەوڵەتی تورکیا بەو شێوەیە لە کوردی دەڕوانی کە شتێکی مەترسیدارە. هەرکاتێک کودەتا ڕوویداوە، سەرەتا گەلی کوردیان کردووەتە ئامانج. هەر کودەتایەک ڕوودەدات بۆیان دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرانی کورد بێدەنگ بکەن و بیانکەنە ئامانج و لە زیندانەکانیان بئاخنن. ئەوکات بەتایبەت ساڵی 1971 گەنجانی کورد ویستیان سیاسەتێکی سەربەخۆی

برا گەورەکەم لەسەر سیاسەت کوژرا

کوردی بەڕێوەبەرن. ئەوکاتە دەڤریمجی کلتوور (ڕاستڕەوەکان) هەبوون کە لەلایەن گونجانی کورد ئەوانەی لە زانکۆ بوون، دامەزرێنرا.

**ڕووداو: کێ بوون ئەوانەی ڕێبەرایەتیان دەکرد؟**

**ئەحمەد تورک:** بۆ نمونە، پەسەکە، دەدەکە، کەسانی سەربەخۆ، هەتا ئەوانەشی ئەمڕۆ نزیکن لە پەکەکە، واتە: زۆر تەیاری سیاسی تێدا بوو. دوای ئەوەی ڕێکخراوەکە داخرا، دوای ئەوەی لە سیاسەت لێکجیابوونەوە، پەسەکە دامەزرێنرا، پەکەکە و گەلێک ڕێکخستنی سیاسی دیکەش دامەزران.

**ڕووداو: ئەی عەبدولڕەحمانی برا گەورەت دەبێتە ئەندامی پارتی عەدالەت؟ یان کامە پارتی بوو؟**

**ئەحمەد تورک:** بەشێوەیەکی سەربەخۆ بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرا، پاشان چووە نێو پارتی عەدالەت و ماوەیەک لەو پارتەدا سیاسەتی کرد.

**ڕووداو: سیاسەتی پارتە تورکییەکان چۆن بوو؟ بەتایبەت لەسەر مەسەلەی کورد لەو کات؟ دەیانویست هیچ لەبارەی پرسی کوردەوە قسە بکرێ.**

**ئەحمەد تورک:** قبوڵکردنی کورد زۆر زەحمەت بوو، زەحمەتیشە. واتە: بە هەموو شێوەیەک بۆ ئەوەی کورد بێدەنگ بکەن سیاسەتیان کردووە. هەر لە پارتی دیموکراتەوە بگرە تاوەکو پارتی داد و گەشەپێدان، پارتی گەلی کۆماری و ئەو پارتانەی دامەزراون لە ڕاستیدا دانیان بە مافی کورددا نەناوە. بەردەوام ویستوویانە کورد بێدەنگ بکەن و کورد لەنێو ئەو سیاسەتەدا بێت کە ئەوان دەیانەوێت بەڕێوەی ببەن، بەڵام نەک بەناوی کورد. کاتێک بڵێیت کوردم لە هەر شوێنێک بێ، ناتوانێت سیاسەت بکات. نموونەشمان بۆ ئەمە زۆرە، کاتێک شەرەفەدین ئەڵچی گوتی: من کوردم، سزا درا، واتە کورد و کوردستان قەدەغە بوو. بەناوی کوردی سیاسەتکردن موکین نەبوو.

**ڕووداو: تۆ ساڵی 1973 دەچیتە نێو پارتێکەوە، بۆچی ئەو پارتەت هەڵبژارد؟**

**ئەحمەد تورک:** ئەوکات لەنێو ژیان و خانەوادەکەمدا هەستی کوردبوونیش هەبوو، بەڵام ساڵی 1973 کە چوومە نێو سیاسەت بەناوی کورد نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای بنەماڵەیەکی ناسراو و ویستراوی مێردین بەشداری سیاسەت بووم. ساڵی 1971 ئەو هاوڕێیانەمان کە بە کاری سیاسییەوە خەریکبوون دەستگیرکران، دۆخێکی تەواو جیاواز دروستبوو، لە ساڵی 1974 ئەجەوید لێبوردنێکی دەرکرد، بەو شێوەیە منیش چوومە نێو جەهەپەوە. ئەوکاتیش لێبوردنێک دەرچوو. دوای ساڵی 1977 سیاسەتی کورد وردە وردە بنیاتنرا. بەناوی کوردییەوە چالاکی دەستی پێکرد.

**ڕووداو: ناوی سۆسیالدیموکرات بوو؟**

**ئەحمەد تورک:** هەرچەندە ناوی سۆسیالدیموکرات بوو، بەڵام ڕۆحیەتێکی نەتەوەپەروەری هەبوو. ئەمڕۆش ئەو کەموکورتییە لە تورکیادا هەیە کە پارتێکی سۆسیالدیموکرات دانەمەزراوە. هەرچەندە پارتمان هەیە ناویان سۆسیالدیموکراتە، بەڵام کار و خەباتەکانیان سۆسیالدیموکرات نییە.

سیاسەتی کوردی لە ساڵی 1978 بەدواوە هێدی هێدی ڕەنگی کوردایەتی وەردەگرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش وردە وردە کار و چالاکیمان دەکرد.

**ڕووداو: تۆ کە لە نێو جەهەپەدا بوویت، دەتتوانی باسی پرسی کورد بکەی؟**

**ئەحمەد تورک:** نەخێر، لەنێو هیچ پارتێک ئەوە قەبوڵنەدەکرا باسی کورد بکەین. هەرچەندە جەهەپەش دەیزانی ئێمە کوردین، بەڵام بەناوی کوردبوون تۆ ناتوانیت سیاسەت لە تورکیا بکەی. لەو کاتدا سیاسەتی کورد لەسەر ئاستی کەسایەتییەکان بەڕێوە دەچوو. ئەوەی هەبوو چەند کەسێک بوون ناسراو بوون، بۆ نمونە: شەرەفەدین ئەلچی، موسا عەنتەر، تاریق زیا ئەکینجی و چەند کەسێکی دیکە.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ موسا عەنتەر هەبوو؟**

**ئەحمەد تورک:** کاتێک لە زانکۆ بووم، لە ڕۆژانی پشوودا لە ئیستانبوڵ دەچوومە ماڵی و گفتوگۆمان دەکرد. مووسا عەنتەر بەتەمەن زۆر لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام من هێشتا گەنج بووم برادەرایەتیم لەگەڵیدا هەبوو. دوای ئەوەی چووە نوسێبین و لە ستلیلێ مایەوە سەردانیم دەکرد، کاتێک لە ئەنقەرە بوو بە هەمانشێوە.

**ڕووداو: تێکچوونی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵی 1975 چ کاریگەرییەکی لەسەر باکووری کوردستان هەبوو؟**

لە زیندانی دیاربەکر 30 کەس بەدار و لەژێر ئەشکەنجەدا بەبەرچاومانەوە کوژران

**ئەحمەد تورک:** بێگومان کاری لە سیاسەتمەداران کرد، تووشی مۆراڵێکی خراپ بوون. هەموومان پێی دڵگران بووین. کاتێک شۆڕش تێکچوو زۆر کەس خۆیان گەیاندە باکوور، نەیاندەویست کەس بشیانناسێت و بە نهێنی لەلای ئێمە دەمانەوە. پەیوەندی هەبوو، بەڵام کاریگەرییەکەی هێندە زۆر نەبوو کەوا کوردەکان بتوانن هاوکاری ئەو شۆڕشە بکەن. چونکە ئەوکات کورد زۆر ڕێکخراو نەبوو. هەرچەندە "پەدەکەی باکوور" و چەند تەوژمی دیکە هەبوون، بەڵام کاریگەری یان نوێنەرایەتییەکی ئەوتۆیان لەنێو خەڵکی نەبوو. جوڵانەوەی کوردی دوای ساڵی 1979 ڕێکخراو و سیاسیتر بوو، بۆ نموونە: ئاڵای ڕزگاری، پەسەکە، پەدەکە و پارتە سیاسییەکانی دیکە دامەزرێنران.

**ڕووداو: جیا لە مەسەلەی فایەق بوجاق، ئەی مەسەلەی دکتۆر شڤان و ئەوانە چییە؟ دەربارەی کوشتنی ئەوان چی دەڵێی؟**

**ئەحمەد تورک:** ئەوەندەی ئێمە بزانین ئەوەیە کێشە لە نێوان دکتۆر شڤان و سەعید ئەڵچیدا هەبوو. دەروێشێ سەعدی، کە لەوێ ئەندام بوو، تاوەکو بە ئەمڕۆ دەگات لەبارەی کوشتنی ئەوان شتێکی ئەوتۆی باس نەکردووە کە بۆچی سەعید ئەلچی کوژرا؟ بۆچی دکتۆر شڤان کوژرا؟ لە هزری گەلی کورددا زۆر پرس هەن دەخولێنەوە، ئەویش یەکێکە

لەنێو جەهەپەدا قەدەغە بوو باسی کورد بکەین

لەو پرسیارانەی وەڵامەکەی دەست نەکەوتووە. لە ڕاستیدا لە نێو پارتیش لەبارەی کوشتنی دکتۆر شڤان و سەعید ئەلچی شتێکی ئەوتۆیان بە گەل نەگوت کە هۆکاری کوشتنەکە چی بوو؟ ئەو گفتوگۆیە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت هەر بەردەوامە.

**ڕووداو: جوڵانەوەی کوردی لەناوخۆیدا کێشەیان هەبوو، شەڕی یەکتریان دەکرد و یەک نەبوون، هۆکاری چی بوو؟**

**ئەحمەد تورک:** کاتێک بەدواداچوون دەکەین بۆ ئەوانەی ڕوویاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەزانینییەکی گەورە هەبووە، هەموو لایەک دەیانویست کاریگەرییان لەسەر کورد هەبێ. ببن بە هێزی یەکەم، هەر بۆیە زۆر کێشە لەو ناوەدا ڕوویانەدا. هەر ئەمەش وایکردووە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت سیاسەتێکی هاوبەشی کوردی دروست نەبێ. لە باشووریش هەمان شت لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕوویدا. بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بناغەی دیموکراسی باش بنیات نەنراوە، کێشە دروست دەبێت. کاتێک لەنێو خەڵکدا باوەڕبوون بە دیموکراسی نەبێت ئەوکاتە لەسەر کێشەی بچووک شەڕ دروست دەبێ. من بۆخۆم لەگەڵ جوڵانەوەیەکی سیاسی ڕێکخراوی پەیوەست نەبووم. بەڵکو زیاتر سیاسەتێکی مەدەنی دیموکراتیانەم دەکرد.

**ڕووداو: با بەناو باسی بکەین، تۆ لەگەڵ کامەیانی، لەگەڵ پەکەکە، پەسەکە، ڕزگاری کەوا کەسایەتییەکانیان ناسراوبوون، لەگەڵ کامەیان دانوستاندن و قسەتان هەبووە؟**

**ئەحمەد تورک:** شەخسی خۆم لەگەڵ هەموو سیاسەتمەداران دانوستاندنم هەبووە، هەتا لەم کۆتاییەدا ماوەیەک چوومە ئەوروپا و پەکەکە لەوێ بوو، چوومە سەردانی کەمال بورقای زۆریان لەلا سەیر بوو، دەیانگوت تۆ چۆن چاوت بە کەمال بورقای دەکەوێت! من گوتم دەمەوێت بیبینم. ساڵی 1993 کاتێک کەمال بورقایم بینی گوتم ئیلا دەبێت تۆش لەگەڵم بێیت بۆ سووریا کە ئەوکات دوژمنایەتییەکی توند لەنێوان پەسەکە و پەکەکە هەبوو، ئەوکات کەمال بورقای هاتە شام.

**ڕووداو: زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە پەکەکە لەلایەک و حیزبەکانی دیکەش لەلایەکی دیکە بوون، پەکەکە شەڕی لەگەڵ عەشیرەت و پارتەکانی دیکە دەکرد، بۆچی شەڕی عەشیرەتیان کرد؟ لەگەڵ بنەماڵەکەی ئێوە هیچ کێشەیان هەبوو؟**

**ئەحمەد تورک:** نەخێر، لەگەڵ بنەماڵەکەی من هیچ کێشەیەک نەبووە. لەڕاستیشدا ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆر لە گەنج و لاوەکانمان چوونە ریزی پەکەکە. ئەوکات چەندین گەنج، برازا و ئامۆزام لەنێو پەکەکە بوون، چەندیشیان شەهید بوون. بەڵام کێشەکە ئەوەبوو کاتێک پەکەکە دروستبوو، جێی خۆی لەناو گەلدا کردەوە، ویستیان کاریگەرییان لەسەر هەموو کەسێک هەبێت، سەرەتا ویستیان عەشیرەتەکان بێدەنگ بکەن و ببنە هێزێک، وەک گوتم بۆ دەسەڵاتداری بۆ ئەوەی ببنە هێزێک و هەموو کەس ئەوان بناسێت هەوڵیاندا سیستەمی عەشیرەتگەری لەبنەڕەتەوە هەڵوەشێننەوە. لەو بڕوایەدام هۆکاری شەڕەکان ئەوە بوو.

**ڕووداو: ساڵی 1980 کودەتای سەربازی ڕوودەدات، تۆ تاوەکو ئەوکاتیش ئەندامی جەهەپە بوویت، بۆچی تۆیان خستە زیندانەوە؟**

**ئەحمەد تورک:** من لە ساڵی 1973 تاوەکو 1980 ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بووم. لەڕاستیدا ویستیان لەپێش کورد خۆیان دەرخەن، ئەوکات چەندین سیاسەتمەداری کورد شەهید بوون و دەستگیرکران و خرانە کونجی زیندانەکانەوە. ئەوکات چەندین دۆسیەیان بۆمان کردەوە لەسەر ئەوەی هاوکاریی پەکەکە دەکەین. من و جەلال بایدار و مستەفا قلیج، بە هەواڵدانی هەندێک کەسی عەشیرەتەکان دەستگیرکراین کە گوتبوویان ئەوانە پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە هەیە و بەناوی پەکەکە لەگەڵ ئێمە کۆبوونەتەوە. بەڵام هیچ پەیوەندییەکمان بەپەکەکەوە نەبوو. مستەفا قلچ دژی پەکەکە بوو، جەلال بایدار پارتی سۆسیالدیموکرات بوو، بەڵام خانەوادەکەی پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە هەبوو.

ساڵی 1982 لە زیندانی ئامەد بەند کراین، لەڕاستیدا ئەوکات وەحشیەتێکی گەورە هەبوو لەو زیندانە. ئەو شتانەی لەوێ ڕوویاندەدا، ئەوەی بەسەر گیراوەکان هاتووە بەجۆرێکە ناتوانین باسی بکەین.

**ڕووداو: تۆ لە هەڤپەیڤینێکدا زیندانی ئامەد بە کامپی نازییەکان دەشوبهێنی، حەز دەکەم هەندێک باسی زیندانی ئامەد بکەی..**

**ئەحمەد تورک:** ئەو زیندانە و کەمپی نازییەکانی سەردەمی هیتلەر وەکو لە وێنە و ڤیدیۆ و بەرنامەکاندا دەیبینین و شتێک کە لەبارەیەوە خوێندوومانەتەوە، کاتێک لەگەڵ زیندانی ئامەد بەراوردی دەکەین، بڕوا بکە زیندانی ئامەد لە کامپەکانی هیتلەر خراپتر بوو. ئەو بێڕێزییەی بە مرۆڤ دەکرا لە سنوور بەدەر بوو. هەر شەوێک دەنووستین دەمانگوت: خودایە ڕۆحمان دەربێنە، بەس بۆ ئەوەی لەو ئەشکەنجەدانە ڕزگارمان ببێت. لە زیندان شەو و ڕۆژ ئەشکەنجەدان هەبوو. تەنانەت لە شوێنی پشوودانیش ئەشکەنجە هەبوو، بەجۆرێک بوو ئەو ناوە بە خوێنی مرۆڤ سوور دەبوو.

**ڕووداو: ئەوان چییان لە ئێوە دەویست؟ بۆچی هێندە لێدان؟!**

**ئەحمەد تورک:** ئامانجیان ئەوەبوو بە بڕوای خۆیان دەرسێک بەکورد بدەن و کورد بەجۆرێ لێبکەن خاوەنداری لە سیاسەت و ناسنامەی خۆی نەکات.

**ڕووداو: کەسی ناسراو کە لەزیندانەکە بوون کێ بوون؟ هیچ کەس هەبوو دان بنێ بەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە و لە زیندانا ڕووخابێت؟**

**ئەحمەد تورک:** لەنێو هەموو سیاسییەکاندا چەندین کەس هەبوون بەرگرییان دەکرد و بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەیان گرت، بۆ نموونە: نەجمەدین کایا، لە پەکەکە زۆر کەس خۆڕاگربوون وەکو مەزلۆم دۆغان، کەمال پیر، خەیری دورموش، بەڵام لە هەندێک جوڵانەوەی دیکە زیندانییەکان تەسلیمی دەوڵەت دەبوون و دواتر بوونە پیاوی دەوڵەت. هەواڵیان لەسەر برادەرانی خۆیان دەدا. زۆر کەسی واشمان بینی. کەسانێک هەبوون بیریان لە دوارۆژ نەدەکردەوە و لەگەڵ بەرپرسانی زیندان پەیوەندییان هەبوو. بەرپرسێکی زیندانی دیاربەکر کە لەنێو زیندانادا وەحشیانە مامەڵەی لەگەڵ زیندانییەکان دەکرد، بینیمان دوایی لە ئیستانبوڵ کوژرا. بۆ نموونە ڕۆژێکیان منی بردە دادگا، کەمال پیریان هێنایە دادگا کە ئەویش لە پشتەوە دەستی کەلەپچە کرابوو، خۆم خستە لایەک بۆ ئەوەی "کەمال پیر" لە شوێنەکە دابنیشێ، ئەو بەرپرسەی کوژرا منی بردەوە زیندان و بە 200 سەرباز منیان ڕووت کردەوە و ئازار و ئەشکەنجەیاندام. 15 ڕۆژ نەمتوانی دابنیشم. کاتێک کەسوکارەکانمان سەردانیان دەکردین نەماندەتوانی نە بە کوردی و نە بە تورکی قسەیەکیش بکەین. تەنیا بۆت هەبوو بە کەسوکارەکەت بڵێیت چۆنن باشن. کاتێک دەیانبردین بۆ قاوش دەچوونە سەر پشتمان و ئەشکەنجەیان دەداین. دەیانبردین و دەیانگوت ئەو قاپ و کەلوپەلانە بشۆن، کاتێک لە شووشتن تەواو دەبووین، پاشماوەی خواردنەکانیان بەزۆر دەرخوارد دەداین. دەیانگوت دەبێت بە زمانتان مێزەکان پاک بکەنەوە. زۆر لە هەڤاڵەکانمان لەو بارەیەوە کتێبیان نووسیوە، بەڵام لەڕاستیدا هێشتا بەش ناکات.

**ڕووداو: تۆ بۆ خۆت هیچت لەبارەی زیندانی ئامەدەوە نەنووسیوە؟**

**ئەحمەد تورک:** نەخێر نەمنووسیوە. من خۆم لەوێ لە شوێنی ئەوان بم ویژدانم قەبوڵ ناکات بەو جۆرە ئەشکەنجەیان بدەم. لە زیندانی دیاربەکر 30 کەس بەدار و لەژێر ئەشکەنجەدا بەبەرچاومانەوە کوژران. دواییش دەیانگوت لە پەیژەیەک کەوتوون و مردوون.

**ڕووداو: لە زیندانی ئامەد تەنیا کورد هەبوون یان کەسانی دیکەش هەبوون؟**

**ئەحمەد تورک:** 95%ی گیراوانی زیندانی ئامەد کورد بوون. گیراویان لە زۆر شارەوە هێنابووە ئەوێ. ئەگەر 5 هەزار کەس لە زیندانەکە بووبن، 9 بۆ 10 کەسیان تورک بوون، ئەوانیش چەپی تورک بوون، ئەوەی دیکە هەمووی کورد بوون.

**ڕووداو: هیچ کەس نەیدەتوانی لەو ئازاردان و ئەشکەنجە ڕزگاری ببێت، بێڕێزی بە هەموویان دەکرا؟**

بە زمان مێزی نانخواردنیان پێ پاک دەکردینەوە

**ئەحمەد تورک:** هیچ کەس نەبوو ڕزگاری ببێت، ئەشکەنجەدان بەپێی کەسایەتییەکانیش دەگۆڕا. ئەوەی ناسراو بووایە زیاتر ئەشکەنجە دەدرا. لە ناسراوەکان، من، جەلال بایدار، شەرەفەدین قایا، حوسێن یلدرم ئەوانە گیراوی سیاسی بووین، لە ڕاستیدا بێڕێزییەکی زۆریان بە ئێمە دەکرد. گیراوانی پەکەکە-یش زیاتر ئازار و ئەشکەنجە دەدران. ئەو کەسانەی پۆلیسی دەوڵەت بوون و دەستگیر کرابوون، ئەوانیش بەهەمانشێوە ئەشکەنجە دەدران، دەیانگوت ئێمە پیاوی دەوڵەت بووین، بەڵام نەمانزانیوە ئەشکەنجەی بەوجۆرە هەیە.



## هاوردنی گۆشتی گامێشی هیندی بۆ کوردستان قەدەخە دەکرێ

**رووداو – هەولێر**

وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردنی گۆشتی گامێشی هیندی قەدەخە دەکات و هاوردنی مریشک و ئاژەڵی زیندوو بۆ مانگەکانی حوزەیران و تەمووزی ئەمساڵ بە رێژەی 100% زیاد دەکات. بەپێی ئەو راگەیێندراوێکی وەزارەتی کشتوکاڵ کە رۆژی 3-6-2018 بڵاوکراوەتەوە و وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە لە کۆبوونەوەیەکدا کە رێباز حەملان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە وەکالەت، لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی ئەو وەزارەتە ئامادەبوون، بڕیار دراوە بە: قەدەخەکردنی هاوردنی گۆشتی گامێشی هیندی، زیادکردنی پشکی پارێزگاکان لە هاوردنی ئاژەڵی زیندوو و مریشکی بەستوو بە رێژەی لە 100% بۆ پشکی تەرخانکراو، ئەمەش تەنیا بۆ هەردوو مانگی حوزەیران و تەمووزی 2018.

# بایی 6 ملیار و 779 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریدا کراوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەڵێت لە ماوەی 12 ساڵی رابردوودا تەنیا لەرێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە بایی 6 ملیار و 779 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لەکەرتی گەشتیاریدا کراوە و پرۆژەکانی ئەو کەرتە رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە راکێشانی پارە بۆ کوردستان.

دوای دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان لە کوردستان، 912 پرۆژە لە 13 سێکتەری جیاواز مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام 103 لەو مۆڵەتانە بە هۆکاری جیاواز هەڵوەشێنراونەتەوە. سەرمایەی 809 پرۆژەکەی دیکەش گەیشتووەتە 48 ملیار و 661 ملیۆن دۆلار.

لەنێو پرۆژەکانی وەبەرهێناندا سێکتەری گەشتیاری لە دوای سێکتەری پیشەسازی و نیشتەجێکردن دێت کە 147 پرۆژە بە سەرمایەی 6 ملیار و 779 ملیۆن دۆلار مۆڵەتیان وەرگرتووە.

سەربەست خدر، بەڕێوەبەری فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لە دەستەی وەبەرهێنان کە سەرپەرشتی بەدواداچوونی پرۆژەکانی گەشتیاری کردووە، بە (رووداو)ی گوت: "بەپێی بەدواداچوونمان بۆ پرۆژە گەشتیارییەکان، بۆمان دەرکەوت لە کۆی 147 پرۆژەی مۆڵەتدراوی گەشتیاری 50 پرۆژەیان بەرێژەی 100% تەواو بوون و ئێستا پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن، بەشێکی زۆریان هوتێل و رێستورانتی براندن و بوونەتە هۆی راکێشانی سەرنجی گەشتیاران".

ئەو 50 پرۆژە گەشتیارییەی تەواوبوون و کار دەکەن، بریتین لە 10 هۆتێلی براند، نۆ مۆتێل و رێستۆرانتی گەشتیاری، 24 پرۆژەی یاریی هاوچەرخ و گوندی گەشتیاری و حەوت سەنتەری بازاڕکردنی هاوچەرخ.

کۆمەڵگای گەشتیاری ئەکوا تارین، یەکێکە لە پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەولێر، پرۆژەکە لەسەر رووبەری 20 دۆنم و بە سەرمایەی 20 ملیۆن دۆلار دامەزراوە.

پرۆژەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی بریتییە لە سەنتەرێکی هاوچەرخی وەرزشی و مەلەوانگەیەکی ئۆلۆمپی کە بەدرێژایی ساڵ کراوەیە، بەشی دووەمی وەرزییە کە بۆ ماوەی 4 مانگ لە وەرزی گەشتیاریدا دەکرێتەوە و ئەویش لە دوو بەش پێکهاتووە (یاری هاوچەرخی منداڵانە و مەلەوانگە و یاری هاوچەرخ بۆ تازە پێگەیشتووان). هەروەها رووبارێکی دەستکردیش لە نێو پرۆژەکەدا هەیە.

ئەمیر ماغول ئەحمەد، خاوەنی کۆمەڵگای گەشتیاریی ئەکوا تارین، بە (رووداو)ی گوت: "لەبەر ئەوەی هەولێر شوێنێکی گەرمە و رووباری لێ نزیک نییە، زۆربەی گەشتیارانی عەرەبیش حەزیان بە مەلەیە لە شوێنە گەشتیارییەکان کە پێشتر بەناچاری رێگەی دووریان دەبڕی بۆ گەیشتن بە رووبار و شوێنە سروشتییەکان، بۆیە ئێمە بیرمان لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی گەشتیاری هاوچەرخ بۆ مەلە کردەوە".

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پرۆژەکە ئەوەیە کە خێزانییە و هەموو ئەندامانی خێزان دەتوانن مەلە و یاری بکەن. ئەمیر دەڵێت: "هەر ئەمەیە وایکردووە پرۆژەکەمان بکەوێتە پرۆگرامی گرووپە گەشتیارییەکان و هەر گەشتیارێک بەگروپ بێتە کوردستان سەردانی پرۆژەی ئەکوا تارین دەکات، بۆیە لە وەرزی گەشتیاریدا مانگانە 45 تاوەکو 60 گرووپی گەشتیاری روو لە پرۆژەکەمان دەکەن".

پرۆژەکەی ئەمیر هەلی کاری بۆ 300 کەس دابین کردووە، ئەمە جگە لەوەی بووەتە هۆی راکێشانی سەرمایە بۆ کوردستان.

ئەمیر دەڵێت: "بیرۆکەی فراوانکردنی پرۆژەکەمان هەیە، بەڵام نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی بانکی لە کوردستان بۆ پاڵپشتی دارایی بیرۆکەکان و ناسەقامگیری ئابووریی کوردستان و رۆتینیاتی حکومەت و ئەو باجە زۆرەی حکومەت وەریدەگرێ، رێگرن لەبەردەم ئێمە".

بەپێی ئاماری دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری، ساڵی 2007 تاوەکو 2013 کەرتی گەشتیاری لە کوردستان بەردەوام لە گەشەدا بوو. ساڵی زێڕینی ئەم کەرتەش 2013 بووە کە دوو ملیۆن و 952 هەزار گەشتیار روویان لە کوردستان کرد، بەڵام بەهۆی هێرشی داعش و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ناوچەکە و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، ژمارەی گەشتیاران زۆر کەمی کرد، بە جۆرێک ساڵی 2014 بەراود بە ساڵی 2013 بە رێژەی 48.2% کەمی کرد. ساڵی 2015 خراپترین ساڵ بوو بۆ کەرتی گەشتیاریی کوردستان کە تەنیا 782 هەزار گەشتیار روویان تێکردبوو. بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا جۆرێک لە بووژانەوە لەو کەرتەدا دەبینرێ، ساڵی 2016 نزیکەی 1.6 ملیۆن گەشتیار و ساڵی رابردووش 2.1 ملیۆن گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران بگاتە 2.5 ملیۆن کەس.

مەولەوی جەبار، سەرۆکی گشتیی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم بە (رووداو)ی گوت: "لە 12 ساڵی رابردوودا تەنیا لەرێگەی دەستەی وەبەرهێنان بە سەرمایەی 6 ملیار و 779 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لەکەرتی گەشتیاری کراوە، ژمارەیەک پرۆژە دامەزراون کە رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە راکێشانی سەرمایە بۆ کوردستان".

ژینگە و سروشتی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ وەبەرهێنان لەسێکتەری گەشتیاری و وەبەرهێنانیش لەو سێکتەرە پڕ قازانجە، بەڵام بەرپرسانی گەشتوگوزار دەڵێن لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی سەرمایە لەم سێکتەرە کەمێک درێژخایەنە، بۆیە بەراورد بە سێکتەری پیشەسازی و نیشتەجێکردن، کەمتر سەرمایەگوزاری لەم سێکتەرە کراوە. مەولەوی جەبار دەڵێت: "ناوچەی گەشتیاری زۆر سەرنجڕاکێشمان هەیە کە هێشتا گەشتیاری بۆ نەچووە، بۆیە دەرفەتی وەبەرهێنان لەم کەرتە زۆر فراوانە، ئەگەر زەمینەسازی بۆ بکرێت دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر باشی داهات بۆ وڵات". مەولەوی جەبار گوتیشی: "بۆ سەرمایەگوزاریی زیاتر لەو کەرتە پێویستە حکومەت ئاسانکاری زیاتر بۆ وەبەرهێنەران بکات و وەک هاندانیش پێشینەی تایبەت ببەخشێتە ئەو وەبەرهێنەرە بچووکانەی مەبەستیانە لەناوچە گەشتیارییە دوورەکان وەبەرهێنان بکەن".

بەپێی دوایین راپۆرتی ساڵانەی ئەنجوومەنی گەشتوگوزاری جیهانی، ساڵی رابردوو کەرتی گەشتیاری بەرێژەی 10.4% بەشداری لەتێکڕای داهاتی جیهاندا کردووە کە دەکاتە نزیکەی 8 تریلیۆن دۆلار، خەرجی گەشتیارانی جیهانیش 1.49 تریلیۆن دۆلار بووە کە دەکاتە 6.5%ی تێکڕای بەهای هەناردەی جیهان، بەهەمانشێوە سێکتەری گەشتیاری بەرێژەی 9.9% بەشداری لە تێکڕای بازاڕی کار لەجیهاندا کردووە و لەو رێگەیەوە زیاتر لە 313 ملیۆن هەلی کار رەخساوە.

مەولەوی جەبار دەڵێت: "نازانین کەرتی گەشتیاری بەرێژەی چەند بەشدارە لە داهاتی نیشتمانی، بەڵام لەرێگەی گەشەپێدانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان و بەشداریمان لەکۆڕ و کونفرانسە هەرێمی و جیهانییەکان لەهەوڵی ئەوەداین سەرنجی زیاتری گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی و جیهان رابکێشین، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە بگەین بەو ئامانجەی کەرتی گەشتیاری بە رێژەی 10% بەشداری داهاتی نیشتمانی بکات".



پێشبینی دەکرێ ئەمساڵ دوو ملیۆن و 500 هەزار گەشتیار روو لە هەرێمی کوردستان بکەن (فۆتۆ: رووداو)

> لە کۆی 147 پرۆژەی مۆڵەتدراوی گەشتیاری 50 پرۆژەیان بە رێژەی 100% تەواو بوون و ئێستا پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن
>
> دەستەی وەبەرهێنان

### بەسەرمایەی دوو ملیۆن و 893 هەزار دۆلار

# کۆمپانیایەک 99 کیوسکی ئەلیکترۆنی لە هەولێر و دهۆک دادەنێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بۆ جاری یەکەمین کۆمپانیایەکی لۆکاڵی کیوسکی فرۆشتنی کاڵا بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەهێنێتە هەرێمی کوردستان و 99 کیوسک لە شەقامەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دادەنێ.

کۆمپانیای ڤێرجینیا تۆباکۆ، کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتی خۆماڵییە، لەرێی وەرگرتنی دوو مۆڵەت لەدەستەی وەبەرهێنان بەسەرمایەی 2 ملیۆن و 893 هەزار دۆلار، دەستی بە پرۆژەیەکی بازرگانی کردووە کە بریتییە لە دانانی کیوسکی هاوچەرخ بۆ فرۆشتنی کاڵا لەسەر شۆستەکان. کۆمپانیاکە لە قۆناغی یەکەمدا 99 کیوسکی لە شەقامە گشتییەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک داناوە، بەنیازیشە لە داهاتوودا لە شار و شارۆچکەکان و شەقامەکانی دەرەوەی شار کیوسک دابنێ.

د.کامەران رەقیب موفتی، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی بەرێکردن و هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان لەدەستەی وەبەرهێنان، بە (رووداو)ی گوت: "پرۆژەی کیوسکەکانی تۆباکۆ، پرۆژەیەکی بازرگانیی هاوچەرخە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەت بە کۆمپانیای ڤێرجینیا تۆباکۆ دراوە بە دانانی کیوسکی هاوچەرخ لە شۆستە و شوێنی گونجاوی شەقامە گشتییەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، بە مەبەستی فرۆشتی کاڵای وەک جگەرە و خواردنەوە گازییەکان و کارتی مۆبایل و کاڵای دیکە بەشێوەی ئەلیکترۆنی".

بەپێی ئەو زانیارییەی لەدەستەی وەبەرهێنان دراوەتە (رووداو)، کۆمپانیاکە لە شوباتی ئەمساڵ بە سەرمایەی ملیۆنێک و 750 هەزار دۆلار مۆڵەتی دانانی 46 کیوسکی هاوچەرخی لە پارێزگای دهۆک وەرگرتووە. لە ناوەڕاستی مانگی ئاياریش بەسەرمایەی ملیۆنێک و 143 هەزار دۆلار مۆڵەتی دانانی 53 کیوسکی هاوچەرخی لە پارێزگای هەولێر وەرگرتووە.

د.کامەران موفتی، دەڵێت: "پرۆژەکە بیرۆکەی کۆمپانیاکە خۆیەتی، بۆ یەکەمجاریشە لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیایەکی ناوخۆ بەو سەرمایەیە بیر لە دانانی کیوسکی هاوچەرخ بکاتەوە، پرۆژەکەش لە قۆناغی یەکەمدا سەرەتا تەنیا لە نێو سەنتەری شارەکان دادەنرێ، دواتر لە شارۆچکەکانیش دادەنرێ".

سەبارەت بە چۆنیەتی گرێبەستەکەش لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، د.کامەران گوتی: "شوێنی دانانی کیوسکەکان لەلایەنی شارەوانیی پارێزگاگان بۆ ماوەی 25 ساڵ بە موساتەحە بە کۆمپانیاکە دراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کیوسکەکان لەسەر شۆستە دانراون، بۆیە دوای دەستبەکاربوونی پرۆژەکەش، کۆمپانیاکە دەبێت گرێبەستێک لەگەڵ شارەوانی ببەستێ بۆ دیارکردنی کرێی کیوسکەکان". دکتۆر کامەران موفتی گوتیشی: "کۆمپانیاکە لە هەوڵی وەرگرتنی مۆڵەتدایە لە پارێزگای سلێمانی، بەڵام هێشتا کارەکانی لەوێ تەواو نەبووە".

کۆمپانیاکە ئێستا لە شەقامە گشتییەکانی سەنتەری هەولێر 53 کیوسک و لە پارێزگای دهۆکیش لە شەقامە گشتییەکانی سەنتەری شار 26 کیوسک و لە هەندێ شارۆچکە و شەقامی دەرەوەش 20 کیوسکی داناوە.

سامان عەرەب سادق، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە هەولێر دەڵێت: "بەپێی ئەو مۆڵەتەی ئێمە داومانە، کۆمپانیاکە ئازادە هەر کاڵایەک لە کیوسکەکان بفرۆشێت کە بزانرێ سوودی ئابووری هەیە، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی کیوسکەکان، کۆمپانیاکە بۆی هەیە بە رەزامەندی سەرۆکایەتیی شارەوانی گرێبەست لەگەڵ لایەنی دیکە بکات".

هەر لەوبارەوە سامان محەممەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەڵێت: "لە سەنتەری شاری هەولێر نزیکەی 60 شوێنمان بۆ کۆمپانیاکە دیاری کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنەکان گشتین و وەک زەوی دیکە ناکرێت بەناوی کۆمپانیا بکرێ، بۆیە دەبێت گرێبەستیان لەگەڵ بکەین".

سەبارەت بەو کرێیەی شارەوانی لە پرۆژەکەی وەردەگرێ، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر گوتی: "لەبەر ئەوەی پرۆژەکە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانە، بۆیە چاوەڕێی دەستەی وەبەرهێنانین، یان لە داهاتوودا گرێبەستیان لەگەڵ دەکەین، دەبێت کرێی مانگانە بدەن، یان بەپێی رێنماییەکان بەشێکمان لە قازانجی کیوسکەکان دەبێ".

### 24
### کاژێر کراوە دەبن

سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای تۆباکۆ بە (رووداو)ی راگەیاند، بێجگە لە سەنتەری شارەکان، لە داهاتوودا لە قەزاو ناحیەکان و رێگاکانی دەرەوەی شاریش کیوسک دادەنێن. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "لە سەنتەری پارێزگای دهۆک 20 کیوسکمان داناوە، 26 کیوسکەکەی دیکەش لە ئامێدی، دێرەلوک، شیلادزێ، زاخۆ، سێمێل، ئاکرێ و شەقامەکانی دەرەوەی شاری دهۆک دادەنێین، لە داهاتووشدا بەپێی پێویست جگە لە 53 کیوسکەکەی ناو شاری هەولێر، لە قەزاو ناحیەکانیش دایدەنێین".

بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە، بەهۆی نەبوونی دراوی ئەلیکترۆنی و ئاسن، لە قۆناغی سەرەتادا فرۆشتنی کاڵا لەم کیوسکانە لەرێگەی کارمەند دەبێت و کیوسکەکانیش 24 کاژێر کراوەن.

سەرچاوەکە گوتی: "کیوسکەکان پێشکەوتوو و هاوچەرخن و دەتوانرێت بە سیستەمی ئەلیکترۆنی کاڵای تێدا بفرۆشرێ، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارەی ئاسن و دراوی ئەلیکترۆنی، لەم قۆناغەدا کاڵاکان لەرێگەی کارمەند دەفرۆشرێن، لەداهاتوودا هەوڵ دەدەین کاڵاکانمان بە سیستەمی ئەلیکترۆنی بفرۆشین". سەبارەت بەو شتومەکانەی لە کیوسکەکەدا دەفرۆشرێن، ئەو سەرچاوەیە گوتی: "رۆژنامە، گۆڤار، جگەرە، ئاو و خواردنەوە گازییەکان و خۆراکی دیکە و کارتی مۆبایل دەفرۆشرێن".

سەبارەت بە کرێی کیوسکەکانیش گوتی "شوێنەکانمان لە سەرۆکایەتی شارەوانی بۆ ماوەی 25 ساڵ وەرگرتووە، لەداهاتوودا گفتوگۆ لەگەڵ شارەوانییەکان دەکەین بۆ دیاریکردنی کرێی شوێنەکان، بەپێی مۆڵەتەکە لە ماوەی دیاریکراو مافی بەکارهێنانی کیوسکەکانمان دەبێت، دوای تەواوبوونی ماوەکەش کیوسکەکان دەبنە موڵکی حکومەت".




دوای 25 ساڵ کیوسکەکان دەبنە موڵکی حکومەت (فۆتۆ: رووداو)

> دەبێت کرێی مانگانە بدەن، یان بەشێک لە قازانجی کیوسکەکانمان بدەنێ
>
> سەرۆکی شارەوانیی هەولێر

# بۆچی لە کوردستان نرخی بەنزین بەرز دەبێتەوە؟



بیلال سەعید



هەر ئۆتۆمبێلێک لە کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە نزیکەی 6.5 لیتر بەنزین دەبێت.
(فۆتۆ: ڕووداو)

کێشەی دابینکردنی بەنزین و بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە کێشە سەرەکی و بەردەوامەکانی مێژووی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانە کە تا ئێستا لە ئەنجامی بێپلانیی حکومەت بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، بەڵام ئەوەی لە دوو هەفتەی ڕابردوودا جیاواز لە پێشتر هاتووەتە کایەوە، تەنیا گۆڕانی جۆری کێشەکەیە لە کێشەی دابینکردنی بەنزینەوە بۆ کێشەی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، تاوەکو کۆتایی 2017 ژمارەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە کوردستان جگە لە ئۆتۆمبیلی سەربازی گەیشتووەتە یەک ملیۆن و 469 هەزار و 887 هەزار ئۆتۆمبێل، لەو ژمارەیە زیاتر لە یەک ملیۆن ئۆتۆمبێلی بە بەنزین کار دەکات. جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیانی ئاوارە و پەنابەر و گەشتیاری ناوەڕاست و باشووری عێراق لەسەر شەقامەکانی کوردستانن.

ڕۆژانە لەکاتی ئاساییدا هەرێمی کوردستان پێویستی بە 6 ملیۆن و 500 هەزار لیتر بەنزین هەیە، بە جۆرێک پارێزگای هەولێر ڕۆژانە پێویستی بە زیاتر لە دوو ملیۆن و 600 هەزار لیتر و سلێمانی پێویستی بە دوو ملیۆن و 300 هەزار لیتر و دهۆک پێویستی بە یەک ملیۆن و 500 هەزار لیتر هەیە. واتە هەر ئۆتۆمبێلێک لە کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە نزیکەی 6.5 لیتر بەنزین دەبێت.

بەپێی داتاکانی ماڵپەڕی " گلۆباڵ پیترۆڵ پرایس" کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی نرخی بەنزین، لە کۆی 70 وڵات کە نرخی بەنزینیان لە ماڵپەڕەکە بڵاوکردووەتەوە، لەسەر ئاستی جیهان نرخی بەنزینی هەرێمی کوردستان ئێستا هەر لیترێکی بە 800 دینار (66 سەنت) دەفرۆشرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق نرخی لیترێک بەنزین بە 450 دینار (33 سەنت) دەفرۆشرێت.

ئەگەر بەهای بەنزین لە کوردستان لە ڕیزبەندی وڵاتانی جیهان دابنێین، کوردستان لە ریزبەندی 21ـەمین وڵاتی جیهان لەدوای بەحرین دێت کە نرخی یەک لیتر بەنزینی 65 سەنتە، لەکاتێکدا نرخی یەک لیتر بەنزین لە کوردستان 66 سەنتە.

ئەگەر بەدوای سەرەداوەکانی گرفتی کەمبوونەوەی بەنزین و بەرزبوونەوەی نرخی بەنزیندا بگەڕێین، بەشێک لە هۆکارەکانی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە کێشەیەکی دووبارە و چەند ساڵەی شوفێرانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئایا گرفتی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لەو کاتەدا چییە؟ ئایا چۆن دەکرێت کێشەی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین چارەسەر بکرێت؟

## هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین:

1 - پاشەکشەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە پاڵپشتیی سووتەمەنی لە ساڵی 2015 بەدواوە، بازاڕی بەنزینی کوردستان لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا گواستەوە بۆ تەنیا کەرتی تایبەت کە ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی لەسەر بازاڕی بەنزینی کوردستان هەبوو.

2- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ساڵی 2015 وە بە بیانووی پاراستنی ژینگەی کوردستان زۆربەی پاڵاوگە بچووکەکانی کوردستانی لەکارکردن ڕاگرت، بەڵام هیچ بەدیلێکی بۆ ئەو پاڵاوگە بچووکانە نەدۆزییەوە، هەرچەندە لە 15ی سێپتەمبەری 2015 وە تەندەرێکی بۆ دروستکردن و خاوەنداریێتیکردن و کار پێکردنی سێ پاڵاوگەی نەوت ڕاگەیاندووە، بەڵام تا ئێستا ئەنجامەکانی دیار نین.

3- لەگەڵ گواستنەوەی بەنزین لەکەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت، کواڵیتی بەنزین و نرخی بەنزین بە پلەی یەکەم کەوتە دەستی بازرگان و سەرمایەداران، کە دەکرێت بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین، کەمبوونەوەی کێبڕکێی نێوان کۆمپانیاکانی هێنانی بەنزینە لە وڵاتانی دەرەوە و دروستبوونی قۆرخکارییە لە بازاڕی بەنزین لە کوردستاندا.

4- کەرتی تایبەت لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان بەنزین دەکڕێت، بۆیە نرخی بەنزین وابەستەیە بە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، وەک دەزانن ماوەی چەند مانگێکە نرخی نەوت بەردەوام بەرز دەبێتەوە.

## کێشەکە چۆن چارەسەر دەبێ

1- جیاوازییەکی زۆر لە نرخی بەنزین لە نێوان پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، پێویستە لەسەر ئاستی پارێزگاکان گوشار لەسەر حکومەتی عێراق دروستبکرێت کە پاڵپشتییەکانیان لە دابینکاری سووتەمەنی بەنرخی هەرزانتر بۆ شۆفێران، پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

2- پێویستە حکومەت چاودێری لەسەر کۆمپانیاکانی هاوردن و بەبازاڕکردنی بەنزین لە کوردستان زیاتر بکات، چونکە ئێستا جیاوازییەکی زۆر لە نرخی بەنزین هەیە لە نێوان پارێزگاکان و تەنانەت لەنێوان خودی یەک پارێزگاش لە بەنزینخانەیەکەوە بۆ بەنزینخانەیەکی دیکە.

3- یەکێک لەو هەڵانەی کە حکومەت کردوویەتی و پەرلەمان خۆی لێ بێدەنگ کردووە، دەستهەڵگرتنی حکومەتە لە پاڵپشتی دابینکاری و دابەزاندنی نرخی سووتەمەنی، بۆیە پێویستە حکومەت ناچار بکرێت لە پرۆسەی پاڵپشتی سووتەمەنی ڕۆڵی هەبێت، بەتایبەت لە دابینکردنی نەوت بۆ هەریەک لە پاڵاوگەکانی کەڵەک و بازیان بەنرخێکی هەرزانتر و بەڕێژەیەکی زیاتر، ناچارکردنی کۆمپانیاکان بە دابەزاندنی نرخی بەنزین.

4- پەلەکردن لە دروستکردنی ئەو سێ پاڵاوگەیەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ساڵی 2015 وە بڕیاری دروستکردنی دەرکردووە و دەکرێت پشتبەستن بە بەنزینی دەرەوەی کوردستان، لە ڕێگەی ئەم سێ پاڵاوگەیەوە زۆر کەم بکرێتەوە.

5- بەپێی ئامارەکان لە ساڵی 2017دا داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 270 ملیار دینار بووە، دەکرێت بەشێک لەو داهاتە بۆ پاڵپشتی دابینکاری سووتەمەنی خەرج بکرێت.

5- بەگوێرەی پێشبینییەکان پێویستی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان ساڵانە بەڕێژەی 15% زیاد دەبێت، زۆر گرنگە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بازرگانی پلانی ساڵانەی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل دابنێن لە پێناو ڕێکخستنی خواست لەسەر پێویستیی بەنزین و ئۆتۆمبێل لە کوردستان.

| گرانترین نرخی یەک لیتر بەنزین/ بە دۆلار | | |
|---|---|---|
| 1 | پورتوگال | 1.87 |
| 2 | ئیسرائیل | 1.87 |
| 3 | ئیتالیا | 1.90 |
| 4 | دانیمارک | 1.92 |
| 5 | مۆناکۆ | 1.92 |
| 6 | یۆنان | 1.92 |
| 7 | هۆڵەندا | 1.97 |
| 8 | نەرویج | 2.05 |
| 9 | هۆنگ کۆنگ: | 2.14 |
| 10 | ئایسلاند | 2.17 |

| هەزرانترین نرخی بەنزین لە 10 وڵاتی جیهاندا (بە دۆلار) | | |
|---|---|---|
| 1 | ڤەنزوێلا | 0.01 |
| 2 | ئێران | 0.28 |
| 3 | سودان | 0.34 |
| 4 | کوێت | 0.35 |
| 5 | مەغریب | 0.36 |
| 6 | میسر | 0.37 |
| 7 | ئیکوادۆر | 0.39 |
| 8 | نەیجیریا | 0.42 |
| 9 | تورکمانستان | 0.43 |
| 10 | سووریا | 0.44 |

# ئەمریکا ئێران لەسەر نەخشەی گواستنەوەی دەریایی دەسڕێتەوە

کاردۆ کەمال





ئێران ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی ئەوروپا دەکات کە 22%ی هەناردەی نەوتی ئێرانە

تا دێت گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر گواستنەوەی نەوتی ئێران لەڕێگەی دەریاوە توندتر دەبێت. بەرلەوەی لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوودا، گەمارۆی سەر نەوتی ئێران بگەڕێتەوە، بەشێک لە کەشتییەکانی گواستنەوەی نەوت خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی ئاوەکانی ئێران بەجێبهێڵن.

کشانەوەی کەشتییە نەوتییەکان لەکاتێکدایە هەریەکە لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوتی وەک لوک ئۆیڵی ڕووسی و تۆتاڵی فەرەنسی و میرسکی دانیمارکی و BP ی بەریتانی و کۆمپانیای ANI ی ئیتاڵی کە ئەمەی دوایی ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ئێران واژۆ کردووە بۆ توێژینەوە لەسەر کێڵگەکانی ئێران، لەو وڵاتە کشانەوە.

بەپێی ئامارەکانی گواستنەوەی دەریایی، هەریەکە لە کۆمپانیاکانی میسکی دانیمارکی و کۆمپانیای دەریای ناوەڕاست بۆ گواستنەوەی دەریایی کە بارەگای سەرەکی لە سویسرایە، بڕی گواستنەوەی کاڵاکانیان بۆ ئێران کەمکردووەتەوە. بەپێی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی، لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران، بەشێک لە کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی گۆڕانکارییان لە ستراتیژی کارکردنیاندا کردووە و پلانیان هەیە کەشتییەکانیان لە ئێرانەوە بگوازنەوە بۆ کۆمەڵێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا.

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای میرسک کە سەر بە کۆمپانیای (AP Moller –Maersk)ـە ڕایگەیاند، هەرچەندە تەنیا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە گەمارۆ بۆ سەر ئێران دەگەڕێنێتەوە، بەڵام هیچ هێڵێکی گواستنەوەی نێودەوڵەتی توانای مامەڵەکردنی نابێت لەگەڵ ئێران لە ئەگەری گەڕانەوەی سەرجەم گەمارۆکان بۆ سەر ئەو وڵاتە.

هەریەکە لە کۆمپانیاکانی میرسک و MSC کاری گواستنەوی ئەلیکترۆنیات و کاڵای خۆراکی و کەلوپەلی ناوماڵ و ئامێری زەبەلاح دەکەن بۆ ئێران. پێشتر کۆمپانیای میرسک ڕایگەیاندبوو کە لەگەڵ ئەوەی بازاڕی ئێران بازاڕێکی زەبەلاح نییە، بەڵام وڵاتێکی 70 ملیۆن کەسی تارادەیەک بە بازاڕێکی باش دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەگەڵ دەستنیشانکردنی مانگی نۆڤەمبەر وەک دوا وادە بۆ مامەڵەکردنی گواستنەوەی دەریایی لەگەڵ ئێراندا، گەمارۆی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر قیستەکانی دڵنیاکردنەوەی کەشتی و هێڵەکانی گواستنەوەی دەریایی ئێران.

بەشێک لە شارەزایانی سێکتەری نەوت پێیانوایە ئەمریکا دەیەوێت ئێران لەسەر نەخشەی گواستنەوەی دەریایی بسڕێتەوە. ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ دەڵێت سڕینەوەی ئێران لە نەخشەی خزمەتگوزارییەکانی کەشتییە نەوتییەکانی جیهان زیانێکی گەورە لە کەشتییە نەوتییەکانی جیهان دەدات، چونکە پێنجەم گەورە بەرهەمهێنەری نەوت لە نەخشەی نەوت دەسڕێتەوە.

ئێران خاوەنی 5%ی نەوتی جیهانە، تا مانگی نیسانی ڕابردوو ڕۆژانە 2 ملیۆن و 600 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە دەکرد، زۆربەی نەوتی ئێرانیش هەناردەی چین و ژاپۆن و هیندستان و کۆریای باشوور دەکرێت.

بەپێی ئامارەکانی گواستنەوەی دەریایی، خاوەن کەشتییە نەوتییە چینییەکان ئێستا ڕۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوت لە ئێران دەکڕن، پێشبینی دەکرێت تا مانگی نۆڤەمبەر ئەم بڕە بۆ 325 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکات، واتا کڕیارە چینییەکان 50% کڕینی نەوتیان لە ئێران کەمدەکەنەوە.

شارەزایانی بواری گواستنەوەی دەریایی پێیانوایە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی پڕۆژەی زۆریان لە ئەمریکا هەیە و نەوتێکی زۆر لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکا دەگوازنەوە، بەهیچ شێوەیەک ریسکێکی لەو شێوەیە ناکەن کە مامەڵەکانیان لەگەڵ ئێران بەردەوام بکەن، چونکە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە ئەمریکا دروست دەبێت.

لە نێوان سەرجەم کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی هەریەکە لە کۆمپانیاکانی گواستنەوەی نیشتیمانیی ئێران و هێڵی گواستنەوەی کاڵا و کەلوپەلی ئێرانی کە خاوەندارێتییەکەیان بۆ حکومەتی ئێران دەگەڕێتەوە، زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت.

باسیل کاراتازاس، ڕاوێژکاری بواری گواستنەوەی دەریایی لە نیویۆرک، پێیوایە گەمارۆکانی ئەمریکا ژینگەیەکی پڕ لە ڕکابەری و تەحەددا لەنێوان کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی دروست دەکات. ئەو ڕاوێژکارەی بواری گواستنەوەی دەریایی ڕاشیگەیاند، هەر کۆمپانیایەکی بواری گواستنەوەی دەریایی لەدوای مانگی نۆڤەمبەرەوە بەردەوامبێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، ئەوا لە ئەمریکا دەخرێتە لیستی ڕەشەوە و ڕێگەیان پێنادرێت مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکەن.

بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، ئێران ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی ئەوروپا دەکات کە 22%ی هەناردەی نەوتی ئێرانە، هەروەها ڕۆژانە 700 هەزار بەرمیل نەوت بۆ چین و 300 هەزار بەرمیلیش بۆ ژاپۆن و کۆریا هەناردە دەکات.

ئێران خاوەنی زیاتر لە 157 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگە، ئەگەرچی کۆریای باشوور و چین بە دوو دۆستی ئێران دادەنرێن، بەڵام لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا کۆمپانیای دەیلم ئیندیستریاڵی کۆریای باشوور گرێبەستێکی دوو ملیار و 80 ملیۆن دۆلاری لەگەڵ ئێران هەڵوەشاندەوە و بڕیاری کشانەوەی لە ئێران دا.

بەهۆی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران و گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئەو وڵاتە، کۆمپانیای دەیلم ئیندیستریاڵی کۆریای باشوور نەیتوانی پارەی پێویستی دەستبکەوێت بۆ پەرەپێدانی پاڵاوگەی ئەسفەهان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە کۆمپانیاکە گرێبەستەکەی لەگەڵ ئێراندا هەڵبوەشێنێتەوە و کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت لەو وڵاتەدا.

یەکێک لە کێشەکانی سێکتەری نەوتی ئێران ئەوەیە کە پێویستی بە وەبەرهێنانی بیانی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت گەشە بکات، لە ساڵانی ڕابردوودا لەدوای لادانی گەمارۆکانی سەر ئێران، حکومەتەکەی حەسەن ڕوحانی هەوڵیدا کار لەسەر ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بکات، تارادەیەک حکومەتی ئێران سەرکەوتوو بوو لە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک تۆتاڵی فەرەنسی بۆ نێو ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام کۆمپانیاکانی بواری نەوت، ئێرانیان وەک ناوچەیەکی پڕ مەترسی تەماشا دەکرد، هەرچەندە ئەگەر ئەو کۆمپانیا نەوتییانە وەبەرهێنانەکانیان سەرکەوتووبووایە داهاتێکی زۆریان دەست دەکەوت، بەڵام لەگەڵ هاتنی ترەمپ بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، سەرجەم پڕۆژەکانیان لە ئێران کەوتە مەترسییەوە، چونکە بەردەوام ترەمپ ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێرانی بە خراپترین ڕێککەوتننامە دادەنا کە لە مێژووی ئەمریکادا واژۆکرابێت.

ئێران خاوەنی یەک تریلیۆن و 200 ملیار پێ سێجا گازی سروشتییە کە 17.8% ی سەرجەم یەدەگی گاز لە جیهاندا دەکات، ئەگەرچی کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی هەوڵیدا لە کارکردنی لە پرۆژەی پارس لە ئێران بەردەوامبێت، چونکە بەهای پرۆژەکە دوو ملیار دۆلار و ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکەش دوو ملیار پێ سێجا و ماوەی گرێبەستەکەش 20 ساڵ بوو، بەڵام بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمپانیایە لە ئەمریکا زۆر زیاترە لە قەبارەی مامەڵەکانی لەگەڵ ئێراندا، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لەلایەن بانکە ئەمریکییەکانەوە پڕۆژەکانیان پارەدار کراوە. بەپێی ئامارەکانی بۆرسەی نیویۆرک، بە دەیان ملیار دۆلار ئەسپاردەی کۆمپانیا ئەوروپییەکانی بواری نەوت لە ئەمریکادایە، بۆیە پشتگوێخستنی گەمارۆکانی ئەمریکا جگە لە سزای دارایی و ڕێگریکردن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا، کێشە بۆ پارەدارکردنی پڕۆژەکانیان و گواستنەوەی پارە و داهاتی کۆمپانیاکان لە نێوان بانکەکاندا دروست دەکات.



## منداڵانی تینوو دەچنە فێستیڤاڵان

**ڕووداو- هەولێر**

کورتە فیلمی کوردی منداڵانی تینوو "Thirsty Children" کە لە نووسین و دەرهێنانی رزگار حوسێنە لە چەند فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی بەشداری دەکات. رزگار حوسێن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"بڕیارە فیلمی منداڵانی تینوو لە چەند فێستیڤاڵێک لە ئەمریکا، بەریتانیا، تورکیا ئیتاڵیا، میسر، هیندستان و کەنەدا نمایش بکرێت". لەبارەی چیرۆکی فیلمەکە ئەم دەرهێنەرە گوتی :"چیرۆکی ئەم فیلمە باس لە ژیانی پەنابەرێکی سووری دەکات کە لەگەڵ دایک و باوک و برایەکی بچووکی ژیانێکی سەخت بەڕێ دەکەن، لەم فیلمەدا دەمەوێت ئەوە نیشان بدەم کە شەڕ چۆن منداڵ و ئافرەت دەکاتە قوربانی".

### گۆرانیبێژ هەردی سەلامی بۆ (ڕووداو):

# بە 30 چرکە گۆرانیگوتن بووم بە گۆرانیبێژ



**ڕووداو: تۆ سەرەتا بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر بوویت و کارت بۆ هونەرمەندان دەکرد، دواتر دەستت بە گۆرانیگوتن کرد، ئەمە چۆن بوو؟**

**هەردی سەلامی:** من بە حوکمی ئەوەی کارم بۆ هونەرمەندان دەکرد، پەیوەندییەکی باشم لەگەڵیان هەبوو، زۆرجار لە ستۆدیۆکان دادەنیشتین و گۆرانیمان دەگوت. نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر 30 چرکەیەک گۆرانیم لەگەڵ میوزیکێکی ساد تۆمار کرد و لە سۆشیاڵمیدیادا بڵاوم کردەوە، لەوکاتەوە هەوادارێکی زۆر داوای کاری تایبەت بە خۆمیان لێکردم، بۆیە یەکەم کلیپی خۆم بە ناوی بۆ تۆ ئەژیم بڵاوکردەوە کە لە ئاواز و تێکستی خۆم بوو، بینیم پێشوازییەکی باشی لێکرا.

**ڕووداو: حەز دەکەیت هەمیشە خۆت تێکست و ئاوازی گۆرانییەکانت دابنێی؟**

**هەردی سەلامی:** مەرج نییە، بەڵام شارەزاییم هەیە، بۆیە ئاواز و تێکستی چەند گۆرانییەکم خۆم داماناون.

> خەریکی کلیپێکم لەوانەیە تا جەژنی ڕەمەزان بڵاوی بکەمەوە

> پلانم هەیە کۆنسێرتی گەورە لە شارەکانی کوردستان بکەم

**ڕووداو: هونەرمەند هەبووە خۆی تێکست و ئاوازی بۆ کارەکانی داناوە تا وای لێهاتووە هەموو گۆرانییەکانی لەیەک چووە، تۆ لەوە ناترسی؟**

**هەردی سەلامی:** ڕاستە نموونەی وا هەیە، بەڵام بڕیارم نەداوە ئاواز و تێکستی هەموو گۆرانییەکان خۆم دابنێم، هەر کاتێک تێکستێک یان ئاوازێکی جوانم پێ بدرێت ئەگەر بزانم دەتوانم کاری جوانی بۆ بکەم، دەیکەم. هەمیشە بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکانم ڕاوێژ بە کەسانی لە خۆم شارەزاتر دەکەم.

**ڕووداو: گۆرانیی عیشقت کە لەگەڵ نەڤید زەردی پێکەوە تۆمارتان کرد، دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، بەڵام کێشەی گەورەی لێکەوتەوە، تۆ بێدەنگ بووی، بۆچی؟**

**هەردی سەلامی:** گۆرانییەکە هیچ کێشەیەکی هونەری نەبوو، ئەوەی کە هەبوو کێشەی شەخسی بوو، کاتێک کێشەکان لە قاڵبی هونەریدا نامێنن من وەک هونەرمەند کاردانەوەم نەبێت باشترە.

**ڕووداو: پێتوایە ئێوە لەسەر حەقن یاخود خاوەنی بەرهەمەکە؟**

**هەردی سەلامی:** بێگومان ئەو کەسەی کە خاوەنی بەرهەمەکەیە، هەرچەندە ئەویش بەشێک بوو لەو بەرهەمە، بەڵام بتەوێت و نەتەوێت ئەو لەسەر حەقە، بەڵام ئەویش کەمتەرخەم بوو لەوەی کە ئێمە ویستمان پرسیاری لێ بکەین، کاتێکیش کە بەرهەمەکە بڵاوبووەوە هاشتاگێکی یەکجار زۆریان بۆ کردبوو، ئەویش زانی مەوزوعەکە گەورەیە لە کوردستان ویستی قسەیەکی هەبێت، بەڵام هەموو کەسیش دەزانێ کە هیچ کەسێک نەیتوانی کۆنترۆڵی سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکە بکات.

**ڕووداو: بە بڕوای تۆ پێوەری بوون بە گۆرانیبێژ**



**چییە؟**

**هەردی سەلامی:** دەبێت دەنگی خۆش بێت و بزانێت چۆن گۆرانی بڵێت.

**ڕووداو: دەنگ گرنگترە بۆ گۆرانیبێژ یان هەست و ئەوەی کە بزانێت گۆرانی بڵێت؟**

**هەردی سەلامی:** تەواوکەری یەکترین، هەست لە گۆرانیدا زۆر گرنگە، دەبێ ئەو کەسە بزانێت چۆن گۆرانی بڵێت، هەرچەندە ئێستا جۆری گۆرانییەکان بووەتە پێوەر، چونکە هونەرمەند هەیە زۆر بەناوبانگە، بەڵام دەنگێکی خۆشی نییە. گۆرانی هەیە چەند ساڵە وتراوە و خەڵک ئێستاش هەر پێی خۆشە، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە، گۆرانی زۆر بووە، بۆ نموونە گۆرانیمان کردووە زۆر خۆش بووە، هەموو خەڵک گوێی لێ گرتووە، بەڵام کە دوای ئەوە گۆرانییەکی نوێ هاتووە، باوی ئەو نەماوە.

**ڕووداو: بە کام گۆرانیبێژی بیانی سەرسامی؟**

**هەردی سەلامی:** من زۆر سەرسامی هونەرمەندە فارسەکانم، حەز دەکەم وەکو شادمیهر عەقیلی بم، ئەو ئەستێرەی منە.

**ڕووداو: گۆرانیی چ گۆرانیبێژێکی کورد هەیە کە خۆزگەت دەخواست خۆت بیڵێی؟**

**هەردی سەلامی:** بە دڵنیاییەوە زەکەریا لە نێو هەموو گۆرانییەکانیدا لەوانەیە تەماحم لە دووانی نەبێت، خۆزگە هەموو گۆرانییەکانی هی من بوونایە.

**ڕووداو: ئەگەر سەرپشکت بکەن لە نێوان کاری بەرهەمهێنان و گۆرانی کامیان هەڵدەبژێری؟**

**هەردی سەلامی:** بێگومان گۆرانی، بەڵام هەرگیز وازیش لە کاری بەرهەمهێنان ناهێنم، ئاسوودەم بەوە.

**ڕووداو: پێشتر میدیاکار بووی، ئەگەر بۆت بگونجێ دەگەڕێیتەوە؟**

**هەردی سەلامی:** ئەگەر تەنیا وەکو دیکۆر دانەنرێم و قسەم بڕوات، بەڵێ.

**ڕووداو: ناوبانگت کێشەی بۆ دروست نەکردووی؟**

**هەردی سەلامی:** بەڵێ زۆر جار لە سۆشیاڵمیدیا بڵاوی دەکەنەوە کە گوایە پەیوەندیم لەگەڵ خانمە بەناوبانگە کوردەکان هەیە، ئەوە دوورە لە ڕاستییەوە. من پەیوەندیم لەگەڵ هیچ یەکێک لە کچە بەناوبانگە کوردەکان نییە. چەند جارێکیش تووشی مەوقیفی ناخۆش بووم، یەکێک لەوانە کچێکی نەخۆش بوو، من بە ئەرکی خۆمم دەزانی دڵی ڕابگرم، چونکە بەڕاستی خۆشەویستییەکی یەکجار زۆری بۆ من هەبوو.

**ڕووداو: باوەڕت بە پێکهێنانی خێزان هەیە؟**

**هەردی سەلامی:** تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵیدام، پێم پرۆسەیەکی باشە، ئەگەر لەکاتی خۆیدا بکرێت.

**ڕووداو: پرۆژەی تازەت چییە؟**

**هەردی سەلامی:** ئێستا خەریکی کلیپێکم کە لەوانەیە بۆ جەژنی ڕەمەزان بڵاوی بکەمەوە. هەروەها پلانم بۆ کۆنسێرتی گەورە هەیە لە شارەکانی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئێستا نەک تەنیا لە ناو کورد بەڵکو لە نێو عەرەب و فارسیش گوێ لە گۆرانییەکانم دەگیرێت، بۆیە بەنیازم چەند گۆرانییەک بە زمانی بیانی تۆمار بکەم.

> شادمیهر ئەستێرەی منە

> عەرەب و فارسیش گوێ لە گۆرانییەکانم دەگرن

تا دوێنێ تەنیا بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر بوو، بە بڵاوکردنەوەی 30 چرکە گۆرانی لە سۆشیاڵمیدیا، وەکو گۆرانیبێژێک دەرکەوت. هەردی سەلامی بەهۆی کارەکەیەوە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان هەیە. سەلامی کە بە کاری بەرهەمهێنان و دەرهێنان دەستپێکردووە، ئێستا حەز دەکات زۆرتر وەکو گۆرانیبێژ بناسرێ. هەردی سەلامی کە ساڵی 1987 لە سلێمانی لەدایکبووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین: چاوان فەرەیدوون**
**ڕووداو- هەولێر**

### جوان ئەحمەد بەدرخان، خانمە دیزاینەری کورد بۆ (ڕووداو):

# نەرویجییەکان جەژنی نەتەوەییان بە جلی کوردییەوە کرد

جوان ئەحمەد بەدرخان، ساڵی 1984 بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەوکات ناچار بوو لەگەڵ خێزانەکەی کوردستان جێبهێڵن و روو بکەنە نەرویج. جوان لەو کاتەوە بەهۆی دایکییەوە فێری دروین و دیزاینی جلوبەرگی کوردی دەبێت. ئێستا هەردوو خوشکە بچووکەکەشی هەمان ڕێچکەی ئەویان گرتووە و دیزاینەر و نمایشکەری جلوبەرگی کوردین. جوان دوایین پرۆژەکانی خۆی لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە ئاشکرا دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: چۆن بوو کاری دیزاین و کولتووریت هەڵبژارد؟**

**جوان:** هەڵبژاردنی کاری هونەری و دیزاین، هەروا لە خۆڕا نەبوو. دایکم لە بنەماڵەی ڕەشۆڵە لە شاری سلێمانی کە هونەرمەندێکی ناسراو بووە، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر ئێمە هەبووە. باوکیشم لە بنەماڵەی بەدرخانییەکانە و ئەوانیش پێشەنگن لە بواری هونەر و ئەدەب و زانست، ئەمە کەم تا زۆر کاری کردووەتە سەر ئێمە. لەبەر ئەوە هەمیشە لەماڵەوە بەکاری هونەرییەوە سەرقاڵ بووین، هەردوو خوشکەکانم کاری دیزاین و فاشن دەکەن، دایکم زۆر دەستڕەنگینە و هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەری ئێمە بووە.

**ڕووداو: کاری دیزاین لە ئەوروپا بۆ کچێکی کورد سەخت نییە؟**

**جوان:** من هەمیشە هیوا و ئاواتی گەورەم دیزاینی جلوبەرگ بووە، هەست دەکەم لە ئەوروپا گرنگی زیاتر بە جلوبەرگ و دیزاین دەدەن، منیش هەوڵم دا ئەو بیرۆکەیەی لەخەیاڵمدایە، بەتایبەتی هێما و سیمبوڵی کوردی لە کارەکانمدا ڕەنگبداتەوە، بۆیە هەمیشە ڕەسەنایەتی جلی کوردی وەکو خۆی دەهێڵمەوە، بەڵام گۆڕانکاری لە ڕەنگ و شێوازی دروینەکەی دەکەم، دەمەوێت جلوبەرگی دایک و داپیرمان وەک خۆی دروست بکەمەوە، تاوەکو نەوەی نوێ ئاگاداری کولتوور و فەرهەنگی باوک و باپیرانیان بن. ئێستا خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی کردووە، بۆ کچێکی وەکو منیش هەرچەندە سەختی هەبێت، بەڵام ئەگەر بوێری و ئازایەتی هەبێت، بەسەر هەموو کێشەکاندا زاڵ دەبم.

**ڕووداو: کورد لەوێ تا چەند گرنگی بە جلوبەرگی کوردی دەدەن؟**

**جوان:** ساڵانی پێشتر کورد هێندە ڕوویان لە جلوبەرگی کوردی نەدەکرد، بەڵام دوای شەڕی داعش هەستی کوردایەتی لای هەموو کوردی ئەوروپا بەرزە، بۆیە ئێستا بەلێشاو روو لە جلوبەرگی کوردی دەکەن. دەرکەوتنی کورد لە هەموو جیهان، کاریگەری گەورەی کردووەتە سەر کوردی ئەوروپا، چونکە بەهۆی ئازایەتی و نەبەردیی پێشمەرگە ناوی کورد لە هەموو جیهان ناسرا، ئەمەش خواستی لەسەر پۆشینی جلوبەرگی کوردی زیاد کرد، ئێستا کار گەیشتووەتە ئەوەی منداڵی تەمەن 8 ساڵ تاوەکو بەساڵاچوو جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن و گرنگی پێبدەن.

**ڕووداو: جلوبەرگی کوردی لای ئەورووپییەکان ناسراوە؟ هیچ ئەورووپییەک هەبووە لای تۆ جلی کوردی بدروێت؟**

**جوان:** ئەورووپییەکان پێشتر هێندە زانیارییان لەسەر کورد و جلوبەرگی کوردی نەبوو، بەڵام لەم دواییانەدا بەتایبەتی لە دوای شەڕی داعش، کورد لە ئەوروپا زیاتر ناسرا و کولتوور و فەرهەنگی کوردیش لە ئەوروپا زیاتر دەرکەوت، بەڵێ ئێستا زۆر کچی ئەورووپی جلوبەرگی کوردی دەپۆشن و داواکاریی زۆری لەسەرە، بەتایبەتی ئەو ژنە ئەورووپیانەی هاوژینەکانیان کوردن لە ئێمە زیاتر حەز بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی دەکەن. لە ڕۆژی نەتەوەیی نەرویج کە 17ی ئایار بوو، بەشێک لە ژنە نەرویجییەکان جلوبەرگی کوردییان پۆشیبوو، بۆ زۆر بۆنە و ئاهەنگی نەتەوەیی خۆیان هەیانە جلوبەرگی کوردی دەپۆشن.

**ڕووداو: بۆچی نەتوانراوە جلوبەرگی کوردی بکرێتە براند؟**

**جوان:** بەداخەوە تاوەکو ئێستا کار لەسەر دروستکردنی براندی کوردی نەکراوە، هەرچەندە لێرە و لەوێ هەوڵی بچووک هەبوون، بەڵام ئەنجامێکی باشی نەبووە، بەڕای من دەبێت سەرەتا براندە جیهانییەکان بە جلوبەرگی کوردی ئاشنا بکەین، هەموو جۆرە جلوبەرگەکانی کوردیان پێ بناسێنین، دواتر هەوڵی کۆکردنەوەی هاوکاری و یارمەتی لەو براندانە بدەین بۆ ئەوەی ئەوانیش پاڵپشت بن.

> دەبێ کار لەسەر دروستکردنی براندێکی کوردی بکەین

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا چەند نمایشی جلوبەرگی کوردیت لە ئەوروپا کردووەتەوە؟**

**جوان:** کۆمەڵێک نمایشی جلوبەرگی کوردیم لە ئەوروپا بەگشتی و لە نەرویج بەتایبەتی کردووەتەوە. بەشی زۆری نمایشەکانمان بۆ جلوبەرگی کوردی بووە، بەڵام هەندێجار تێکەڵمان کردووە، جلوبەرگی کوردی و ئەورووپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

> دەمەوێ جلی دایک و داپیرانمان وەکو خۆی دروست بکەمەوە



**ڕووداو: بۆچی لە نمایشەکانتدا کچی ئەورووپیت وەکو مۆدێل بەکارهێناوە، کچی کورد نییە لە ئەوروپا کاری مۆدێل بکات؟**

**جوان:** ڕاستە زۆربەی مۆدێلەکانم کچی ئەورووپین، بەڵام شکڵ و شێوەیان زۆر بەکورد و ڕۆژهەڵاتی دەچێت، چەند جارێک نمایشم پێکردوون کەس نەیزانیوە کورد نین، لەگەڵ ئەوەشدا چەند دانە مۆدێلی کوردیم هەیە، بۆیە من بە کچی ئەورووپی جلی کوردیم نمایش کردووە و خەڵک زۆر بەدڵیان بووە.

**ڕووداو: باست لەوە کرد کە دیزاینی جلوبەرگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەکەی، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی، بۆ تۆ زەحمەت نەبوو کاری کولتووری نەتەوەیەکی دیکە بکەی؟**

**جوان:** جگە لە جلی کوردی، جلی مەغریبی و توونسی و جەزائیری وەکو گەلابییە و عەبای خەلیجی و چەندین شێوازی دیکەی عەرەبی و ئەورووپی دیزاین دەکەین کە خواستێکی یەکجار زۆری لەسەرە، کوردیش ئێستا ئەم جۆرە جلوبەرگانە لەبەردەکەن.

**ڕووداو: دوایین پرۆژەت چییە لە بواری دیزاین و کاری مۆدێل؟**

**جوان:** کۆمەڵێک پرۆژەی گەورەم هەیە، لەوانە گۆڤارێکی تایبەت بە جلوبەرگ کە بەشێوازێکی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵ باس لە شێوازەکانی جلوبەرگی کوردی دەکەین. هەروەها پرۆژەیەکی دیکەم کتێبێکە لەسەر کولتوور و فەرهەنگی کوردی کە بەزمانی ئینگلیزی بڵاوی دەکەمەوە. پرۆژەیەکیشم هەیە بۆ ئەو ژنانەی لە کەمپەکانن، بە تایبەتی ئەوانەی کە حەزیان لە دروین و دیزاین و کاری کولتوورییە.

> ئێستا کوردی ئەوروپا بە لێشاو روو لە جلوبەرگی کوردی دەکەن


Life
UB HOLDING
Life
0.5 L
NATURAL SPRING WATER
NATURAL SPRING WATER
UB
UB HOLDING


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
ممتاز
أرز ١١٢١ سيله هند
MAHMOOD RICE
5 KG NET WT.
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب
Instant Full Cream Milk Powder
with vitamins A + D

## بکوژەکە لە ماڵی سەرۆک عەشیرەتێکە

# مێردەکەیان کوشت و ژیانی خۆی و منداڵەکەشی لە مەترسیدایە


شەهلا لە ترسی هەڕەشەی کەسوکارەکەی، لە ماڵی دالدەدانی ئافرەتان دانراوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

شەهلا محەممەد، تەمەن 21 ساڵ، دوای ئەوەی مێردەکەی درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا، ئێستا ژیانی خۆی و منداڵە ساواکەشی لە مەترسیدایە و پۆلیس دەیپارێزن.

شەهلا خەڵکی هەولێرە و تا قۆناغی یەکەمی ناوەندی خوێندووە، هەرزوو کەوتووەتە داوی خۆشەویستی کەسێک کە ناسیاوی براژنەکەی بووە و دواتر شووی پێکردووە.

سەنگەر عومەر، تەمەن 36 ساڵ، هەشت ساڵ زیاتر بوو لەگەڵ (ن)ی تەمەن 33 ساڵ خێزانیان پێکەوە نابوو، بەڵام منداڵیان نەدەبوو، ئەوەش بەهانەیەک بوو بۆ ئەوەی کە سەنگەر بیر لە هێنانی ژنی دووەم بکاتەوە و بەوجۆرەش شەهلا هەڵدەبژێرێ.

شەهلا هێشتا لە سەرەتای تەمەنیدایە، کۆرپەیەکی بچکۆلەی تەمەن سێ مانگە لەکۆشیدایە، فرمێسکەکانی دەکەونە سەر ڕوومەتی منداڵەکەی و جارێک منداڵەکە و جارجارەش خۆی دەست بە گریان دەکەن.

شەهلا چیرۆکی خۆی بۆ (ڕووداو) باسکرد و گوتی: "باری ئابووریمان باش نەبوو، بۆیە زوو وازم لە خوێندن هێنا، لە خێزانێکی قەرەباڵغ و ژیانێکی ئاسایی ژیام، بەڵام بینینی سەنگەر بووە سەرەتای خۆشبەختی ژیانم و خۆشمویست. سەنگەر ژنی هەبوو، بەڵام منداڵی نەدەبوو، بۆیە دەیویست ژنی دووەم بهێنێت، منیش ئامادەبووم شووی پێ بکەم".

سەنگەر و شەهلا لە گفتوگۆدابوون بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ڕازیکردنی باوکی شەهلا. سەنگەر بڕیار دەدات قسە لەگەڵ دایکی شەهلا بکات، بۆ ئەوەی باوکی شەهلا ڕازی بکات، کچەکەی بداتێ.

بەڵام ژووانێک هەموو پلانەکانیان تێکدەدات. شەهلا گوتی: "سەنگەر ڕۆژێک تەلەفۆنی کرد و داوای کرد یەکدی ببینین، لەبەر ئەوەی نیەتی پاک بوو، ڕازی بووم، لە نزیکی ماڵی خۆمان لەناو سەیارەکەی چاوەڕێ بوو، مۆبایلێکی بۆ من کڕیبوو، کاتێک چووم لەناو ئۆتۆمبێلەکەی دانیشتم، نزیکەی 10 خولەکێک بوو بەیەکەوە بووین و قسەمان دەکرد، لەناکاو باوکم بینی بە دەمانچەوە بەرەوڕوومان دەهات، دواتر زانیم کە هاوڕێیەکی باوکم پەیوەندی پێوە کردبوو، پێیگوتبوو کچەکەت لەگەڵ پیاوێک لەناو ئۆتۆمبێلە وەرە بیبینە".

شەهلا کاتێک باوکی بە دەمانچەوە دەبینێ، زۆر دەترسێ، بۆیە داوا لە سەنگەر دەکات بە ئۆتۆمبێلەکەی رابکەن، یەکسەر دەچنە ماڵی ناسیاوێکیان لە کۆمەڵگەی کانی قرژاڵە، لەوێ سەنگەر بەڕێدەکات و داواش لە خاوەن ماڵەکە دەکات پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن، تاوەکو بێن بیپارێزن، دواتر پۆلیس دەیباتە ماڵی دالدەدانی ئافرەتان.

شەهلا دەڵێت: "سەنگەر لەوێ چاوەڕێی دەکردم، پەنجەمۆری کرد کە هەموو بەرپرسیارێتیەک لەئەستۆ دەگرێت و ئامادەیە بمکات بە هاوژینی خۆی، دواتر برا و باوکیشم پەنجەمۆریان پێکرا کە دەست لە من نەدەن، باوکم حاشای لێکردم و گوتی لە ئەمڕۆوە کچێکم نییە بەناوی شەهلا، پاشان لەلای مەلا مارە کراین و لە دادگاش گرێبەستمان کرد".

دوای ئەوە، شەهلا و سەنگەر دەچنە ناحیەی دیانە. سەبارەت بە ڕازیبوونی هاوژینی یەکەمی سەنگەریش، شەهلا گوتی: "سەرەتا ڕازی نەبوو، بەڵام دوای سێ مانگ زیزبوون هاتەوە و هەردووکمان چووینە ماڵی باوکی سەنگەر و پێکەوە وەکو دوو خوشک دەژیاین".

مامی شەهلا بە هاوسەرگرییەکە ڕازی نابێت، شەهلا دەڵێت: "مامم تاکە کەس بوو دوای ئەو ڕووداوە وازی نەهێنا و سێ بە سێ تەڵاقی خواردبوو کە هەردووکمان بکوژێت، براکەم کە دوو ساڵ لە خۆم بچووکترە، پەیوەندی پێوەکردم و گوتی ئاگاتان لە خۆتان بێت، دوو برام قسەیان لەگەڵ دەکردم و داوایان لە سەنگەر کرد لەگەڵ باوکم سوڵح بکات، بەڵام مامم تێکیدەدا و دەیگوت قبوڵمان نییە".

دوای ماوەیەک شەهلا دووگیان دەبێ، پاشان دەبێتە خاوەنی کوڕێک. شەهلا دەڵێت: "خۆشبەختی بەجۆرێک ڕووی تێکردبووم وامدەزانی خەونە، سەنگەر کاسب بوو، هیچ جیاوازی لەنێوان من و هەوێیەکەم نەدەکرد، هەوێیەکەشم وەک منداڵی خۆی سەیری کوڕەکەمی دەکرد، کێشەمان نەبوو بیرم لەلای کەس نەبوو، زۆر ئاسوودە بووم".

سەنگەر لەبەردەم ماڵەکەی لە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزاندا کوژرا، شەهلا لەبارەی ڕووداوەکە دەڵێت: "یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان، من دەستنوێژم هەڵدەگرت بۆ نوێژی عیشا، کاژێر نۆی شەو بوو، سەنگەر پێیگوتم کە دەچێتە ماڵی کوڕێکی ئامۆزای، چاوەڕێی تاکسی بوو بەدوایدا بێت، لەناو نوێژدا بووم دەنگی تەقە هات، هەوێیەکەم ڕایکردە دەرەوە و بە قیژەقیژ هاتە ژوورەوە و گوتی سەنگەر کوژرا، کە چووینە سەری هەموو گیانی گوللە بوو، ڕۆحی تێدانەمابوو".

کێ سەنگەری کوشت؟ شەهلا وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: "دوای ئەوەی لە بنکەی پۆلیس تەماشای کامێرای چاودێریمان کرد، سێ چەکدار لەناو ئۆتۆمبێلێکەوە تەقەیان لە سەنگەر کرد، لەنێویاندا مامم ناسییەوە، بەڵام ئەوانی دیکەم نەناسی".

شەهلا سکاڵای لەسەر مامە هەڵاتووەکەی تۆمار کردووە و دەڵێت: "دەمەوێت مامم دەستگیر بکرێت و سزا بدرێت، ناشمەوێت بگەڕێمەوە ماڵی باوکم، ئێستا ماڵی باوکی سەنگەر خێزان و کەسی منن و زۆر بۆم باشن".

سەبارەت بەو سوێندەی مامی خواردوویەتی کە هەردووکیان بکوژێت، شەهلا دەڵێت: "من لە مردنی خۆم ناترسم، چونکە ڕۆحی من لە ڕۆحی سەنگەر زیاتر نییە، ئەوەی ئازارم دەدات ئەوەیە کە تا کەی ئێمەی ژن ببینە قوربانی کولتوور و ئەقڵیەتێکی سەقەت؟ ئایا دوای کوشتنی من چەند ژنی دیکە دەکوژرێن؟".

ئەحمەد شەریف، تەمەن 47 ساڵان کە ئامۆزای سەنگەرە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئامۆزاکەم بەناهەق کوژرا، ئەو تاوانی نەبوو، چەندینجار هەوڵی سوڵحی دا، ئەو بووە قوربانی دەستی کولتوورێکی سەقەت، ئەگینا هیچ هەڵەیەکی بەرامبەر بەو ئافرەتە نەکردبوو".

ئەحمەد گوتیشی: "زانیاریمان هەیە مامی شەهلا لە ماڵی سەرۆک عەشیرەتێکە، بۆیە ئەگەر ڕادەستی یاسای نەکەن، سکاڵا لەدژی ئەو ماڵەش تۆمار دەکەین". لەبارەی داهاتووی شەهلا و منداڵەکەشی، ئەحمەد گوتی "شەهلا و کوڕەکەی منداڵی ئێمەن و دەیانپارێزین".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو کەیسە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕووداوە لە گەڕەکی کوورانی عەنکاوەی شاری هەولێر بووە، بکوژەکان هەڵاتوون و پۆلیس بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی بکوژانی پیاوەکە".

بەهۆی مەترسی و هەڕەشە لەسەر ژیانی شەهلا بەتایبەت لەلایەن مامی کە هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە، ڕۆژی 2018/5/27 بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان داوایان لە کەسوکاری سەنگەر کرد، شەهلا و منداڵەکەی ڕادەستی ئەوان بکەن بۆ ئەوەی بیپارێزن، خانەوادەی سەنگەریش بە (ڕووداو)یان گوت کە شەهلا و منداڵەکەیان ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتییەکە کردووە.

# ژنانی کورد ژیانی ژنانی ڕەققە دەگۆڕن

**ڕووداو – هەولێر**

هێشتا ساڵێک بەسەر ڕزگارکردنی ڕەققەدا تێنەپەڕیوە، کەچی دیمەنی ژیانی کۆمەڵایەتیی شارەکە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە کە دیارترینیان دەرکەوتنی ئافرەتە لە ژیانی ڕۆژانەی شارەکەدا. ئافرەتانی کوردی ڕۆژئاڤا و بەشدارییان لە شەڕ و سیاسەتدا ڕۆڵی سەرەکی لەو گۆڕانکارییەدا هەبووە.

لە ماوەی سێ ساڵ دەسەڵاتی داعشدا، ئافرەتان لەسەر شەقامەکانی ڕەققە کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا، ئەشکەنجە دەدران و بەردباران دەکران، بەڵام ئێستا ئافرەتی وەکو خەولە دووکانیان داناوە و ڕۆڵیان لە گەڕاندنەوەی ژیان بۆ شارەکەیان هەیە. خەولە کە دوکانی جلی ژێرەوەی ئافرەتانی داناوە، بە گۆڤاری ئەلیکترۆنی (دیفێنس وان) دەڵێ: "پێشتر پیاوان لەم دوکانانە بوون، بەڵام ئێستا ئافرەت بەڕێوەیان دەبەن. سەرەتا تەنیا من دوکانم هەبوو، بەڵام ئێستا ژمارەمان زیاتر بووە. ئەمە بۆ ڕەققە شتێکی نوێیە".

ئافرەتە دوکاندارە عەرەبەکە ئەم گۆڕانە خێرایەی سیمای ژیانی ڕۆژانەی شارەکەی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە، یەکەمیان گوشاری زۆری داعش لە سێ ساڵی دەسەڵاتیان لە شارەکە، چونکە "گوشاری ئەوان یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ئازاد بین، ئەوان وایان لە ئێمە کرد بیر لەوە بکەینەوە کە دەبێ کار بکەین".

هۆکاری دووەمیان بۆ بینینی ڕۆڵی ئافرەت لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی دیکە دەگەڕێتەوە. ساڵی ڕابردوو لە سەروبەندی شەڕی ڕزگارکردنی ڕەققەدا، خەولە وەکو دەیان هەزار دانیشتووی دیکەی ڕەققە شارەکەیان بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی دیکە چۆڵ کرد. لەوێ ئەوەی بینیبوو کە ئافرەتان لە کۆمەڵگای مەدەنی و هێزی سەربازیدا ڕۆڵی باڵایان هەیە، لەو کاتەدا بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەوان کوردن و خۆی عەرەبە، ئەوەی بیری لێدەکردەوە خاڵە هاوبەشەکەی نێوان خۆی و ئەوان بوو.

خەولە لەوبارەیەوە دەڵێ: "هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئێمە و ئەواندا نییە، ئێمە و ئەوان ئافرەتین. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێستا ئافرەتان ڕۆڵیان هەیە".

ئەمە تەنیا قسەی ئەو نییە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەی گۆڤارەکە قسەی لەگەڵ کردوون، باس لە هەمان هۆکار دەکەن.

ڕەققە، وەکو هەموو شارە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، تەحەدای گەورەی لە پێشە، لەوانەش ئاوەدانکردنەوە، پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و دواجاریش گەڕاندنەوەی هەزاران ئاوارە. ئەم هەوڵانە لەپاڵ پارە و پشتیوانی نێودەوڵەتی پێویستی بە بەشداریی کارای هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ڕەققەشە کە ماوەی سێ ساڵ بە پایتەختی خەلافەتەکەی داعش ناوی دەرکردبوو. یەکێک لە هەنگاوەکان بۆ پەرەپێدانی ڕۆڵی ئافرەتان لە شارەکەدا پێکهێنانی ئەنجوومەن و گرووپی جیاجیای ئافرەتانە کە هەندێکیان پیشەیین.

زولێخا عەبدی ڕێکخەری ئەنجوومەنێکی لۆکاڵییە لە ڕومەیلە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕەققە. خەونی زولێخا و ئەنجوومەنەکەی ئەوەیە پارەی پێویست بۆ کردنەوەی کارگەیەکی دروومان دەستبخەن. زولێخا لەبارەی دۆخی ڕابردوو و ئێستای ئافرەتان لە شارەکە دەڵێ: "ئافرەتانی ڕەققە ئازارێکی زۆریان چەشتووە. بەڵام ئێستا هەوڵی نوێمان دەستپێکردووە. پێشتر هیچکات ئەو ئەزموونەی ئێستامان نەبووە".

ڕێکخەر و ژمارەیەک لە ئەندامانی دیکە لە ئافرەتانی ئەنجوومەنەکە بۆچوونەکەی خەولە پشتڕاست دەکەنەوە. زولێخا لەمبارەیەوە بە (دیفێنس وان) دەڵێ: "ئێمە لە قامیشلو چاومان بەو ئافرەتانە کەوت. دەمانبینی چۆن کارەکان ڕێکدەخەن و هەوڵ بۆ مافەکانی ئافرەت دەدەن. بۆیەش لە خۆمان دەپرسی بۆچی ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین". لەو کاتەدا ئافرەتێکی دیکەی ئەنجوومەنەکە قسەی بە زولێخا بڕی و گوتی: "خێزانە عەرەبەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە خێزانە کوردەکان داخراوترن"، بۆیە کچ و ئافرەتەکانی خێزانە کوردەکان دەتوانن بچنە ناو یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە).

ئافرەتانی ڕەققە لە بوارەکانی ئیداری و ئەمنی شارەکەشدا ڕۆڵی باڵایان هەیە. هیند، تەمەن 22 ساڵ و خەڵکی ڕەققەیە، لەگەڵ هێزی ئاسایشی شارەکەدا کار دەکات، بە گۆڤارە ئەلیکترۆنییە ئەمریکییەکە دەڵێ: "ڕقم لە داعش بوو، بۆیەش دەمویست شتێک بکەم". توندوتیژی لەڕادەبەدەری داعش لەدژی خەڵکی شارەکە هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی هیند ڕوو لە هێزە ئەمنییەکانی شارەکەی بکات.

هیند لەمبارەیەوە دەڵێ: "داعش سەری دوو خزمی نزیکی خۆمی بڕی. بۆیەش کاتێک گەڕاینەوە ڕەققە، بڕیارم دا شتێک بۆ شارەکەم بکەم. من شارەکەی خۆمم خۆشدەویست و دەمویست بەشێک بم لە بنیاتنانەوەی. هەست دەکەم ئێستا کارێکی گرنگ بۆ ڕەققە دەکەم". بەڵام وەکو خۆی دەڵێ ئەو بەتەنیا نییە، بەڵکو "خوشکم، هاوڕێکانم و زۆر ئافرەتی دیکە خەریکن دێنە ناو ئاسایشەوە".

سەردەمانێک هیند خەونی ئەوە بوو ببێ بە دەرمانساز. لە کاتی هێرشی داعش و دەستگرتن بەسەر شارەکەدا، ئەو خوێندکاری ساڵی یەکەمی کیمیا بوو لە زانکۆی ڕەققە. لەکاتی شەڕی ئازادکردنی ڕەققەدا خۆی و خێزانەکەی بەرەو مەنبج ڕایانکرد کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی ئیداری و سەربازیی (هەسەدە)یە، بەڵام لەگەڵ پاکبوونەوەی شارەکەیان لە داعش، یەکسەر گەڕانەوە و ئەوە بۆ سێ مانگ دەچێ هیند لە ئاسایشی شارەکەیدا کار دەکات و پاش ماوەیەکی زۆر هەست بەوە دەکات کە هیوای بۆ گەڕاوەتەوە.

هیند لەبارەی دۆخی خۆی و شارەکەی دەڵێ: "دڵخۆشم بەوەی دۆخەکە باشترە، ئێستا هەموو شتەکان باشن. ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ شارەکەی خۆمان و کارەکانیش باش دەڕۆن. دوای ساڵانێکی زۆر ئەوە یەکەمجارە هەست بە هیوا دەکەم، چونکە دوای ئەو هەموو ماوەیە من دەتوانم کار بکەم و هەست دەکەم خەریکی شتێکم".

ئەو پێیوایە ئافرەتە عەرەبەکان دەبێ واز لەوە بێنن کە ئەو ئازادییەی ئەوان لە چاو ئازادیی ئافرەتان لە خێزانە کوردەکاندا ئازادییەکی سنووردار و کەمترە.

ئەو دەڵێت: "ئەو ئافرەتانە دەبێ یەکەمجار بیری داعش لە مێشکیان دەربکەن. ئێمە لەژێر دەسەڵاتی داعشدا مەینەتی زۆرمان بینی، لەبەر هەموو ئەو شتانەی کە لەو ماوەیەدا بەسەرمان هاتووە، دەمەوێ خۆم بسەلمێنم، ئێستاش ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە کاری خۆمان بکەین".


هەندێک لە ئافرەتانی ڕەققە لە ڕیزەکانی هێزەکانی ئاسایش خزمەت دەکەن



## لە سۆران کوڕێک باوکی خۆی دەکوژێ

**ڕووداو – سۆران**

لە قەزای سۆران گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ هێرش دەکاتەسەر باوکی و بە چەقۆ دەیکوژێت. ڕائید هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران ڕایگەیاند :"ئێوارەی 2-6-2018 ئاگادارکراینەوە لە ڕووداوێکی کوشتن لە گەڕەکی سەروچاوەی شارۆچکەی دیانا، دوای گەیشتنی تیمەکانی پۆلیس دەرکەوت گەنجێک بەناوی (ع ح.ع ) بە چەقۆ هێرشی کردووتە سەر باوکی خۆی و کوشتوویەتی". لەبارەی هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکە ڕائید هاوار ئەرگوشی گوتی: "گەنجەکە بیانووی کوشتنی باوکی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە گوایە لەگەڵ دایکی و خانەوادەکەی خراپ بووە".

# مەلا کوژراوەکەی هەولێر پێشتر لە زیندان بووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو مەلا کەرکووکییەی هەفتەی ڕابردوو لە هەولێر کوژرا، پێشتر بە تۆمەتێک کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی ڕەوشت، لە زیندان بووە، بەڵام تۆمەتەکەی لەسەر ساغ نەبووەوە، کەسوکارەکەی دەڵێن کوژرانەکەی هیچ پەیوەندی بەو تۆمەتانەوە نییە کە دراونەتە پاڵی، بەڵکو هۆکاری سیاسی لەپشتە.

کاژێر پێنجی بەیانیی 2018/5/30 تەرمی مەلایەک لە گەڕەکی فەرمانبەرانی شاری هەولێر لەنێو ماڵی هاوڕێیەکیدا دۆزرایەوە، پۆلیس ڕایگەیاند کە ئەو مەلایە لەلایەن هاوڕێکەیەوە بۆ پارە کوژراوە.

مەلا یەشار یوسف، تەمەن 57 ساڵ کە دکتۆرای لە شەریعەتی ئیسلامدا هەبوو، خێزاندار و باوکی سێ منداڵ بوو، دانیشتووی گەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکووک بوو، هەفتەی ڕابردوو لە شاری هەولێر لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە کوژرا.

هەواڵی کوژرانی ئەو مەلایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی، بەڵام پۆلیس هەرزوو سەرەداوی کوشتنەکەی دەستکەوت.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕووداوەکە کاژێر پێنجی بەرەبەیان ڕوویداوە، بکوژەکە هاوڕێی مامۆستاکە بووە و عەرەب بووە، چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە پێکەوە سەفەری تورکیایان کردبوو. دوای ڕووداوەکە، تیمەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنەکە و کەسێک ئاشکرای کردووە

## براکەم شەش مانگ بەبێ تاوان گیرا

براى مەلا یەشار

کە ئەو مەلایە لەلایەن کەسێکی عەرەبەوە کوژراوە، بکوژەکە دوای تاوانەکە 3000 دۆلاری قوربانییەکەشی بردووە".

مەلا یەشار پێشتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و دواتر ئازادکراوە. جەنگیز یوسف، برای یەشار ئەو زانیارییەی پشتڕاستکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە براکەم زیاتر لە شەش مانگ دەستگیرکرا بەتۆمەتی کاری بەدڕەوشتی، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت تۆمەتەکان ڕاست نین، بۆیە ئازاد کرا، دواتر بۆ چارەسەر سەفەری تورکیای کرد، چونکە لەو کاتەی لە زیندان بووە ئەشکەنجە دراوە".

سەبارەت بە کوژرانی براکەی، جەنگیز گوتی:"براکەم میوانی هاوڕێیەکی بووە کە عەرەبە، لەلایەن هاوڕێکەی بە چەقۆ کوژراوە. کوژرانی براکەشم مەسەلەیەکی سیاسییە نەک کۆمەڵایەتی".

پرسەی مەلا یەشار لە مزگەوتێکی بچووکی گەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکووک بەڕێوەچوو، (م، ئا) دانیشتووی گەڕەکی عەرەفە کە چووەتە پرسەی مەلا یەشار، سەبارەت بە دەستگیرکردنی مەلا یەشار گوتی: "پێشتر لەسەر چەند مەسەلەیەک سکاڵای لەسەر تۆمار کرابوو، دوو ڕۆژ بەر لە 16ی ئۆکتۆبەر، لەسەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێو مزگەوتەکەی خۆی لەلایەن بنکەی پۆلیسی عەرەفەوە دەستگیر کرا. پێشتریش دوو سکاڵای لەسەر بوو یەکێتی زانایانی لقی کەرکووک بۆیان چارەسەر کرد".

مامۆستا ئەحمەد جەمیل، بەڕێوەبەری وەقفی سوننە لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە مامۆستا یەشار پێشتر بەگومانی کاری بەدڕەوشتی دەستگیرکرابوو، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبوو بیسەلمێنێ، بۆیە ئازاد کرا، لەگەڵ ئازادکردنیدا ئێمەش سەرجەم مووچەی ئەو مانگانەمان دایەوە کە لە زیندان بوو. ئەو ماوەی 30 ساڵ پێشنوێژ و وتارخوێن بووە لە کەرکووک. هەموو ئەو دەنگۆیانەی کە لەسەریشی بڵاوکرانەوە دووربوون لەڕاستی".

مامۆستا ئەحمەد هەروەها گوتی: "مامۆستا یەشار 10 ڕۆژ لەمەوبەر هاتە لام و داوای مۆڵەتی کرد، پێیگوتم ئەگەر خۆم پێم نەکرا مووچەکەم وەربگرم ئەوا بیدەن بە براکەم".



مەلا یەشار لە ماڵی هاوڕێیەکی لە شاری هەولێر کوژرا



ئامانج شاکەلی

## مەرحەبا حکومەت!

بە خۆشییەوە لەو نووسەرانە نیم کە لە دەلاقەی ئەورووپاوە دەڕوانننە کوردستان و سافیلکانە و بێ گوێدانە جیاوازییە مەودابەرینەکەی لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەوێ و ئێرە، ڕەخنە لە ورد و درشتی ئەم دەڤەرە لە چوار لاوە بە گورگ حاتەدراوە دەگرن.

ئاخر زۆر سەیرە، چاوەڕێی ئەوە لە حکومەتێکی هەڵقوڵاو لە کۆمەڵگەیەکی هێشتا بە میللەت نەبوو بکەین بەرپرسەکانی وەک ئەوانەی ئەورووپا سادە، بێفیز و دەستپاک بن! چاوداخستن لە ئاست ئەو ڕاستییەی کە هێشتا گەلێ هەورازی سەخت و ڕژدمان لە پێشە تا بگەین بە سەردەمی لانیکەم سەد ساڵ لەمەوبەری گەلانی پێشکەوتوو، جگە لە سەرلێشێوان و کارەسات هیچ خێرێکی بۆ کوردە نەگبەت و خێر لەخۆ نەدیوەکە تیا نییە.

ئەگەر نەوەی بەلاڕێدا بڕاوی دوای خەون و خەیاڵپڵاو کەوتوو، وا بزانێ چارەسەری هەموو دەرد و کەمایەسییەکان تەنها نەڕەنەڕ و موعارەزەی هەموو دیاردە و کردارێکە، ئەوا من بە سەرلێشێواوی و دابڕان لە مێژوو و خۆخەڵەفاندن و دواکەوتنی ڕێبەری نابینا بەرەو هەڵدێری نادیاری دەبینم. نەوەیەک، تەنها بە ڕووخاندن و مەلەی نێو گۆمی خوێن بگاتە سەر ترۆپکی ئارەزوو، ئەگەر سبەینێ خوانەخواستە، جڵەوی کاروبارێکی وە دەست کەوت، زۆر بەلایەوە ئاسایی دەبێت نیرۆن ئاسا بۆ کەیف و سەفای خۆی هاوبیرەکانی تەڕو وشک پێکەوە بسووتێنێ.

من ڕەخنە لەو هەڵە زەبەلاح ناقۆڵایانە دەگرم کە ناکرێ تەنانەت لەبەر چاوی کەسێکی سادەی نەخوێندووی دوور لە سیاسەت و دەسەڵاتیش، نادیار بێ. چجای کەسێکی قسەڕۆیشتووی خۆ بە دەم و دەستڕاستی خەڵک حساب کردوو. چونکە ئەو جۆرە هەڵە و کارە ناڕێکانە، وەک بۆمبای کات دیاریکراو، لە هەلومەرجێکی تایبەتدا پێکرا، دەتەقێنەوە و سەرلەبەر واقیع و خەوەنەکانمان لە بناغەڕا هەڵدەتەکێنن.

سەعات یازدە و نیوی شەو، لە چوارڕێیانی فرۆکەخانەی سەر شەقامی سەد مەتریی هەولێر، منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان لە نێوان ئاپۆڕەی ئەو هەموو ئۆتۆمبێلەدا، کە هەندێکیان وەک تیسکەی تفەنگ لە دوورەوە دەهاتن و سیرەی ستۆپەکانیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت، منداڵێک گوڵی دەفرۆشت!

سەعات یازدە و نیوی شەو! لەو کاتەدا دەبوو جێگەی ئەو منداڵە هەژارە ئامێزی پڕ خۆشەویستی دایک و نوێنێکی نەرم بێت، نەک شەقامێکی سیخناخ لە ئۆتۆمبیل. دەبوو بەیانییەکەی بە سکی تێر و جلی پاک و خاوێنەوە بۆ فێرگە چووبا نەک بە سکی برسی و جلی شڕ و چاوی ترساوەوە بەو نیوە شەوە کار بکات!

لەوە دەچێ حکومەتەکەی ئێمە لای وابێ کە ئەوان بە گەورەیی لە دایک بوونە و پاش یەک دوو ڕۆژیش بوونە بە خاوەن چاکەت و پانتۆڵی دوا مۆدێل و وەنەوشە و لێکسز! ئەگەرنا چۆن ڕێگەیان دەدا ئاوا دیاردەیەک لە کوردستاندا هەبێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاد بکات؟

ئەرێ تا ئێستە چەند کەس لەوانەی بازرگانی بە منداڵانەوە دەکەن سزا دراون؟!

ئەرێ حکومەت ئێوە ئاگەتان لە حاڵ و باری فێرگە حکومەتییەکان هەیە؟! دەزانن هەر پۆلە و چەند شاگردی تیایە؟! ئەدی تا ئێستە بیرتان لە مەنهەجی خوێندن و ناوەڕۆکی کتێبەکانی خویندن کردووەتەوە؟!

ئەرێ نەدەکرا لە جیاتی ئەو هەموو مۆڵ و گوند و سیتی و هۆتێلانە، بیرێکتان لە بنیاتنانی فێرگە و ئامادەکردنی مامۆستا بکردایەوە؟!

ئەرێ ئێوە ڕازی دەبن، نەک منداڵی خۆتان، بەڵکو تەنانەت ئەوەی ئامۆزای پاسەوانەکانیشتان سەعات یازدە و نیوی شەو، لە سەر شەقامێکی ئەم شارەدا کار بکات؟!

ئەرێ منداڵەکانی ئێوەش لە فێرگەی وێران و دوو دەوامی دەخوێنن؟!

جلی منداڵەکانی ئێوەش شڕە؟!

برسی و تینوون؟!

دەزانن سەرما و گەرما و ترس و لێدان بەری چ دارێکن؟!

کارپێکردنی منداڵ تاوانە، نەخاسمە منداڵێک لەو تەمەنەدا. بەڵام وا دیارە لێرە، لە کوردستان نەک تاوان نییە، بەڵکو زۆریش ئاساییە.

من کارم بەوە نییە، چ دڕندەیەکی بێ ویژدان ئەو منداڵەی ناچار کردووە بەو نیوە شەوە لە جێگەیەکی ئاوا پڕ مەترسیدا کار بکات، بەڵکو کارم بە داهاتوو و پاشەڕۆژی ئەو منداڵەیە. ئاوا مامەڵە کردنێک بە منداڵ، نەوەیەکی تاوانکار، تیرۆریست، سەرگەردان و بەرەڵڵا دروست دەکات. منداڵ پاشەڕۆژە، مادەیەکی خاو و پاکژە، لێمەگەڕێن ژاراوی و ژەنگاوی بکرێت.

منداڵێک، لەو تەمەنەدا ناچاری ئەو ژیان و گوزەرانە نامرۆڤانەیە بکرێت، تەنها دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە؛ یەکەمیان لە لایەن شۆفێرێکی سەرمەستەوە بشێلرێ و پاشانیش خێرخوازان جەستە بچکۆلە پەپوولە ئاساکەی لە گۆڕێکی بێنازدا بنێژن. دووەمیشیان کە ئەمەیان زیاتر ڕێی تێدەچێ، بکەوێتە داوی مافیای تاوان و لەشفرۆشی یان گرووپێکی تیرۆریست.. لە هەردوو بارەکەدا زەرەرمەندی گەورە کۆمەڵگەیە، چونکە بە دەستی خۆمان منداڵێکی بێتاوانی ڕۆحپاکمان کرد بە تاوانکار!




# دوو منداڵ دەبنە قوربانیی نەخۆشییەکەی باوکیان



هەستیار و زانیار ڕۆژانە لەگەڵ باوکیان شەقامەکانی دەربەندیخان پاک دەکەنەوە

**سروە ئەحمەد**
**ڕووداو – دەربەندیخان**

تەحسین، تەمەن 41 ساڵ، چەند ساڵێکە بەدەست نەخۆشیی دەروونییەوە دەناڵێنێ، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هاوژینەکەی لێی جیاببێتەوە. ئێستا بەهۆی نەخۆشیی باوکیانەوە، مەترسی لەسەر ژیانی دوو منداڵی ئەو پیاوە هەیە.

تەحسین حوسێن دانیشتووی قەزای دەربەندیخانە، ساڵی 2006 لەگەڵ خەدیجە، تەمەن 26 ساڵ، بوونەتە هاوژین، ئێستا خاوەنی دوو منداڵن بەناوەکانی هەستیار، تەمەن هەشت ساڵ و زانیار، تەمەن حەوت ساڵ. ئەوان تەمەنیان سێ و چوار ساڵان بووە کە دایک و باوکیان لە یەکدی جیابوونەتەوە.

تەحسین، تەنیا سێ ساڵی لەگەڵ هاوژینەکەی بەخۆشی بەسەر برد، دواتر بەهۆی ئەوەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، ژیانیان بە تەواوی گۆڕا، خەدیجە ئامادە نەبوو بەدیار مێردە نەخۆشەکەیەوە دابنیشێ و لێی جیابووەوە، پاشان شووی کردەوە. هەستیار و زانیاریش ناچاربوون بچنە لای باپیریان.

بە گوتەی پسپۆڕێکی دەروونی، تەحسین تووشی نەخۆشیی دواکەوتنی هۆش بووە، ڕێژەی تووشبوونەکەشی 75% زیاترە، بۆیە بە هیچ جۆرێک ڕێگەپێدراو نییە دوو منداڵ لەو تەمەنەدا لەگەڵ کەسێکی وەها نەخۆش بژین.

دکتۆر ئاریان عادل، پسپۆڕی دەروونی بە (ڕووداو)ی گوت: "تەحسین نەخۆشیی دەروونی هەیە و پێویستە منداڵەکانی لێ جیابکرێنەوە و ئەویش بخرێتە ژێر چاودێریی پزیشک".

دوو ساڵ لەمەوبەر حوسێنی باوکی تەحسین مرد، بۆیە هەستیار و زانیار ناچاربوون دووبارە بگەڕێنە لای باوکیان. تەحسین سەرباری نەخۆشییەکەی، لە کۆمپانیایەکی پاککردنەوە کار دەکات. هەستیار و زانیار ناچنە قوتابخانە و ڕۆژانە لەگەڵ باوکیان دەچنە سەر کار و خەریکی پاککردنەوەی شەقامەکانی دەربەندیخانن.

عەلی حەمەنوری، دانیشتووی قەزای دەربەندیخان کە ئاگاداری ژیانی تەحسین و منداڵەکانیەتی، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە تەحسین نەخۆشیی دەروونی هەیە، بەڵام هیچ زیانی بۆ منداڵەکانی و خەڵکیش نییە، ڕۆژانە کاری خۆی دەکات و شەوانیش لەگەڵ منداڵەکانی لە کەلاوەیەک دەژین".

بارزان محەممەد، بەرپرسی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە دەربەندیخان، لەبارەی ژیانی تەحسینەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "تەحسین نەخۆشە و منداڵەکانیشی مەترسییان لەسەرە، ئەو منداڵانە دوورن لە ژیانی پەروەردەیی و تەندروستی".

کێشەی هەستیار و زانیار تەنیا ئەوە نییە کە ناخوێنن و ژیانێکی تەندروستیان نییە، بەڵکو ئەوان لەگەڵ کەسێک دەژین کە مەترسییە لەسەر ژیانیان، چونکە ئەو کەسە نەخۆشیی دەروونی هەیە. بارزان محەممەد دەڵێت "دەبێت ئەگەری کوشتنی ئەو منداڵانە لەلایەن باوکیانەوە لە هەر دەرفەتێکدا لەبەرچاو بگیرێ".

مانگانەی تەحسین تەنیا 400 هەزار دینارە و ڕۆژانە لە بەیانی تاوەکو ئێوارە سەرقاڵی پاککردنەوەی شەقامەکانی شارە، هەردوو منداڵەکەشی لەگەڵن، تاوەکو ئێستا تەحسین کێشەی نەبووە لەگەڵ منداڵەکانی، بەڵکو بەسۆزیشە، بەڵام چاودێری کۆمەڵایەتی قەزاکە پێیوایە ژیانی ئەو منداڵانە لە مەترسیدایە، بۆیە ئەوان کەیسەکەیان پێشکەش بە دادگای نەوجەوانانی گەرمیان کردووە بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بۆ ئەو منداڵانە دابین بکرێت و بخرێنە خانەی نەوجەوانانەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دادگا بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر ئەو کەیسە نەداوە.

تەحسین تەنیا یەک برای هەیە، ئەویش دەڵێت ئەگەر ئەو دوو منداڵە بباتەوە لای خۆی دوور نییە لەگەڵ هاوژینەکەی تووشی کێشە ببێ.

دڵشاد عیسا، بەرپرسی دادگای نەوجەوانانی گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت: تەحسین برایەکی هەیە، بانگمان کردووە بۆ ئەوەی منداڵەکان لەخۆبگرێت، بەڵام ئەو پێیگوتین کە ناتوانێت لەخۆیان بگرێت، چونکە هاوژینەی ماڵی بۆ بەجێدەهێڵێت ئەگەر کاری وا بکات، بۆیە ئامادە نییە ژیانی خۆی لە پێناوی برازاکانی تێکبدات".

هەروەها گوتی: "هەرچەندە دایکی منداڵەکان شووی کردووەتەوە، بەڵام ئاگادارمان کردووەتەوە کە سەردانمان بکات، بۆ ئەوەی بزانین ئایا دەتوانێ منداڵەکان بەخێو بکات یان نا".

ئەگەر دایکیان منداڵەکان لە ئەستۆ نەگرێ، چارەنووسی ئەو منداڵانە چی دەبێ؟ دڵشاد عیسا دەڵێت "ئەوکات دەیانبەین بۆ خانەی نەوجەوانان لە سلێمانی".

# کابینەی نوێ لەژێر ڕەحمەتی قاسم سلێمانی-دا



بەهرۆز شوجاعی

ئێران بەو پارەیەی لە لابردنی گەمارۆکاندا بەدەستیهێنابوو، ژێرخانێکی تۆکمەی سەربازی و سیاسی بۆ کارتێکرن، دەستتێوەردان و گۆڕینی ئاراستە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهێناوە و لەگەڵ ڕووسیا — بەلای کەم، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست — کۆمەڵێک پارامێتری جیاوازتر بۆ جیهانی پاش-ڕۆژئاوای خوڵقاندووە. ئەمریکا بە هەندێک هەڵمەت، لەوانە مەرجە 12 ماددەییەکەی پۆمپیۆ، دەیەوێ ئەو پارامێترانە بەپێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی و هاوپەیمانانی، سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە. لێرەدایە کە عێراق و کورد دەکەونە بەر هێڵی ئاگری هەردوولا. ئەمریکا لە بەرامبەر فراوانخوازیی ئێران کۆمەڵێک مەرجی داناوە، دوو لەو مەرجانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هەلومەرجی سیاسی و سەربازیی عێراقەوە هەیە. لە مەرجی حەوتەمدا هاتووە کە "دەبێ ئێران دان بە سەروەریی حکوومەتی عێراقدا بنێ و ڕێگە بدات بە چەککردن، هەڵوەشاندنەوە و ئاوێتەکردنی میلیشیای شیعە بە سوپا (لە عێراقدا)." ئەم مەرجە بۆ عێراقێکی سەربەخۆ و دوور لە دەستتێوەردانی ئێران گرنگە و ڕەنگە ببێتە کلیلێک بۆ پێکهێنانی کوالیسیۆنێک لە نێوان هەندێک بلۆکی شیعە کە موقتەدا سەدر و سیستانی پاڵپشتی بن. بەڵام ئەگەر مەرجەکە بەسەر عێراقدا بسەپێنرێ، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا هەبێ. موقتەدا سەدر بە هەڵوێستە دژە ئەمریکییەکانی ناسراوە، هەرچەندە ئەمریکا هەوڵی نزیکبوونە لەم ڕەوتە دەدات. هەرچۆنێک بێ، سەرەڕای دوورکەوتنی، موقتەدا سەدر سوختەی مامۆستایانی لە ئێرانە و هەڵوێستەکانی قابیلی پێشبینی نین. عێراق نە لەڕووی ئابووری و نە لەڕووی سیاسییەوە دەتوانێ میلیشیا شیعییەکان هەڵوەشێنێتەوە. حەشد بازووی درێژی ئێرانە لە ناو عێراق، پارێزەری بەرژەوەندیی شیعە و هێزی پاڵپشتی چەندین ڕەوتی شیعەیە. لە پەرلەمانی عێراقدا کراوەتە بەشێکی شەرعی لە مەنزوومەی سەربازیی عێراق. تەنانەت ئەگەر لەو خاڵانە چاوپۆشی بکەین، ئەو ژمارە گەورەیە پاش هەڵوەشاندنەوە چی بەسەر دێت، کاتێک 30%ی گەنجانی عێراق بێکارن و داهاتی هەفتانەیان بەپێی گرووپی قەیرانی عێراق (Iraq Crisis Group-ICG) کەمتر لە 21 دۆلارە؟ یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی داعش و لە بەرامبەردا مۆبیلیزەبوونی شیعەکان لە بنیاتی حەشددا فاکتۆرە ئابوورییەکانی عێراق و بەتایبەت نەوەی گەنجی بێ ئاوات و نامۆبووی ئەم وڵاتە بووە. دوور نییە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم میلیشیایە، گرووپی توندڕەوتر دروست ببێ ئەگەر پلانێکی تۆکمەی بۆ ئەو میلیشیایانە نەبێ.

مەرجی یازدەهەم دەستنیشانی دەکات کە "ئێران دەبێ کۆتایی بە هەڵمەتەکانی فەیلەقی قودس بۆ یارمەتی تیرۆریست و پارتنەرە توندڕەوەکانی لە جیهاندا بهێنێ." ئێران لەبەر نەبوونی توانای سەربازیی هاوتەراز لەگەڵ ڕۆژئاوا/ ئەمریکادا، سەرمایەگوزاری لەسەر تواناسازی لە بواری شەڕی ناچوونیەک (asymmetric warfare) دەکات و لە قاڵبی میلیشیاتی جۆراوجۆر (حوسییەکان، میلیشیاتی سووری، حەشد و حیزبوڵڵا) ڕووبەری نفووزەکەی فراوان دەکات. گریمانەی ئەوەی کە ئێران بە ئاسانی واز لە ئامرازێکی ئەمنیەتی خۆی و کلیلێکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا بهێنێ، زۆر لاوازە. قاسم سولەیمانی، فەرماندەی ئەو فەیلەقە کە ئەمریکا باسی دەکات، بۆ تاوتوێکردنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، ڕۆژی دووەمی پاش هەڵبژاردنەکان، پێش ئەوەی مەکگورک بێتە سەر خەت، سەردانی بەغدا و هەولێری کرد.

## کابینەی نوێ، گۆڕەپانی کێشمەکێشی ئەمریکا و ئێران

کابینەیەکی چاکینە بۆ ئەمریکا بێگومان کابینەیەک بوو کە بە عەبادییەکی سەرکەوتوو هاتبایە دی. بەڵام سەرەڕای نەسرەکانی (سەرکەوتنەکانی) بە سەر داعش و کورددا، عەبادی نەیتوانی متمانەی دەنگدەری عێراق بەدەستبێنێ و بوو بە لیستی سێیەم. هەرچەندە سەرکەوتنی لیستی فەتحی حەشد چاوەڕوان دەکرا، بەڵام ئەوەی بۆ هەموو لایەنێک سورپرایز بوو، سەرکەوتنی لیستی سائیروونی موقتەدا سەدری ناسیۆنالیست بوو. ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە نە بەدڵی ئەمریکا و نە بەدڵی کۆماری ئیسلامییە. نە ئەو لایەنانەی کە نوێنەرایەتی ڕەوتی نزیک لە ئێران دەکەن دەتوانن سەربەخۆ کابینە پێکبێنن، نە ئەو ناسیۆنالیستانەش کە ئەمریکا ئاواتی کابینە دروستکردنی پێ بەستوون دەتوانن ئەو کارە بکەن. وەکوو هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010 کە لیستەکەی عەللاوی بە 91 کورسی لەدەرەوەی حکومەت مایەوە، ئەمجارەش ئەگەر هەوڵەکانی ئێران سەرکەوێ، دوور نییە سائیروون، حیکمە و وەتەنییە لە دەرەوەی حکوومەت بمێنن و کۆتایی بەو نفووزە کەمەی ئەمریکاش بێ. بەڵام ئەمجارە ئیدارەی ئەمریکا نە هەڵوێستی ئاپاتیک، بەڵکو هێرشکارانەی گرتووەتەبەر، بۆیە گفتوگۆ و بردن و هێنانی کابینەی نوێ لەوانەیە چەندین مانگ بخایەنێ.

## کورد و بەغدا

مەرجەکانی کورد لە بەغدا بەپێی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە چەند شێوە گۆڕاون:

1- ناسیۆنالیزمی عەرەبی شیعەی عێراقی سەر لەنوێ خۆی پێناسە دەکات. بنەماکانی ئەم ناسیۆنالیزمە جارێ بە تەواوی دیار نییە، ئایا ناوەندگەرایی نالیبراڵە، یان دیموکراتی نامەرکەزی. گرنگترین خاڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی نوێ لە عێراق، بە بەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبی سوننەی بەعسیدا، ئەوەیە کە بنەماکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی شیعە سێکولار نییە و باشتر لەگەڵ واقیعی عێراقی عەرەبیدا دەگونجێ. خاڵی دووەم لەم ناسیۆنالیزمە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی سێکولاری سوننە، ناسیۆنالیزمی عەرەبی شیعی پێگەیەکی زۆرینەی هەیە. لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، ناسیۆنالیزمی زۆرینە دەتوانێ زۆر کاراتر بێ و لەمەڕ ناسیۆنالیزمی گرووپە ئەتنییەکاندا زۆر مەترسیدارتر بێ.

2 -هاوسەنگیی سەربازی بە زیانی کوردە. پێشتر هەرێمی کوردستان خۆباوەڕیی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی عێراقی هەبوو. بەڵام هێزێکی شیعەی هاوچەشنی سوپای پاسداران لە ژێر چەتری حەشدی شەعبیدا، هێزێکی 70 هەزاری ئەزموونداری سوپای عێراق لە شەڕی داعش، جگە لە هێزە ئەمنییەکانی وەکوو پۆلیسی فیدراڵ، بوونی هێزی هەوایی و زرێپۆشی بەهێز ئەم هاوسەنگییەی تێکداوە. کورد ئێستا بەهێزێکی سەربازیی پەرتەوازە و دۆکترینی شەڕی ناچوونیەک ناتوانێ ڕووبەڕووی مەنزوومەی سەربازیی عێراق ببێتەوە. 16ی ئۆکتۆبەر ئەمەی سەلماند.

3- لایەنە کوردییەکان بەشێوەیەکی جەوهەری لە یەک دوورکەوتوونەتەوە و ئەو یەکگرتوویییەی کە کلیلی سەرکەوتنی کورد بوو لە بەغدا، نەماوە.

4- هێزێکی بیانی کە بتوانێ گەرەنتی دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد لە بەغدا بکات نییە. پاش شکستی داعش، ئێستا ژمارەی پەرسۆنێلی سەربازیی ئەمریکا لە 5500 کەسەوە کەمکراوەتەوە بۆ 4500. ئێستاش دیار نییە ئایا ئەمریکا ژمارەی پەرسۆنێلی سەربازی کەمتر دەکات یان پاش هەڵمەتەکانی پۆمپیۆ و بۆلتۆن ئەم ژمارەیە زیاتر دەکرێت.

5- لیستە براوەکانی شیعە هەست بە سەرکەوتن بەسەر کورددا دەکەن و دانی ئیمتیاز بە کورد (جگە لە چەند پۆستێکی وەزاری و تەشریفاتی) ئەستەم دیارە.

لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجانەدا چەند خاڵ هەن کە دەتوانن پێگەی کورد لەبەرامبەر بەغدادا بەهێز بکەن.

1 - شەڕەکانی پردێ و سحێلا و ... بۆ عێراقی سەلماند کە هەرێمی کوردستان ئیتر نە تەنیا کیانێکی سیاسیی زیندوو و بەردەوامە، بەڵکو ئەمری واقیعێکی سەربازییە، واتە پارووێکی وا ئاسان نییە بۆ قووتدان. یەکێک لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی لیستی نەسر شکستی هێزە عێراقییەکان بوو لەم شەڕانەدا. داگیرکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان دەیتوانێ ببێتە کلیلی سەرکەوتنی نەسر، چونکە شەقامی شیعە چاوەڕوانی ئەو سەرکەوتنە بوو کە بەدی نەهات!

2- ئەگەر شرۆڤەیەکی بەرایی لە هەردوو مەرجەکەی حەوتەم و یازدەیەمی ئەمریکا بەرامبەر ئێران بکەین، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەرجانە ئەمریکا پێویستی بە کورد دەبێت بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە بەغدا و ڕەنگە پێگەی سیاسی — و تەنانەت پێگەی سەربازی — هەرێم، لە ئەگەری چڕکردنی هەوڵەکانی ئێران بۆ بەکارهێنانی پرۆکسییەکانی لە عێراقدا، بەهێزتر بکات.

3- لەڕووی ئابوورییەوە ئێران پێویستی زیاتری بە هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەگەر هاتوو گەمارۆکانی ئەمریکا بکەوێتەوە بواری جێبەجێکردن. هەرێمی کوردستان دەبێتە دەرگایەک بۆ دابینکردنی دراوی (دۆلار) بۆ ئێران.

## کورد لە بەغدا چی بکات؟

ئەزموونەکانی پێشتر پیشانمان دەدەن کە بە وەرگرتنی چەند پۆستێکی وەزاری، مافە دەستوورییەکانی کورد دەستەبەر ناکرێن. واتە دەبێ کورد لە میکانیزمێکی تۆکمەتر بۆ دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانی بگەڕێ. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەپێی پارامێتری زۆرینەی پەرلەمانی بریار دەدات، کەواتە دیموکراسی تەوافقی لەو پەرلەمانە لەم هەلومەرجانەدا ئەستەمە پەیڕەو بکرێت. گرنگترین میکانیزمی پێکهاتەی فیدراڵی عێراق ئەنجوومەنی فیدراڵییە کە بەپێی مادەی 48 یەکێک لە هێزەکانی یاسادانانە لە عێراقدا و دەبێ لە نوێنەرانی هەرێمەکان و پارێزگاکان پێکبێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە دەبوو پاش پێکهاتنی دەوری یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی فیدراڵی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان بەپێی مادەی 137 پێکبهاتایە، هێشتا مادەی 65ی دەستوور جێبەجێ نەکراوە. گرنگترین خاڵ ئێستا بۆ کورد لە بەغدا پێکهێنانی ئەنجوومەنی فیدراڵییە کە ببێتە میکانیزمێک لە بەرامبەر زۆرینەی شیعە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا.

## ئەنجام

مادەکانی پەیوەست بە ئەنجوومەنی فیدراڵی دەبێ یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ڕۆژەڤی نوێنەرانی کورد بێ لە بەغدا. دیموکراسیی تەوافوقی زۆر بە ئاسانی بە زەبری هێز، بەپێی نەریتی وڵاتە نادیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناکاریگەر دەکرێ. تەنیا ڕێگا بۆ دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد لە عێراق کاراکردنی خودی دەستوورەکەیە نەک کێشمەکێش لەسەر پۆستی سەرۆککۆمار و چەند وەزارەت.

# هاوپەیمانێتیی نێوان قەوارەکان.. بەربەست و چارەسەر



ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی*

## پێشەکی:

لە پرۆسەی سیاسیدا زۆر جار قەوارە سیاسییەکان بەخواستی خۆیان یاخود بەناچاری، پەنا بۆ دروستکردنی بەرە یان هاوپەیمانێتی دەبەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجەکانیان بەدی بهێنن. بەڵام هەندێجار بەهۆی کەشی سیاسی و کولتووری دەنگدان و سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە گرفت و بەربەستیان بۆ دروست دەبێت کە دەخوازێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزا قسەی تێدا بکەن و چارەسەر بخەنەڕوو تا بتوانن هاوپەیمانییەکی سەرکەوتوو دروست بکەن.

ژینگەی هەرێمی کوردستان بەداخەوە تا ئێستا ژینگەیەکی نادروستە بۆ پرۆسەی دیموکراسی، ئەوەندەی موزایەدات و یەکتر شکاندن زاڵە بەسەریدا، ئەوەندە باسکردن نییە لە پرۆژە و کاری هاوبەش و چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. ئەمەش هەمیشە لێکترازان و لێکدوورکەوتنەوەی قەوارە سیاسییەکانی بەدواوە بووە کە بەهۆیەوە بنکە جەماوەرییەکەشیان دژایەتی توندی یەکتریان کردووە و ئیدی نەیانتوانیوە پێکەوە کار بکەن.

لەلایەکی دیکەش، سیستەمی هەڵبژاردن کە ئێستا سیستەمی لیستی نیمچە کراوەیە، هاندەر نییە بۆ هاوپەیمانێتیی نێوان قەوارەکان کە تێیدا گەرەنتی نییە بۆ هاوسەنگی و دەرچوونی کاندیدەکانی هەر قەوارەیەک، بەپێچەوانەی لیستی داخراو کە قەوارەکان دەتوانن بەڕیزبەندی کاندیدەکانیان دەستنیشان بکەن، ئەگەرچی ئەویش بێ کێشە نییە.

سوودی هاوپەیمانێتی چییە؟.. بەربەست و گرفتەکانی کامانەن؟.. چۆن هاوپەیمانییەکی سەرکەوتوو پێکبهێنرێت؟.. وەڵامی ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لەم وتارەدا دەخەینەڕوو.

## هاوپەیمانێتی یان قەوارەی تەنیا؟

لەبەر ئەو ژینگە ناتەندروستەی کە باسکرا، هەمیشە قەوارەی تاک ڕووبەڕووی زۆرترین هێرش دەبێتەوە لەلایەن زۆرترین ڕکابەرەوە، ئەم پێکدادانە توندەی نێوان ئەو قەوارانەی کە هاودید و هاوئامانجن هەمیشە بەزیانی خۆیان و قازانجی ڕکابەرەکانیان کۆتایی دێت. بۆیە دروستکردنی هاوپەیمانی و بەرەیەکی فراوان لەو قەوارانە بە قازانج دەشکێتەوە.

## سوودەکانی هاوپەیمانی:

هاوپەیمانی ئەگەر بەشێوەی بەرفراوان و تەندروست پێکبهێنرێ و ڕەچاوی قەبارە و سەنگ و جوگرافیای هەر قەوارەیەک بکرێت و لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی زانستی بێت چەندین سوودی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە:

1- بنەمایەکی زانستی و کارگێڕییە کە کۆی بەرهەمی کاری بەکۆمەڵ زۆر زیاترە لە کۆی کاری ئەو کۆمەڵە کەسە بە جیا جیا. لەسەر ئەم بنەمایە ژمارەی کورسی بەدەستهاتووی قەوارەکان پێکەوە لەهاوپەیمانییەتێکی تەندروستدا زۆر زیاترە لە کۆی سەرجەم کورسی بەدەستهاتووی قەوارەکان بەتەنیا.

2- لەهاوپەیمانێتیدا دەتوانرێت سەرۆک لیستێکی بەتوانا و کاریگەر و کاندیدی لێهاتوو لە سەرجەم بوارەکاندا پێشکەش بکرێت.

3- سوود لەسەرجەم دامەزراوە میدیاییەکانی هەموو قەوارەکان و چالاکڤانانی بواری مەدەنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگیرێت بە قازانجی هاوپەیمانێتییەکە و سەرجەم قەوارەکانی.

4- لەبری پێکدادان و دژایەتیکردنی یەکدی و بەهەدەردانی تواناکان، هەموو تواناکان بەیەک ئاراستە بۆ قازانجی هاوپەیمانێتییەکە بەگەڕ دەخرێن.

5 - بەرنامەیەکی تۆکمەی هەڵبژاردن بۆ هاوپەیمانێتییەکە دادەنرێت کە زیاتر جێگای متمانە بێت لای جەماوەر، چونکە بەرنامەی گەورە و گشتگیر بۆ قەوارەی بچووک زۆر جێی متمانەی جەماوەر نییە.

6 - لەڕووی جوگرافییەوە هیچ بۆشاییەک جێناهێڵرێت کە چالاکی هاوپەیمانێتی تێدا نەکرێت و تەنیا لایەنێک تێیدا باڵادەست بێت.

7- هاوپەیمانێتی دەتوانێت زۆرترین دەنگی خۆڵەمێشی کێش بکات و ئەو کەسانەشی کە دوو دڵن لە دەنگدان ئاسان ڕازی دەکرێن بۆ ئەوەی دەنگی پێبدەن.

8- ئەگەر زۆرینە بەدەست بهێنن توانای گرتنە دەستی دەسەڵات و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران و پۆستی دیکەی سیادی گرنگیان هەیە.

9- لەپەرلەمان و لیژنەکاندا زۆرترین کاریگەرییان هەیە و زۆرترین توانایان هەیە بۆ گۆڕانکاری و هەمواری یاساکان و پێشکەشکردنی پرۆژەی هەمەچەشن.

10 - بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکەمترین تێچوون و کەمترین کات زۆرترین کار و چالاکی دەکەن، ئەویش بە سود وەرگرتن لەتوانا و کەرەستە و پێداویستیەکانی یەکدی.

11 - لەڕووی مەعنەوییەوە زۆرترین کاریگەری لەسەرجەماوەردادەنێن، چونکە گردبوونەوە و چالاکی گەورە و هەڵمەتی میدیایی گەورە بەیەک ئاراستە جەماوەر دڵخۆش دەکات و هیوای پێدەبەخشێت، زۆرترین لایەنگری بۆ هاوپەیمانێتییەکە دروست دەکات، بەتایبەت لەکوردستان کە بەردەوام لێکترازان و دژیەکی هەبووە.

## بەربەستەکانی بەردەم هاوپەیمانێتییەکان چین؟

لەکاتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیدا بەردەوام کۆمەڵە گرفت و بەربەستێک ڕووبەڕووی قەوارەکان دەبێتەوە کە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکە سەخت و گران دەکات، گرنگترینیان بریتین لە:

1 - دیاریکردنی قەبارەی ڕاستەقینەی هەر قەوارەیەک.

2- سەرۆکی لیست لە کام قەوارە بێت؟

3- هەموو قەوارەیەک هەوڵدەدات زۆرترین کاندیدی دەربچێت.

4- خۆلادان لەکارو ئەرک و چالاکی.

5- دوو دڵی و گومان و ترس لای قەوارەکان لەوەی فێڵ بکرێت هاوپەیمانێتییەکە بە زیانی ئەو کۆتایی بێت.

6- هەندێ لەسەرکردە و جەماوەری قەوارەکان حەز بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی ناکەن بەهۆکار و پاڵنەری جیا جیا و لەوانەیە هەوڵی تێکدانی بدەن، بە لێدوانی میدیایی و دروستکردنی دڵەڕاوکێ لەناو جەماوەر و ڕێکخستنی قەوارەکانیان.

7- جیاوازی دید و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیا و حاڵەتی نەفسی ئەندامان کە پێشتر دژ بەیەک کاریان کردووە سەختە بەئاسانی تێکەڵ بکرێن و بۆ یەک ئامانج ئاراستە بکرێن.

8- لەهەموو ئەمانەش گرانتر چۆن لەداهاتوودا دەستکەوت و پۆست و ئیمتیازاتەکان دابەش دەکرێن؟

## بنەماکانی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی تەندروست کامانەن؟

بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەهەر ژینگەیەکدا کۆمەڵە بنەمایەکی زانستی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گرنگن، لە خوارەوە بەکورتی تیشک دەخەینەسەرگرنگترینیان:

1 - یەکەمین هەنگاو بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی نیازپاکییە لەلایەن سەرجەم قەوارەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی.

2- پێکهێنانی تیمێکی شارەزا و پسپۆڕ لەبواری جیاجیادا لە سەرجەم قەوارەکان بۆ دیراسەکردنی وردەکارییەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە، کە توانای دانوستاندن و بڕیاردانیان هەبێت و لە سەرجەم وردەکارییەکانی بواری هەڵبژاردن و دەوڵەتداری و بابەتە پەیوەندیدارەکانی شارەزا بن.

3- دانانی کەسانی پەسەند لەو تیمانەدا کە لای قەوارەکانی دیکەن پەسەند بن و حەز بەکاری هاوبەش بکەن، تا بە ئاسانی بگەنە ئەنجام و گرفت دروست نەکەن.

4 - هەر قەوارەیەک قەبارەیەکی ڕێژەیی گونجاوی بۆ دەستنیشان بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش ژمارەی کاندیدە بەشداربووەکانی دیاری بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش ئەرکی دارایی و چالاکییەکانیشی پێ بسپێردرێت. لەگەڵ ڕەچاوکردنی کۆتای ئافرەت بەشێوەیەکی گونجاو..

5 - پێویستە هاوپەیمانێتییەکە ژمارەی بەئامانجگیراوی خۆی لەهەڵبژاردنەکاندا دەستنیشان بکات و هێندەی ئەو ژمارەیە کاندیدی کارای هەبێت. ئەگەر بە باش زانرا کاندیدی دیکە هەبێت بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، ئەوا تەنیا کاندیدی لاوەکی بن، بۆ ئەوەی هاوسەنگی قەوارەکان تێکنەچێت لە ژمارەی کاندیدە سەرکەوتووەکاندا.

6- جگە لە ژمارەی کاندیدەکان، جۆری کاندیدەکان و شێوازی دابەشبوونیان ڕەچاو بکرێت لەڕووی پسپۆڕی و شوێنی جوگرافی و باری کۆمەڵایەتی و عەشیرەت .... بەشێوەیەک بتوانن زۆرترین دەنگی جەماوەر بەدەست بهێنن، بەبێ ئەوەی زیان بەکاندیدەکانی یەکدی بگەیەنن.

7 - دەستنیشانکردنی کاندیدەکانی هەر قەوارەیەک بەشێوەیەک بێت کە زۆرترین کاندیدی سەربخات، ئەمەش وا دەخوازێت کە ڕەمزی زۆر گەورە و دیار کاندید نەکات کە زۆرترین دەنگی لایەنگرانی بۆ بڕوات. چونکە بەزیانی کاندیدەکانی دیکەی هەمان قەوارە کۆتایی دێت. بەڵکو کاندیدی مامناوەند دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی لەڕیزبەندی دەرچوواندا زۆرترین ژمارەیان هەبێت. ئەمەش بەئاراستەکردنی لایەنگران و شێوازی دابەشکردنی کاندیدەکانی دەبێت لە ڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ....

8- هەماهەنگی نێوان کاندیدی قەوارەکان بەشێوەیەک بێت زیان بەیەکدی نەگەیەنن لە چالاکییەکانیاندا. ئەویش بە دانانی چەند بنەمایەک وەک (بنەماکانی ڕەفتارکردن) بنووسرێت و لەلایەن سەرجەم قەوارە و کاندیدەکانەوە واژۆ بکرێت و پێیەوە پابەند بن لەکاتی کارکردندا.

9- ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵە بنەمایەک بۆ دابەشکردنی کاندیدە سەرکەوتووەکان و دەستکەوتەکانی داهاتووی هاوپەیمانێتییەکە، لەڕێی پێکهێنانی تیمێکی پسپۆڕ کە هاوکێشەکان ڕێک بخات بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەی لەو بوارەدا دێنەپێش، بۆ نمونە:

ا- دیاریکردنی دەنگ و ڕێژەی هەر قەوارەیەک لەڕێی کۆکردنەوەی دەنگی سەرجەم کاندیدەکانی هەر قەوارەیەک.

ب- دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ژمارەی کاندیدە سەرکەوتووەکانی هەر قەوارەیەک و ژمارەی دەنگەکانی تا بزانرێت ڕادەی هاوسەنگی و لاسەنگی چەندە.

ج - هاوسەنگکردنی کۆی دەنگی هەر قەوارەیەک و ژمارەی کاندیدە سەرکەوتووەکانی هەر قەوارەیەک، لەڕێی پاشەکشەکردنی هەندێ کاندیدی سەرکەوتووی ئەو قەوارانەی کاندیدی زیاتر لە قەبارەی خۆی سەرکەوتووە. ئەم چارەسەرە ئاڵۆزە کە پەیوەستە بە مافی ئەو کاندیدانە و ریزبەندی کاندیدی قەوارەکانی دیکەوە.

د- ئەگەر برگەی (ج) پیادە نەکرا، ئەو قەوارانەی کاندیدی کەمتریان سەرکەوتووە بەبەراورد بەدەنگی قەوارەکە، بە پۆست و ئیمتیازاتی دیکە قەرەبوو بکرێنەوە.

ە- چارەسەرێکی دیکە، دانانی هاوکێشەیەکە بۆ ژمارەی دەنگ و کاندیدی سەرکەوتووی هەر قەوارەیەک. بۆ نمونە 65% بۆ دەنگی بەدەستهاتووی قەوارەکە و 35% بۆ ژمارەی کاندیدە سەرکەوتووەکان. بەم شێوەیە دەتوانرێت ڕێژە و قەبارەی هەر قەوارەیەک دەستنیشان بکرێت و خاڵبەندیان بۆ بکرێت و خاڵیان بدرێتێ.

و- بۆ هەر پۆست و ئیمتیازاتێکی بەدەستهاتوو لەداهاتوودا، لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ و تایبەتمەندەوە خاڵ دابنرێت بۆ پۆستەکان، لەسەر بنەمای خاڵ پۆستەکان بدرێتە قەوارەکان.

ز- ئەگەر قەوارەکان ڕێکنەکەوتن لەسەر پۆستەکان، دەکرێت بەپێی زۆرترین دەنگیان بژارە بدرێتە قەوارەکان بۆ وەرگرتنی پۆستەکان. واتە ئەو قەوارەی زۆرترین دەنگی هەیە یەکەمجار پۆستێک هەڵبژێرێت، پاشان قەوارەی دووەم و سێیەم و ...تا دوایی، بەو مەرجەی خاڵی پۆستەکان لەگەڵ خاڵە بەدەستهاتووەکانی قەوارەکاندا گونجاو بن.

ح- دۆزینەوەی هەر ئالیەتێکی دیکە کە بەسوودی هەمووان کۆتایی بێت.

## لەکۆتاییدا:

پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆگەیشتنە بە ئامانجە هاوبەشەکان، ئەمەش کاتێک بەدی دێت کە سەرجەم قەوارە بەشداربووەکان براوە بن. ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەم وردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیە دەبێت لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و خاوەن دیدگاوە تا ڕەنگرێژی ئێستا و داهاتووی کارەکانیان بکەن و هەموو ئەگەرەکانی تاوتوێ بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بخەنەڕوو، بەپێچەوانەوە بەزیانی گەورە کۆتایی دێت لەسەر ئاستی قەوارەکان و بنکە جەماوەرییەکان و کۆی پرۆسەی سیاسی وڵات.

*** بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیاران، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی لە هەرێمی کوردستان**

# خەڵاتی وازهێنان لە جگەرە، ئۆتۆمبێلێکە



**رووداو- هەولێر**

تۆڕی میدیایی رووداو) بۆ ساڵی)) دووەم پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆی راگەیاند و ئەمساڵ فراوانتر و بەهێزتر لە ساڵی رابردوو پرۆژەکە جێبەجێ دەکرێت.

دێسکی تەندروستیی (تۆڕی میدیایی رووداو) لە رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشاندا پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆی راگەیاند و لە ماوەی سێ رۆژی یەکەمدا زیاتر لە هەزار کەس ناوی خۆیان تۆمار کردووە.

د.فەتاح هەورامی، سەرپەرشتیاری پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ و مامۆستای زانکۆی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی دەڵێت، ئەمساڵ پرۆژەکە دوو جیاوازی گەورەی لەگەڵ ساڵی پار هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە کلینیکی ئەنتیتۆباکۆ دەکەنەوە بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری پزیشکی و دەروونی بۆ ئەو کەسانەی واز لە جگەرەکێشان دەهێنن، دووەمیان ئەوەیە کە خەڵاتی ئەمساڵ ئۆتۆمبێلە و زنجیرە مارکێتەکانی تیمارت دابینی کردووە.

ئەنتیتۆباکۆ لە شێوەی کەمپینێک دەبێت، لە دوای راگەیاندنی لە 2018/5/31 دێسکی تەندروستیی (تۆڕی میدیایی رووداو) رۆژانە لە رێگەی ژانرە جیاوازەکانی رووداوەوە هۆشیاری و زانیاریی تەندروستی سەبارەت بە زیانەکانی جگەرەکێشان، رێگەکانی وازهێنان و سوودەکانی دوورکەوتنەوە لە بەرهەمەکانی تووتن بڵاودەکاتەوە.

ناو تۆمارکردن چوار هەفتە دەخایەنێت و دوای ئەوە قۆناغی پشکنین دێت، لە دوای ئەوەی بەشداربووان بە سێ فلتەری پزیشکیدا دەڕۆن، ئەوانە جیادەکرێنەوە کە وازیان لە جگەرەکێشان هێناوە، پاشان دەخرێنە نێو تیروپشکێکی ئاشکرا و براوەکان رادەگەیەندرێن.

سەبارەت بە پشتگیرییەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، د.فەتاح هەورامی دەڵێ: "ئەوان پاڵپشتییەکی مەعنەوی باشمان دەکەن، لەرووی زانستیشەوە هاوکاریمان دەکەن، هاوکات پرۆژەکە دەرفەتێکی باشە بۆ تیمەکانی ئەوان بۆ ئەوەی بیکەنە کێڵگەیەکی زانستی باش و توێژینەوەی جیاوازی پزیشکی لەسەر بکەن".

د.هونەر رێبوار لە دێسکی تەندروستیی (رووداو) دەڵێت دوای شەش هەفتە لە کەمپینی دژەجگەرە و بەڕێوەچوونی پرۆژەکە، لە رۆژی 2018/7/17 لە رێورەسمێکی شایستەدا سەرکەوتووان خەڵات دەکرێن.

ساڵی رابردوو بۆ یەکەمجار (رووداو) پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆی راگەیاند، بەشداریی بەرفراوانی هاووڵاتیان لە باشوور، باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان بووە یاریدەدەرێکی باشی سەرکەوتنی پرۆژەکە، کوردی تاراوگەش بەشدارییان لە پرۆژەکەدا کرد، ژمارەی بەشداربووان لە یەکەم ئەنتیتۆباکۆدا گەیشتە نزیکەی چوار هەزار کەس و هەموویان هاوشێوەی ئەمساڵ لە رێگەی بانەرێکی سایتی رووداو فۆرمیان پڕکردەوە و بەشدارییان لە پرۆژەکەدا کرد.

# زانیاریی نوێ لەبارەی وردەکیسی هێلکەدان



**رووداو- BBC**

توێژینەوەیەکی نوێ دەڵێ گرفتێکی هۆرمۆنی هۆکاری تووشبوونە بە وردەکیسی هێلکەدان کە هۆکارێکی سەرەکیی نەزۆکی و چەندین گرفتی دیکەی خانمانە.

توێژەرەکان پاش دەستنیشانکردنی ئەو گرفتە هۆرمۆنییە، بۆ یەکەمجار توانیویانە لە مشکدا کێشەی وردەکیسی هێلکەدان بنەبڕ بکەن تەنیا بە رێککردنەوەی ئەو گرفتەی بۆیان دەرکەوتووە لە پشت هۆکاری تووشبوونە بەو نەخۆشییە باوەی خانمانی ئێستا.

ئێستا پێنجیەکی خانمان تووشی وردەکیسی هێلکەدان دەبن کە لەمپەر دەخاتە بەردەم کاری ئاسایی هێلکەدان و دەبێتە هۆی نەزۆکی و تێکچوونی سووڕی مانگانە.

رۆبەرت نۆرمان، مامۆستای زانکۆی ئادەلاید لە ئوستراليا، بە جۆرناڵی زانستی (نیو ساینتست) ی گوت: "کۆ نیشانەی وردەکیسی هێلکەدان لە گرفتە هۆرمۆنییە هەرە بڵاوەکانی خانمانە لە سەرتاسەری جیهان، کەچی وەکو پێویست گرنگی بە بنەبڕکردنی نەدراوە".

## نیشانەکانی وردەکیسی هێلکەدان

ئەو خانمانەی وردەکیسی هێلکەدانیان هەیە، لەوانەیە هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆیان نەبێ و نەزانن کە تووشی ئەو حاڵەتە بوون، بەڵام لە هەندێکی دیکەدا نیشانەی هەن کە ئەمانە گرنگترینیانن:

– نارێکبوونی سووڕی مانگانە یان نەمانی، ئەوەش واتای ئەوەیە هێلکە بەشێوەیەکی سروشتی دانابەزێت

– دووگیانبوونی زەحمەت.

– پەیدابوونی زیادە موو، بە تایبەت لە ژێر چەناگە، سنگ و ئەو شوێنانەی کە ئاسایی لە پیاواندا موویان هەیە نەک خانمان، هۆکارەکەش زیادبوونی هۆرمۆنی نێرینەیە.

– زیادبوونی کێشی جەستە.

– چەوربوونی پێست و تووشبوون بە زیپکە.

توێژەرانی (ئەنستتیوتی فەرەنسی بۆ تەندروستی و توێژینەوەی پزیشکی) دەڵێن رەنگە رێگاخۆشبوونی تووشبوونی خانمێک بە وردەکیس هەر ئەوکاتە دەستپێبکات کە هێشتا لە سکی دایکیدایە، ئەویش بەهۆی بەرکەوتنی هۆرمۆنی (AMH) لە منداڵدانی دایکیدا.

توێژەرەکان بۆیان دەرکەوت ئەو خانمانەی وردەکیسیان هەیە و دووگیانن، بە رێژەی 30% ئەم هۆرمۆنە لە خوێنیاندا بەرزترە لە خانمانی دیکە.

ئەو خانمانەی وردەکیسیان هەیە، لە داهاتوودا کچەکانیشیان زیاتر لە کچانی دیکە تووشی وردەکیس دەبن، توێژەرەکان دەستیاندایە توێژینەوە تاوەکو لە بنەمای ئەم پاڵنەرە بۆماوەییە تێبگەن.

توێژەرەکان دەرزیی هۆرمۆنی (AMH) یان لە مشکی دووگیان دا و دواتر بەدواداچوونیان بۆ بێچووەکانیان کرد. لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەو مشکە مێیانەی پاش ئەم سکە لەدایکبوون، لە داهاتوودا زۆرتر تووشی نیشانەکانی وردەکیسی هێلکەدان بوون، بە تایبەت تێکچوونی سووڕی مانگانە و دووگیانبوونی زەحمەت. کەچی کاتێک دەرمانی دژە نەزۆکی لە مشکەکان درا، نیشانەکانی وردەکیسی هێلکەدانیان نەما.

توێژەرەکان بە جۆرناڵی "نیو ساینتیست" یان گوتووە "بە تێگەیشتن لە هۆکاری تووشبوون بە وردەکیس، رێی تێدەچێ ئیدی بتوانین پرۆسەی دابەزینی هێلکە لە کەسانی تووشبوودا رێکبخەینەوە و لە نەزۆکی دووریان بخەینەوە".

# گوێی ناوەڕاستی منداڵ بۆ هەودەکات؟

**رووداو- ئاژانسەکان**

هەوکردنی گوێی ناوەڕاست بۆ منداڵان زۆر بە ئازارە، زۆر کاتیش پەیوەندی هەیە بە هەوکردنی لەوزەتێنەوە و هۆکارەکانیشی جیاوازن، بەڵام هەندێک کلیل هەن کە وات لێدەکەن هۆکارەکە تا رادەیەک بزانی، ئاڵۆزکارییەکانی پشتگوێخستنی ئەم نەخۆشییەش کەم نین،، هەر لە دڕانی پەردەی گوێ تاوەکو گوێگرانی.

هەوکردنی گوێی ناوەڕاست لە منداڵدا جگە لە ئازار، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و سەرگێژبوون. کریستین تایشمان، پزیشکی ئەڵمانی پسپۆڕ لە قوڕگ و لووت و گوێ، دەڵێ هەوکردنی لەوزەتێن هۆکاری سەرەکیی هەوکردنی گوێی ناوەڕاستە لە منداڵاندا "کاتێک لەوزەتێن هەڵدەئاوسێن بەهۆی تووشبوون بە پەتایەکی میکرۆبی، ئەو جۆگەیە دەگرن کە لەنێوان گوڕگ و گوێدایە، ئەمەش شلە و هەوا لە گوێدا قەتیس دەکات و ئەگەری تووشبوون بە هەوکردن زیاد دەکات".

رێڕەوی کۆئەندامی بیستن لە منداڵدا کورتترە، ئەوەش ئاسانکاری بۆ میکرۆب و ڤایرۆسەکان دەکات کە بگەنە گوێی ناوەڕاست و تووشی هەوکردنی بکەن.

لە کاتی خەوتندا گوشارەکانی گوێی ناوەڕاست هەوکردن زیاد دەکەن، ئەوەش ئازارێکی زۆر دروست دەکات. وەک دەبینین زۆرکات ئازاری گوێ لە شەوان و پاش خەوتندا بۆ منداڵان دێت و خەوی خۆیان و خانەوادەکەیان دەزڕێنێ.

د.تایشمان دەڵێ: "لە گوێچکەی هەوکردوودا شلەیەکی لینج لە پشت پەردەی گوێ کۆدەبێتەوە، ئەوەش گوشارێکی نائاسایی لەنێو گوێ دروستدەکات و دەبێتە هۆی ئازارێکی توند".

ئەگەر سەیری قووڵایی گوێی منداڵەکەت بکەیت و ببینی کە پەردەی گوێی سووربووەتەوە و ئاوساوە و شلەیەکی لێڵی لە پشتە، ئەوە نیشانەیەکی روون و ئاشکرای هەوکردنی گوێی ناوەڕاستە.

## چارەی هەوکردن

وەک پزیشکە ئەڵمانییەکە دەڵێ، سەرەتا دەرمانی دژە ئازار و تا بدە بە منداڵەکەت (وەکوو پاراسیتۆل و ئیبۆپرۆفین) و دەبێ لە ماوەی دوو رۆژدا تێبینی باشبوون بکەیت. بەڵام ئەگەر باش نەبوو، ئاوە لێڵەکەی گوێچکەی هەر مابوو، ئەوە دەبێ پزیشک پشکنینی بۆ بکات و ئەگەر بۆی دەرکەوت هۆکاری هەوکردنەکە بەکتریاییە نەک ڤایرۆسی، دەرمانی دژە زیندەی بۆ دیاری بکات.

خۆ ئەگەر گوشاری نێو گوێ هێندە زۆر بوو پەردەی گوێی دڕاند، ئەوە مانای وانییە کەسەکە نابیست دەبێ، نەخێر، دواتر خۆبەخۆ پەردەکە چاک دەبێتەوە. چەندبارەبوونەوەی دڕانی پەردەی گوێ، دەبێتە هۆی گوێگرانی، بەڵام لەدەستدانی یەکجاریی بیستن ئێجگار دەگمەنە.

ئەگەر دوای هەوکردنی گوێ، منداڵەکەت تووشی گوێگرانی بوو، ئەوە دەبێ سەردانی پزیشکی پسپۆڕی قوڕگ و لووت و گوێ بکەی، چونکە هەندێجار هۆکارەکە بەجێمانی هەندێک لینجاو و کێمە لەنێو گوێدا کە دڕانەکە تەواو پاکی نەکردووەتەوە و دەبێ پسپۆڕەکە بە ئامێری تایبەتی خاوێنی بکاتەوە.



# زۆر مانەوە بە دیار شاشەوە، شێرپەنجە دروستدەکات



**رووداو- ئاژانسەکان**

توێژینەوەیەکی نوێ پەیوەندی دۆزیوەتەوە لەنێوان زۆر مانەوە بە دیار شاشە جیاوازەکان لەلایەک و تووشبوون بە شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ لەلایەکی دی.

توێژینەوەکە لەلایەن زانکۆی گلاسگۆ لەسەر 390هەزار و 89 کەس کراوە، خەمڵاندن کراوە بۆ ئەو ماوەیەی لەکاتی پشوودا لە بەرامبەر شاشەکان بەسەری دەبەن و لێکەوتەکانی لەسەر تەندروستییان. لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەوانەی کاتەکانی پشوو بەدیار شاشەوە بەسەردەبەن، دوو هێندەی کەسانی دیکە تووشی نەخۆشی دەبن.

بەشێک لە خەڵکی وای دەبینن هۆکاری ئەم لێکەوتە نەرێنییەی مانەوە بە دیار شاشەوە، ئەوە بێ کەسەکە کاتێکی تەمبەڵانە بەسەر دەبات و لە چالاکی جەستەیی دوور دەبێ. بەڵام توێژەرەکان گوتوویانە هۆکارەکە تەنیا ئەوە نییە، چونکە ئەوانەی بە دیار شاشەوە دەمێننەوە، زۆرتر تووشی نەخۆشی دەبن لەوانەی هەر تەمبەڵن و ناجووڵێن.

توێژەران بۆیان دەرکەوت مانەوەی زۆر بە دیار شاشەوە، ئەگەری مردن بە هەر هۆکارێک زیاتر دەکات لەچاو کەسانی دیکە، هەروەک زۆرتر تووشی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ دەبن.

# باشووری ڕۆژئاوای سووریا و ئەگەری پێکدادانی ئیـ


"مۆسکۆ لەوە دەترسێ شەڕی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و لایەنگرانی ڕژێم بۆ شەڕێکی گەورەتر لە نێوان ئیسرائیل و ئێران بگۆڕێ"

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی دیمەشق هەڕەشەی هێرش بۆ سەر باشووری ڕۆژئاوای سووریا دەکات، هەنگاوێکی لەو جۆرە نەک هەر ئەگەری پێکدادانی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران و میلیشیا شیعەکان بەهێز دەکات، بەڵکو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێران و ڕووسیاش لە سووریا دەخاتە مەترسییەوە.

باشووری ڕۆژئاوای سووریا لە چەند ساڵی ڕابردوودا یەکێک لە ناوچە ئارامەکانی ناو ئاگری شەڕی نێوخۆی سووریا بووە و وەکو مۆدێلێکی سەرکەوتوو بۆ دامەزراندنەوەی سووریا سەیر دەکرا. یەکێک لەو فاکتەرانەی وای کردووە پێکدادانی هێزەکانی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن لەو ناوچەیە لە کەمترین ئاستیدا بێ، ئەوەیە کە ئەو ناوچەیە دراوسێی ئیسرائیلە، بۆیە ڕژێمی سووریا و لایەنگرانی بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ناوچەیە کردووە.

فاکتەرێکی دیکە ڕێککەوتنەکەی مانگی تەمووزی 2017ی نێوان ئەمریکا، ڕووسیا و ئوردن بوو بۆ دروستکردنی زۆنی ئارام لەو ناوچەیە. جیا لەمە، پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی سووریا کەناڵێکی گەورەی بۆ هاتنی دەرمان و خۆراک و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانی ڕۆژانە بۆ ئەو ناوچەیە کردووەتەوە، بەهۆی ئەم هاوکارییانەوە گرووپە توندڕەوە سوننەکان نەیانتوانی جێی خۆیان لەناو خەڵکی ئەو ناوچانەدا بکەنەوە و ڕێکخراوە مرۆییە سوورییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە پاراستنی سەقامگیریی ئەو ناوچەیەدا بینی.

ڕۆژی 25ی ئایار، هێزی ئاسمانیی ڕژێمی سووریا بەیاننامەی بەسەر ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای سووریادا بڵاوکردەوە و داوای کرد کە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن خۆیان ڕادەست بکەن، هاوکات دەستی بە تۆپبارانی پارێزگای درعاش کردووە. لە هەموو ئەوانە مەترسیدارتر گواستنەوەی هێزێکی میلیشیاییە لە نزیک دیمەشقەوە بۆ ئەو ناوچەیە. میدیای نزیک لە ڕژێمی سووریا دەڵێن هێزەکانی لایەنگری بەشار ئەسەد خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر ئەو ناوچەیە ئامادە دەکەن.

ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هەواڵەکانی میدیای نزیک لە حکومەتی سووریا ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە ئەو پڕوپاگەندانە بۆ ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ناوچەیە ناچار بکەن بە دانوستاندن و مەرجەکانی حکومەت ڕازی بن. ڕائید ڕازی، فەرماندەی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لە درعا بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "هیچ هێزێکی سەربازیی ڕژێممان نەبینیوە لە باشوور کۆبووبێتەوە. ئەمە شەڕێکی دەروونیە و هیچی دیکە نییە".

ڕۆبێرت فۆرد، لێکۆڵەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەوبارەوە دەڵێت: "مۆسکۆ لەوە دەترسێ شەڕی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و لایەنگرانی ڕژێم بۆ شەڕێکی گەورەتر لە نێوان ئیسرائیل و ئێران بگۆڕێ". ئەم شەڕە دواجار دەبێتە هەڕەشە لەسەر پێگەی حکومەتەکەی ئەسەد کە ڕووسیا لە سێ ساڵی ڕابردوودا سەرمایەگوزارییەکی مرۆیی و دارایی و سەربازیی گەورەی بۆ پاراستنی کردووە.

فۆرد کە پێشتر باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە سووریا، دەشڵێت: "بۆ یەکەمجار نیشانەکانی ئەوە بەدیدەکرێ کە ڕووسیا ئامادەیە سەبارەت بە هێزە ئێرانییەکان لە سووریا گوشار لەسەر تاران دروست بکات". لە حەوت ساڵی ڕابردوودا ئێران، ڕووسیا و میلیشیا شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاوپەیمانی سەرەکیی ڕژێمی ئەسەد بوون، بەڵام گۆڕانکارییەکانی باشووری ڕۆژئاوای سووریا درزەکانی ناو ئەو هاوپەیمانێتییە لەنێوان مۆسکۆ و تاراندا دەردەخات. هاوکارییە ئاسمانییەکانی ڕووسیا ڕۆڵی سەرەکییان لە فراوانکردن و قایمکردنی شوێنپێی حکومەتی ئەسەد لە سووریادا هەبووە، بەڵام ڕووسیا نایەوێ بە تێوەگلان لە شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا باری شەڕی سووریا لەسەر خۆی قورستر بکات.

ڕووسیا دەیەوێ لەلایەکەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سووریا بپارێزێ و لەلایەکی دیکەشەوە باجی سیاسی و سەربازیی ئەو شەڕە لەسەر خۆی کەمبکاتەوە. هەفتەی ڕابردوو، چاگای تزوریەل،

## بۆ بەرەنگاربوونەوەی سزاکان

# ئێران پەنا دەباتە بەر "ئابووریـــی خۆڕاگـ

**ڕووداو- هەولێر**

لە تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە سزاکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ئێران جێبەجێ دەبن. لە یەک مانگی ڕابردوودا ئێران بەردەوام تەئکیدی لەوە کردووەتەوە کە دەست لە پرۆگرامی مووشەکی و یارمەتیدانی گروپە میلیشیاییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵناگرێ، چونکە ئەو دووە پێکهاتەی بنەڕەتیی ستراتیژی بەرگریی ئێرانن.

ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێشبینی دەکات، ئێران لەبری دەستکاریکردنی ستراتیژی بەرگریی وڵاتەکەی، بە سیستەمی ئابووری خۆیدا بچێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ تاوەکو کۆتایی تەواوبوونی ماوەی ئەم ئیدارەیە خۆی ڕاگرێ.

لە 2012 تا 2015، ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سزای ئەتۆمیی قورسیان بەسەر ئێراندا سەپاند، لەو قۆناغەدا ئێران سیاسەتی خۆڕاگری پەیڕەو کرد. ناوەندی (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات لە چەند ساڵی داهاتووشدا هەمان سیاسەتی ئابووری بگرێتەبەر کە تێیدا بایەخ بە بەرهەمی نێوخۆیی دەدرێ، بازاڕی نوێ لە وڵاتانی دراوسێ دروست دەکرێ و پشت بە بازرگانیی کاڵا لەبەرامبەر کاڵا دەبەسترێ.

ساڵی 2012 ئابووریی ئێران بە ڕێژەی 1.9% دابەزی، بەهای ریاڵی ئێرانی بەڕێژەی 60% شکا و ڕێژەی بێکاریش گەیشتە 14%. جیا لە هەموو ئەمانەش ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزی. لەو قۆناغەدا مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرۆککۆماری ئێران بوو. ئەحمەدی نەژاد، وەکو سەرکردەیەکی پۆپۆلیست، خۆی بە سەرۆککۆماری هەژاران دەناساند، لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاوی کەرتی تایبەتی ئێرانی بۆ فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران تەرخان کرد.

سیاسەتی ئابووری و دارایی ئەحمەدی نەژاد دژبەری گەورەی لەناو توێژی کەسایەتییە ئایینییە میانڕەو و موحافزکارەکانی ئێراندا هەبوو، هەردوو لایەن سەرۆککۆماری پێشووی ئێرانیان بە کەسێکی کێشەساز، بێ حیکمەت و مەترسیدار بۆ ئابووریی ئێران دەزانی. ساڵی 2012 ، عەلی خامنەیی، ڕابەری ئێران فەرمانێکی بۆ لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی دەرکرد. ئەو فەرمانە زیاتر لە هەموو شتێک دەرخەری ناکۆکییەکانی نێوان باڵی ڕابەر و باڵی لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد بوو لە حکومەتدا.

ڕۆژی پێنجی ئایاری ئەمساڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دەرچوونی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران ڕاگەیاند. سێ ڕۆژ دواتر ئەمریکا بۆ جاری دووەم سزاکانی لەسەر ئێران خستەوەگەڕ. سزای دووەمین لەسەر ئەو کۆمپانیا، بانک یان کەسایەتییانە دادەنرێ کە لەگەڵ بانکی ناوەندیی ئێراندا کاری بازرگانی دەکەن.

ناوەندی (ستراتفۆر) دەڵێت کە جیاوازیی گەورە لە نێوان ڕەوشی ئێستای ئێران و ڕەوشی ئەو وڵاتە لە ساڵی 2012 لە پەیوەندی لەگەڵ سزاکاندا هەیە. ئێستا، بە پێچەوانەی 2012، ئەوە تەنیا ئەمریکایە کە سزای ئەتۆمی بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ، لە کاتێکدا نە یەکێتیی ئەورووپا و نە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ پلانێکی تایبەتیان بۆ سەپاندنی سزای ئەتۆمی بەسەر ئێراندا نییە، هەرچەندە سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا ئەوەندە بەهێزن کە دەتوانن کۆمپانیا ئەورووپییەکان لە بازرگانیکردن لەگەڵ کەرتی نەوتی ئێران سارد بکەنەوە. ئەورووپییەکان دەڵێن ئێران پابەند بووە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە، ئێران لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسەتی نێوخۆییش لە دۆخێکی باشتر لە 2012 دایە، چونکە بناغەی ئابووریی ئێران لەچاو 2012 بەهێزترە، ڕێژەی بێکاری 11%یە، لەکاتێکدا لە 2012 نزیکەی 14%ی دانیشتووانی ئێران بێکار بوون، یەدەکی ناپوختەی ئێرانیش نزیک 130 ملیار دۆلارە، بەو پێیەش یەدەکی ناپوختەی ئەو وڵاتە 30 ملیار دۆلار لەوەی 2012 بەرزترە.

لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە جۆرێک لە یەکدەنگی سەبارەت بە سیاسەتی ئابووریی وڵات و چاکسازییە پێویستەکان هەیە. ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە باڵە جیاوازەکانی حکومەتی ئێران لە چاو حکومەتەکەی 2012 ڕوانگەیەکی یەکگرتووتریان سەبارەت بە ئیدارەکردنی ئابووریی ئێران هەیە، بەتایبەتیش ئەو هەنگاوانەی دەبێ لە چەند مانگی داهاتوودا بیگرنەبەر، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ لە چەند مانگی داهاتوودا باڵە جیاجیاکانی ناو سیستەمی سیاسی و ئیداری ئێران کار لەسەر سەربەخۆیی ئابووری و پێداچوونەوە بە سیستەمی کارکردنی بانکەکانی وڵاتدا بکەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە، تاران هەوڵ دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی سزا سەختەکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ئێران، ئاستی بەرهەمی نێوخۆیی و هەناردەی غەیرە نەوتی بەرز بکاتەوە، بەتایبەتیش زەعفەران، فستق و پلاستیک. حەسەن ڕوحانی لە ساڵی 2013ەوە پۆستی سەرۆککۆماریی ئێرانی وەرگرتووە، لەو کاتەوە ئاستی هەناردەی غەیرەنەوتی ئێران ساڵانە بەرزبووەتەوە و ئێستا 11%ی کۆی ئابووریی ئێران پێکدەهێنێ. لەلایەکی دیکەوە ئێران هەوڵی پەرەپێدانی بازاڕی نێوخۆیی بەرهەمە نەوتییەکان دەدات، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو بازاڕە نێودەوڵەتییانە بکاتەوە کە بەهۆی سزاکانەوە لێی بێبەش دەبێ.

جیا لەمە ئێران هەوڵی نزیکبوونەوە لەو وڵات و ناوچانە دەدات کە ئامادەن مەترسیی سزا دووەمینەکانی ئەمریکا قەبووڵ بکەن، لەوانەش عوممان، پاکستان، قەتەر و عێراق. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ستراتفۆر)، هەموو ئەو وڵاتانە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا پەیوەندیی بازرگانییان لەگەڵ ئێران پەرەپێداوە.


بەهای دراوی ئێران پێش دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئێستا بە پێچەوانەی 2012 ئێران ناتوانێ هێندە پشت بە بازرگانیی نهێنی یان قاچاغ ببەستێ، لەبەر ئەوەی شەش ساڵ لەمەوبەر ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە ئیماراتی عەرەبی دەبەست، بەڵام ئەمجارەیان ئیماراتی عەرەبی لە بەرەی سعودیە و ئەمریکایە، قەتەریش بۆ ڕاگرتنی دڵی ئەمریکا (لە گەرمەی قەیرانی سیاسی و بازرگانیی کەنداودا) ئەستەمە هاوکارییەکی ئەوتۆی ئێران بکات. ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات کە ئێران بۆ سووککردنی باری سزاکان پشت بە سیاسەتی "نەوت بەرامبەر کاڵا" ببەستێ.

بەهای دراوی ئێران پێش دەرچوونی ئەمریکا

# ئاسایشی مۆندیال لەژێر هەڕەشەدایە

**ڕووداو- هەولێر**

کاژێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی 14ی ئەم مانگە فیکەی یەکەم یاری مۆندیالی 2018 بە یاریی نێوان هەڵبژاردەی تۆپی پێی ڕووسیا و هەڵبژاردەی تۆپی پێی سعودیە لێدەدرێ. ئەم ڕووداوە کە پڕبینەرترین ڕووداوی وەرزشیی جیهانە، لە ڕووسیا بەڕێوەدەچێ. حکومەتی ڕووسیا دەیەوێ یارییەکانی مۆندیالی تۆپی پێی ئەمساڵ وەکو ئامرازێک بۆ گۆڕینی وێنەی خۆی لە جیهاندا بەکاربهێنێ، وەکو بەشێکی سەرەکی لەو هەوڵەش فۆکەسی لەسەر پاراستنی ئاسایشی یارییەکان داناوە، لەبەر ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نزیک لە داعش هەڵمەتێکی بێوێنەی پڕوپاگەندە و بانگەواز بۆ هێرشکردنە سەر مۆندیالیان دەستپێکردووە.

ڕووسیا ئەزموونێکی 30 ساڵەی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا هەیە، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری دژەتیرۆری ئەمریکا (CTC) دا هاتووە، سێ ساڵ بەشداریی ڕاستەوخۆی ڕووسیا لە شەڕی سووریا و تێکشکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی ئەو وڵاتە، بەسە بۆ ئەوەی ڕەوتە سەلەفییە جیهادییەکان ڕووسیا بە دوژمنی ژمارە یەکی خۆیان بزانن، ئەم ڕوانگەیەش کاری دەزگا ئەمنییەکانی ڕووسیا بۆ پاراستنی ئاسایشی مۆندیالی 2018 سەخت دەکات، بەتایبەتیش کە داعش هەڵمەتێکی بەرفراوانی پڕوپاگەندە و بانگەوازی لە دژی تۆرنۆمێنتەکە دەستپێکردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (CTC)، دەزگا ئەمنییەکانی ڕووسیا لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەڵمەتێکی بەرفراوانیان لەدژی شانەکانی داعش لە ناوچەی قەوقاز کردووە، جیا لەمە ڕێوشوێنی ئەمنیی توندوتۆڵیش بۆ پاراستنی یارییەکان گیراوەتەبەر. هەرچەندە چوار ساڵ لەمەوبەر ڕووسیا لە شاری سۆچی میوانداریی ئۆڵمپیادی زستانەی کرد، بەڵام ناوەندی دژەتیرۆر پێیوایە پاراستنی مۆندیال کە لە 11 شاری جیاواز بەڕێوەدەچێ، کارێکی یەکجار سەختترە.

ڕووسیا لە ساڵی 2015 وە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕی نێوخۆی سووریادا کردووە، باڵانسی هێزی بەلای بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریادا شکاندووەتەوە. هەرچەندە بەشداریی مۆسکۆ لەو شەڕەدا زیانی گەورەی بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا گەیاندووە، بەڵام مەترسی تەشەنەسەندنی شانەکانی گروپە سەلەفییە جیهادییەکان و هێرشی تیرۆریستیی گرووپەکانی وەکو ئەلقاعیدە و داعش لە ڕووسیاشی زیاتر کردووە.

ئەبو محەممەد جۆلانی، سەرۆکی پێشووی بەرەی نوسرە، لە تۆمارێکی دەنگیدا ڕووسیای بە "خاچپەرستانی ڕۆژهەڵات" ناوبرد، داواشی لە "موجاهیدینی قەوقاز" کرد خەڵکی ڕووسیا بکەنە ئامانج بۆ ئەوەی سەرنجی هێزەکانی ڕووسیا لە سووریاوە بەرەو خاکی ڕووسیا ڕابکێشن. ڕۆژێک دواتریش ئەبو محەممەد عەدنانی، گوتەبێژی پێشووی داعش، لە تۆمارێکی دەنگیدا داوای هەڵگیرساندنی "جیهاد" لەدژی "خاچپەرستانی ڕووسیا و ئەمریکا"ی کرد. مانگێک دوای بەشداریی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا، داعش بەرپرسیارێتی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕووسی لەئەستۆ گرت کە لە شەرەم ئەلشێخی میسرەوە بەرەو سان پیتەرسبورگی ڕووسیا دەچوو.

لە دوو ساڵ و نیوی دوای ئەو ڕووداوەدا، ژمارەیەکی زۆر هێرشی تیرۆریستی لە کۆماری داغستانی ڕووسیا و ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتەدا کراون کە بەشی زۆریان لەلایەن داعشەوە بوون. ناوەندی دژەتیرۆری ئەمریکا بەدووری نازانێ داعش و گروپە تیرۆریستییەکانی دیکە مۆندیال بە دەرفەتێکی زێڕین ببینن بۆ ئەوەی هەڕەشەی ئەمنی لەسەر ڕووسیا دروستبکەن، لە کاتێکدا ڕووداوێکی وەرزشیی وەکو مۆندیال دەرفەتی پڕوپاگەندەیەکی گەورەش بەو گروپانە دەدا.

مۆندیالی ئەمساڵ لە 14ی حوزەیرانەوە تاوەکو 15ی تەمووز بەردەوام دەبێ. حکومەتی ڕووسیا پێشبینی دەکات نزیکەی یەک ملیۆن گەشتیار بە بۆنەی ئەو ڕووداوە وەرزشییەوە سەردانی ڕووسیا بکەن.

لە نیسانی 2016، شانەیەکی سەر بە داعش لە بەلجیکا (کە ئەنجامدەری هێرشەکانی 2015ی پاریسیش بوون) دانیان بەوەدا نا کە بەنیاز بوون لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی جامی وڵاتانی ئەورووپا لە 2016 هێرشی تیرۆریستی بکەن. لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی جامی کۆنفیدراسیۆنی 2017 لە ڕووسیاش، دەزگای ئەمنی فیدراسیۆنی ڕووسیا ڕایگەیاند کە شکستیان بە پیلانێکی تیرۆریستی هێناوە بۆ پێکدادانی دوو شەمەندەفەر لە نێوان مۆسکۆ و سان پیتەرسبورگ.

## سەرچاوەی هێرشەکان

ڕاپۆرتەکەی ناوەندی دژەتیرۆری ئەمریکا پێشبینی دەکات سێ سەرچاوەی سەرەکیی هەبن بۆ هەڕەشەی تیرۆریستی لەسەر مۆندیال، لەوانەش چەکدارە گەڕاوەکانی داعش کە بەڕەچەڵەک خەڵکی ڕووسیا و وڵاتانی هاوسامانی ڕووسیان، چەکدارانی قەوقازی باکوور، گورگە تەنیاکان و شانەنوستووەکان.

لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی خەلافەتەکەی داعشدا، نزیکەی 7600 هاووڵاتی ڕووسی و وڵاتانی هاوسامانی ڕووسیا چوونەتە ڕیزەکانی داعش لە عێراق و سووریا. لەدوای ڕووخانی خەلافەت، سەتان چەکدار گەڕاونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان و هەڕەشەی گەورە لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتانە دروست دەکەن. وڵاتانی هاوسامانی ڕووسیا لە ئازەربایجان، بیلاڕووس، کازاخستان، قرقیزستان، ئەرمینیا، مۆڵدۆڤا، تاجیکستان، ئۆزبەکستان پێکدێن کە هەموویان کۆماری جیابووەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی جارانن و سنووری هاوبەشی زۆریان لەگەڵ ڕووسیادا هەیە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی ئەتڵانتیک، لە 2014 تاوەکو کۆتایی 2017 زیاتر لە 4400 کەس لە قەوقازی باکوورەوە بەرە عێراق و سووریا چوون کە زۆرترینیان چیچانی و داغستانی بوون. ئەبو محەممەد ئەلقادری، سەرکردەی ویلایەتی قەوقازی داعش، پێش کوژرانی لە 2016 داوای لە لایەنگرانی داعش لە ناوچەکە کردبوو ڕوو لە سووریا و عێراق نەکەن، بەڵکو لە ناوچەکەی خۆیان لە دژی حکومەتی ڕووسیا شەڕ بکەن.

سەرەڕای هەڵمەتە بەرفراوانەکەی دەزگا ئەمنییەکانی ڕووسیا لە یەک ساڵی ڕابردوودا، تۆپۆگرافیای ناوچەی قەوقاز وایکردووە کۆنترۆڵکردنی هەموو ناوچەکە لەڕووی ئەمنییەوە کارێکی ئاسان نەبێ. یاریگاکانی سۆچی، ڤۆڵگۆگارد و ستاڤرۆپۆل کە شوێنی

# ـــسرائیل و ئێران

بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی هەواڵگریی ئیسرائیل رایگەیاند: "رووسەکان دەزانن ئەگەر ئێران لەسەر ئەو رەوتەی ئێستای بەردەوام بێ، ئەوە دۆخەکە تێکدەدا و پلانی رووسیا بۆ سووریا ئاڵۆز دەکات. بەڕای من رووسەکان نایانەوێ ئەمە رووبدات". مانگی رابردوو بەشار ئەسەد لە سەردانێکی لەناکاودا گەیشتە مۆسکۆ و لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، کۆبووەوە. پوتین لەو کۆبوونەوەیەدا جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە هەموو هێزە بیانییەکان لە سووریا بکشێنەوە. زۆربەی شارەزایان پێیانوایە ئەو لێدوانەی سەرۆکی رووسیا رووی لە ئێران بووە، لە کاتێکدا سەرەتای مانگی رابردوو بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، سەردانی رووسیای کرد و لەگەڵ پوتین باسی هەڕەشەکانی ئێرانی لەسەر ئیسرائیل کرد.

ئیسرائیل لە یەک ساڵی رابردوودا چەند جارێک رایگەیاندووە، دوای تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش رێگە نادەن ئێران بازنەی وجوودی سەربازیی خۆی لە سووریادا فراوان بکات. لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە، هێزی ئاسمانیی تەلەڤیف چەند جارێک بنکەی سەربازی و رادارەکانی ئێرانی لە سووریا بۆردومان کردووە، رووسیا لە هیچکام لەو حاڵەتانەدا کاردانەوەی نەبووە.

هەڕەشەکانی حکومەتی سووریا لەسەر باشووری رۆژهەڵاتی سووریا لەکاتێکدان کە ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران کشاوەتەوە. جیا لەمە، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، 12 داواکاری خستووەتەڕوو کە ئێران دەبێ جێبەجێیان بکات، بۆ ئەوەی ئەمریکا ئامادە بێ رێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا واژۆ بکات، دوو لە داواکارییەکان کەمکردنەوەی دەستێوەردانی سەربازیی تارانە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئێرانە لە سووریا.

ئەگەرچی رووسیا پشتیوانیی ئاسمانی پێشکەش بە هێرشی سەر باشووری رۆژئاوای سووریا ناکات، بەڵام کۆنترۆڵکردنی ئێران و میلیشیا شیعەکان لەو ناوچەیە کارێکی ئاسان نابێ. بەرپرسانی ئیسرائیلی دەڵێن رووسیا دەیەوێ گوشار لەسەر هێزەکانی نزیک لە ئێران، بەتایبەتیش حیزبوڵڵای لوبنانی دروست بکات تاوەکو لە سنوورەکانی باشووری رۆژئاوای سووریا دوور بکەونەوە.

جێگیرکردنی هێزێکی هەمیشەیی لە ناوچەکانی نزیک بەرزاییەکانی جۆلان ئامانجێکی ستراتیژیی ئێرانە، بەڵام بەدەرچوونی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا، رووسیا یەکێک لەو دەگمەن زلهێزانەیە کە ئێران بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەستییەوە ماوە. بۆیەش ئێران دەبێ لە نێوان پاراستنی دۆستایەتی خۆی و رووسیا لەگەڵ گەمارۆدانی ئیسرائیل لەدیوی رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای سووریا و بەهێزکردنی پێگەی سەربازی و سیاسیی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یەکێکیان هەڵبژێرێ.


"ئاکپارتی زۆر سەرکەوتوو بووە لەوەی ئیسلام وەکو پارادیمێک بەکاربهێنێ"

# ئایین.. کەرەستەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە تورکیا

کاروان فەیزی دری
رووداو- هەولێر

لە ماوەی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا، زۆربەی بەربژێرەکان خۆیان لە درکاندنی یەک وشەش کە بۆنی دژایەتیی ئیسلام یان بنەماکانی بڕوای ئایینی لێبێت، بەدوور گرتووە. بەربژێرەکان زۆر بە وریاییەوە وێنەی بڕوادارێک بۆ خۆیان دروست دەکەن، تاوەکو لەم رێگەیەوە سەرنجی دەنگدەرە کۆنزەرڤەتیڤەکانی تورکیا بۆ لای خۆیان رابکێشن.

ژمارەیەکی زۆر لە گوتارەکانی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لێوانلێون لە گوتاری ئیسلامی کە تێیاندا ئایەتی قورئان، گێڕانەوەکانی ژیانی پێغەمبەری ئیسلام دەهێنرێنەوە. جیا لەمانە ئەردۆغان پەنا بۆ کۆمەڵێک بابەتی وەکو دۆزی فەلەستینیش دەبات بۆ ئەوەی هەست و سۆزی بڕواداران بجوڵێنێ. هەر بەوەش نەوەستاوە و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بەوە تۆمەتبار دەکات کە "عەقڵیەتێکی تێکدەرانە"ی بەرامبەر بە بڕوای ئایینی هەیە. هەفتەی رابردوو، ئەردۆغان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە ئەرزەڕووم گوتی: "تورکیا خەریکە دەگۆڕێ، جیهان خەریکە دەگۆڕێ، بەڵام عەقڵیەتی (جەهەپە) ناگۆڕێ. ئەگەر مزگەوتێک ببینن وێرانی دەکەن. ئەگەر کارگەیەک ببینن وێرانی دەکەن. ئێمە درێژە بە پرۆژە و وەبەرهێنانی خۆمان دەدەین و لەم رێگەیەوە وەڵامی ئەو خەڵکە دەدەینەوە".

رۆژی دواتر موحەڕەم ئینجە، بەربژێری پارتی گەلی کۆماری بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی تورکیا، لە میتینگێکدا لە ئیزمیر رایگەیاند کە تۆمەتەکانی ئەردۆغان ئازاری داوە. ئینجە کە رکابەری سەرەکیی ئەردۆغانە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیراندا، لە وەڵامی ئەردۆغاندا گوتی: "شتێک ئازاری داوم. رووی قسەم لەو برایانەیە کە دەنگ بە ئاکپارتی دەدەن، ئەردۆغان دەڵێ ئەوان مزگەوتەکان وێران دەکەن. بەڵام سەیر بکەن، ئەمە (واتە کەمپینی هەڵبژاردنەکان) گۆڕەپانی سیاسییە و لە گۆڕەپانی سیاسیدا نابێ باسی مزگەوت بکرێ. پرسیارێکم هەیە و رووی پرسیارەکەم لەوانەیە کە دەنگ بە ئاکپارتی دەدەن: ئایا ئێوە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەتان بەدڵە؟".

ئینجە لە دیمانەیەکی هەفتەی رابردووی لەگەڵ رۆژنامەی (حوڕییەت)ی تورکی گوتبووی هەمیشە پێش جێهێشتنی ماڵ دەستنوێژ هەڵدەگرێ و پێش کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی قورئان دەخوێنێتەوە. بەربژێرەکەی (جەهەپە) لەوبارەیەوە گوتی "من بڕوای خۆمم هەیە و بەبێ دەستنوێژ ناچمە دەرەوە. هیچ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری نییە کە بەشداریم تێدا کردبێ و پێشتر چەند ئایەتێکی قورئانم نەخوێندبێتەوە، ئەمە بڕوای منە، ئیدی کێ بە دڵیەتی و کێ بەدڵی نییە ئازادە".

> "ئاکەپە پارتەکانی دیکەشی ناچار کردووە پەنا بۆ گوتاری دینی ببەن"

ئولکو ئینجە، هاوژینی موحەڕەم ئینجە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (جمهورییەت) گوتی کە هاوژینەکەی لە رۆژی یەکەمی یەکدی ناسینیانەوە "بڕوادار" بووە، بەڵام هیچکات ئەمەی لە دەرەوە ئاشکرا نەکردووە.

رۆژی 24ی حوزەیران، هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا بەڕێوەدەچن، بەڵام هەموو چاوەکان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتین، چونکە بەشێکی گەورە لە داهاتووی تورکیا بەستراوەتەوە بەوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی مانگی حوزەیراندا کێ پۆستەکە بەدەست دەهێنێ. ئەگەر ئەردۆغان سەربکەوێ، ئەوە سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی دەگۆڕێ، ئەگەر یەکێک لە رکابەرەکانیشی سەربکەوێ، ئەوە سیستەمی پەرلەمانیی تورکیا دەپارێزێ و تەنانەت هەندێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆماریش کەم دەکەنەوە.

مەرال ئاکشەنەر، سەرۆکی پارتی چاک (ئی پارتی) و بەربژێری پارتەکە بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی تورکیایە. ئاکشەنەر بەهۆی پێشینەی ئایینیی خۆیەوە ناوی دەرکردووە و پێش ئەوەی پارتەکەی خۆی دروست بکات، لە حکومەتەکەی ئاکپارتیدا پۆستی وەزاری هەبووە.

ئاکشەنەر لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە تویتێکدا نووسیبووی: "من کچی خێزانێکی بڕوادارم. راشکاوانە بڵێم کە من کچی خێزانێکی ئایینیم. من کەسێکی بڕوادارم و هەوڵ دەدەم ئەرکە ئایینییەکانم جێبەجێ بکەم".

گوتارەکانی ئاکشەنەر لە کەمپینی هەڵبژاردنەکانیش پڕن لە ئاماژەی ئیسلامی، بەڵام نەک بەو ئاستەی ئەردۆغان پشتیان پێدەبەستێ. سەرۆکی پارتی چاک زۆر بە وریاییەوە مامەڵە دەکات و نایەوێ لایەنگرە بێبڕواکانی لە خۆی دووربخاتەوە.

کەمال کەرەموڵڵا ئۆغلو، سەرۆکی پارتی (سەعادەت) و دۆغو پەرینچەک، سەرۆکی پارتی (وەتەن)، دوو بەربژێری دیکەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی تورکیان. کەرەموڵڵا ئۆغلو بڕوادارێکی سەرسەختە و چاوەڕێ دەکرێ هەندێک لە لایەنگرانی جارانی ئاکپارتی بۆ لای خۆی رابکێشێ، لە کاتێکدا پەرینچەک زیاتر پشت بە دروشمە ناسیۆنالیستییەکان دەبەستێ.

سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی گەلانی دیموکرات، تاکە بەربژێری کورد لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تورکیایە. دەمیرتاش ئێستا لەسەر کەیسی تیرۆر لە گرتووخانەیە و زیاتر لە هەموو رکابەرەکانی دیکەی وەکو بەربژێرێکی سێکولار دەرکەوتووە. بەربژێرەکەی هەدەپە رێچکەیەکی گرتووەتەبەر کە هەم بە دڵی جەماوەری کوردی پارتەکەی بێ و هەمیش دڵی سێکولاریستەکان رابگرێ.

سەلاحەدین دەمیرتاش تەنیا تویتەری بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بانگەشەی تێدا بکات، پارێزەرە یاساییەکانی لە رێگەی هەژمارێکی تایبەتییەوە پەیامەکانی دەمیرتاش لە تویتەر بڵاودەکەنەوە. لە تویتێکی چواری ئایاری ئەمساڵیشیدا نووسیویەتی: "موسڵمانە هێژاکان، سوننەکان و هاووڵاتییە بڕوادارەکان: نا بۆ قەدەغەکردنی لەچک و نا بۆ ئەو تەوژمە ئیسلامگەراییەی ئێستاش. کاتێکی کەممان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی ئازادی بۆچوون و بڕوای ئایینی بەدەست بهێنین".

مامەند رۆژە، لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، پێیوایە ئاکپارتی زۆر سەرکەوتوو بووە لەوەی ئیسلام وەکو پارادیمێک بەکاربهێنێ، بەمەش پارتەکانی دیکەی ناچار کردووە پەنا بۆ گوتاری ئایینی ببەن. مامەند رۆژە لەوبارەیەوە دەڵێ: "بەڵام هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران وەکو هەڵبژاردنەکانی پێشتر نین، چونکە فاکتەری دیکەش هەن کە رۆڵیان دەبێ، لەم هەڵبژاردنەدا، ئابووری فاکتەرێکی زۆر گەورە دەبێ"، بەڵام جەختی لەوەش کردەوە کە ململانێی لایەنە سیاسییەکان لەسەر دانیشتووانی کۆنزەرڤاتیڤی تورکیا دەبێ.

بەربژێرەکان زۆرن و جیاوازیی روانگەی پارتەکان زۆرە، بەڵام پەیامەکانیان هاوشێوەن و رووی قسەیان لەو دیمۆگرافیا ئیسلامییە نەریتییەیە کە دەکرێ یەکێک لەو لایەنانە بنێرێتە سەر کورسی دەسەڵات.

# ـــری"



لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیبوو، هەر ئەمەش نرخی کاڵا و خۆراکی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزکردبووەوە. ناوەندی (ستراتفۆر) چاوەڕێ دەکات ئێران لە چەند مانگی داهاتوودا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراک و کاڵا رۆژانەییەکان بدات، لەوانەش کڕینی باری خۆراک و کاڵاکان ب شێوەیەک بەشێک لە بەهاکەیان بکەوێتە سەر حکومەت.

ناوەندی ستراتفۆر پێیوایە هیچکام لە هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ قازانجی درێژخایەن نابن، بەڵکو تاران هیواخوازە ئابووریی خۆڕاگری تاوەکو کۆتایی هاتنی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی ترەمپ، بتوانێ ئابووریی ئێران رابگرێ.


نزیکەی 7600 کەس لە رووسیا و وڵاتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتەوە چووبوونە ناو داعش لە عێراق و سووریا و ئێستا سەتان لەو چەکدارانە گەڕاونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان

بەڕێوەچوونی ژمارەیەک لە یارییەکانی مۆندیالن، لە نزیک ئەو ناوچە پڕکێشانە هەڵکەوتوون. پێش سەرهەڵدانی داعش، زۆربەی هێرشە تیرۆریستییەکانی سەر رووسیا لەلایەن گروپی ئیمارەتی قەوقازی سەر بە قاعیدەوە رێکدەخران. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا گورگە تەنیاکان ژمارەیەکی زۆر هێرشیان لە سەرانسەری جیهان کردووە. کێشەی ئەم جۆرە هێرشانەش ئەوەیە ناسینەوەی پێشوەخت و دانانی پلان بۆیان کارێکی سەختە، لەبەرئەوەی بەشی زۆری ئەو جۆرە کەسانە تاوەکو رۆژی هێرشەکە ئامانجەکەی خۆیان ئاشکرا ناکەن. لە رووداوێکی وەکو مۆندیالدا کە هەزاران کەس لە یەک یاریگادا کۆدەبنەوە، هێرشی گورگێکی تەنیا دەتوانێ ئاسەوارێکی زۆر گەورە جێبهێڵێ.

FIFA WORLD CUP
RUSSIA 2018

## رووسیا چی دەکات؟

ئاژانسی تاسی رووسی رایگەیاندووە 14 هەزار و 500 گاردی ئەمنی و 16 هەزار خزمەتگوزار، ئاسایشی یاریگاکانی مۆندیال دەپارێزن. تەکنۆلۆژیای ناسینەوەی روخسار لەسەر 5000 کامێرای ناوشاری مۆسکۆ دراون. شارە میواندارەکانی دیکەش ژمارەیەکی زۆر کامێرایان لە شوێنە جیاجیاکانی شار داوە. سیستەمێکی دیجیتاڵی ورد بۆ ناسینەوەی گەشتیاران و سەردانکەرانی یاریگاکان بەکاردەهێنرێ. بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان سیستەمی بەرگریی ئەلیکترۆنی دانراوە. قەدەغەی هاتوچۆی کەشتی و بەلەم لە نزیک یاریگاکان رادەگەیەنرێ.

رێوشوێنی ئەمنیی توند دەگیرێتەبەر بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو رێگا ئاسمانی و وشکانییەی تیپەکانی پێدا دەگوازرێتەوە، چونکە تۆڕەکانی گواستنەوە و هاتوچۆی نێو شارەکان و نێوان شارەکان لەو شوێنانەن کە رێکخراوەکانی وەکو داعش و قاعیدە دەکرێ بیری لێبکەنەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەیەکی چاوەڕوانکراو

**لە سێ بۆ چوار مانگی داهاتوودا جارێکی تر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەک کێشەیەکی چاوەڕوانکراو لەبەردەم پرۆسەی سیاسیدا دەتەقێتەوە**

لەبیرمە ئەڵقەکانی سەرەتای بەرنامەی چوارقۆڵی بوو لە تەلەفزیۆنی رووداو، باسی ئەوەمان کرد کە شەش مانگێکی تر، بەهۆی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە کوردستان رووبەڕووی کێشەیەکی گەورەی سیاسی و یاسایی دەبێتەوە، چونکە یاسای ژمارە 19ی 30ی حوزەیرانی 2013 دوو پرسی لەخۆ گرتووە، یەکەمیان درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمە لە 20ی ئابی 2013 تا 19ی ئابی 2015. دووەمیان پرسی دەستوورە کە لە ماددەکەدا بە روونی هاتووە (لەو ماوەیەدا کە لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا دیاریکراوە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە سازان هەموار دەکرێتەوە). هیچ رێگەچارەیەکی تری یاسایی دیاری نەکردووە بۆ ئەوەی ئەگەر سازان نەکرا لەسەر دەستوور، بەدیل چییە بۆ ئەم یاسایە؟

پێشنیازی ئەوەمان کرد کە حەق وایە پەرلەمانی کوردستان بەپەلە بەدوای چارەسەردا بگەڕێت بۆ ئەوەی کوردستان تووشی گرفتی گەورە نەبێت، یان ئەوەتا لە بەیانییەوە بکەوێتە کار بۆ ئەوەی سازان لەسەر دەستوور بکرێت، چونکە ئەو دوو ماددەیەی ناو یاسای ژمارە 19 پێکەوە گرێدراون و بانێک و دوو هەوا نییە، یەکیان جێبەجێ بکرێت و یەکیان فەرامۆش. رۆژی دوای بەرنامەکە، برادەرانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە یەکێک لە ئەندامانی گروپی چوار قۆڵیدا پەیامێکیان ناردبوو کە سەرئێشە بۆ پەرلەمان مەدۆزنەوە، ئەوە کەی ئیشی پەرلەمانی کوردستانە، دەبێ حیزبە سیاسییەکان لە دەرەوەی پەرلەمان رێککەون و پرۆژەی رێککەوتنەکەیان بچێتە پەرلەمان پەسەند بکرێت.

بەهۆی ئەوەی چارەسەر بۆ ئەو لێکگرێدراوییەی ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێم و دەستوور نەدۆزرایەوە لەو ماوەیەی لە یاساکەدا دیاریکرابوو، رووداوەکانی 23ی حوزەیران و دواتری بەدوای خۆیدا هێنا کە کوردستانی تووشی لێکترازانی سیاسیی گەورە کرد، هەروەها پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی لەباربرد و دواجاریش هەیکەلەی سەرۆکایەتی هەرێم و یاساکەشی بەو دەردە چوو کە پارساڵ وەک چارەسەرێکی کاتی، دەسەڵاتەکانی بەسەر دامەزراوەی یاسایی و دادوەری و حکومەتدا دابەش کران.

لەبەر ئەوەی ئێستا لەبەردەم خولێکی تری هەڵبژاردنداین لە کوردستان، لە سێ بۆ چوار مانگی داهاتوودا جارێکی تر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەک کێشەیەکی چاوەڕوانکراو لەبەردەم پرۆسەی سیاسیدا دەتەقێتەوە. چونکە ئەوەی ئێستا کراوە لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەسەر دامەزراوەکانی تردا، بۆ دۆخێکی کاتی و رزگاربوون بوو لە کێشەیەک، ئەگینا لەواقیعدا ناکرێ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم نەمێنێت. لە چەند مانگی رابردووشدا بینیمان لەکاتی پرۆژە یاسای چاکسازی کاتێ پەرلەمان یاساکەی پەسەند کرد، دوای چەند رۆژێک سەرۆکایەتی پەرلەمان یاساکەی رەتکردەوە. لەهیچ شوێنێکی دونیادا شتی وا رووی نەداوە پەرلەمان یاسا دەربکات و سەرۆکی پەرلەمان مافی رەتکردنەوەی هەبێت.

بەشێک لە دەسەڵاتەکان تێکەڵی یەکتری بوون و ئێستاش روون نییە کێ سەرۆکی هێزە چەکدارەکانە؟ دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان سەر بە کام جومگەی دەسەڵاتن؟ کێ مافی رەتکردنەوە و پەسەندکردنی یاسای هەیە دوای دەرچوونی لە پەرلەمان. ئەمانە و زۆر پرس و بابەتی تر هەن پەیوەستن بەم پرسەوە، بۆیە دەبێت چارەسەری پێشوەختەی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی بەدەردی جاری پێشوو دەستبردن بۆ چارەسەری کێشەکە نەبێتە کێشەیەکی قووڵتر، هیواخوازم لە ئێستاوە لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانی کوردستان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکدا بگەڕێن کە ببێتە هۆکاری دروستبوونەوەی متمانە و راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و یاسایی لە هەرێمی کوردستان.

لە ساڵانی رابردوودا بەشێک لەو کێشانەی روویانداوە، بەشێک لەو هەڕەشە و مەترسیانەش کە ئێستا و بۆ داهاتوو لەسەرمانن، پەیوەستن بە نەبوونی دەستوورەوە لە کوردستان. هەرچەندە لە ساڵی 1992 بەدواوە پەرلەمانی کوردستان لە قۆناغی جیاجیا هەوڵی نووسینەوەی دەستووری داوە، پرۆژەی دەستووری بە رێکارە یاسایی و باوەکانی سەردەم ئامادە کردبوو تا بخرێتە راپرسییەوە. کێشە سیاسییەکانی نێوان لایەنەکان ئەو هەوڵەی پەرلەمانی پەکخست، بەڵام بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، پێویستە هەرێمەکان دەستووری تایبەت بەخۆیان هەبێت، کەواتا بەدەر لە زادەو پێویستی واقیعی کوردستان، ئەرکێکی دەستووریی عێراقیشە کە هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت.

مەبەستم لە وروژاندنی پرسی دەستوور بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی پرس و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیشە کە چاوەڕوان دەکرێت وەک کێشەیەک لە داهاتوودا بێتەوە رێمان. بۆ ئێستا و دوای ئەو بارودۆخە تایبەتانەی بەسەر کوردستاندا هاتن، رەنگە سازانی نێوان لایەنەکان لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئاسانتر بێت و گۆڕانکارییەکان لە یاساکە و شێوازی هەڵبژاردن هیچ هەستیارییەکی نەبێت و بۆ هیچ لایەنێک نەبێتە کێشە. بۆیە باش وایە پەرلەمانی کوردستان ئەو لیژنەیەی لە نوێنەری هەموو لایەنەکان پێکهاتبوو بۆ پرسی دەستوور، بخاتەوە کار و ئەگەری زۆر هەیە لەماوەیەکی کورتدا کارەکانی نووسینەوەی دەستوور تەواو بکرێن و دەکرێت ئامادە بکرێت تا لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی داهاتووی پەرلەمان کە چاوەڕوان دەکرێت لە چوار مانگی داهاتوودا بەڕێوە بچێت، دەستووریش بخرێتە راپرسییەوە و سەرۆکی هەرێمیش بەپێی ئەوەی لە دەستوورەکەدا هاتووە، هەڵبژێردرێت.

دیارە ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەو ناکۆکی و ناتەباییەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران کەوتووەتەوە درێژە بکێشێت و بەهۆیانەوە نەتوانرێ وا بەزوویی لە عێراق حکومەت پێکبهێنرێت، لانیکەم رەنگە تا هەڵبژاردن لە کوردستانیش ئەنجام دەدرێت، دۆخی عێراق بەو شێوەیە بمێنێتەوە، بۆیە باشتر وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردنی عێراق و کوردستان پێکەوە ببەستنەوە، پشک و پۆستەکانی هەردوو حکومەت لە عێراق و کوردستان پێکەوە بەشی ئەوە دەکەن بکرێن بە دەرفەت بۆ لێکگەیشتنێکی نوێی لایەنەکانی کوردستان، بەتایبەتیش کە هەست بە ناکۆکی دەکرێت لەنێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆکی کۆمار. هەرچی هێزەکانی تریشە بەهۆی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە ئێستا لە خراپترین ئاستی پەیوەندیدان و پێویستی تێپەڕاندنی قۆناغی داهاتوو پێکەوەیی و یەک هەڵوێستیی کورد دەخوازێت.

ئەمەش وەک دەرکەوتەی دۆخێکی تازە زەرووەرتی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم زیاتر دەکات تا بکرێت بە پارسەنگی راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان لایەنەکانی کوردستان لە هەولێر و بەغداش. بۆیە پێویستە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە پەرلەمانی کوردستان ئەم ماوە کەمەی لە پێشی ماوە، بە هەنگاوی کرداری دەروازەکانی رزگاربوون لەم کێشەیە بدۆزێتەوە.



زوبێر رەسوڵ
biyar_zubir@yahoo.com

# تورکیا: هیوایەک بە هەڵبژاردنەکانی عێراق

ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق ئەگەرچی مایەی نیگەرانی بوو بۆ ئێران و ئەمریکا، بەڵام بۆ تورکیا بە پێچەوانەوە مایەی دڵنیایی بوو بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی 2010، ئەمجارەیان تورکیا بە هیچ جۆرێک نەهاتە نێو کێبڕکێی لایەنە سیاسییە عێراقییەکانەوە، کەچی بە پێچەوانەوە هەر یەکە لە ئێران و ئەمریکا هەر چەند رۆژێک دوای راگەیاندنی ئەنجامەکان دەستیان کرد بە جموجۆڵ و دانیشتن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان. زیاتر لە هۆکارێک هەن بۆ ئەم خەمساردییەی تورکیا، بەڵام سادەترین و ئاسانترینیان دەکرێت ئەوە بێت کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە تایبەتیش سەرکەوتنی لیستی سائیرونی موقتەدا سەدر، ئەگەر تەواویش بە دڵی تورکیا نەبێت، بەڵام تورکیا بژارەی لەمە باشتری نەبوو، کەچی ئەمە بۆ هەریەکە لە ئێران و ئەمریکا وا نەبوو، چونکە هەر یەکە لەو دوو هێزە بژارەی پێشوەختی خۆیان هەبوو، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئامادەکاریشیان بۆ کردبوو.

عەبادی هەرچەندە لەکاتی ئازادکردنی مووسڵدا لەسەر دەستتێوەردانی تورکیا و نەکشانەوەی هێزەکانی تورکیا لە بەعشیقە تا ئەوپەری دژایەتی دەستتێوەردانی سوپای تورکیای کرد، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە هەماهەنگی لەنێوان تورکیا و عەبادیدا لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم گەیشتە ئەوپەڕی، تا ئەو ئاستەی عەبادی هاوکاریی سوپای تورکیاشی نەشاردەوە بۆ دژایەتیکردنی پارتی کرێکاران، تا دەگاتە هاوکاریی لۆجیستی و سەربازی لە نێوان عێراق و تورکیادا. هەڵبەتە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری دۆڕانی عەبادی بکەین لەبەرامبەر سەدردا، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەمە خەبەرێکی ناخۆش بوو بۆ تورکیا.

بەڵام لەڕاستیدا من وای دەبینم کە هەڵکشانی پێگەی سەدر و ئەو جۆرە فۆرمەی حوکمڕانی کە سەدر جەختی لەسەر دەکاتەوە، بە تایبەت بەرامبەر هەر یەکە لە ئێران و ئەمریکا، تەواو یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی کە تورکیا دەیەوێت لە عێراقدا پراکتیزەی بکات. بۆ نموونە تورکیا نایەوێت حکومەتێکی تاکەهژموونی شیعە هەبێت لە بەغدا، بە تایبەتیش فەرامۆشکردنی سوننە مایەی نیگەرانیی ئەردۆغان بووە و وەبەرهێنانێکی زۆریشی لەو سیاسەتەدا کردووە چ لە ناوەوەی تورکیا یاخود لە دەرەوەی، واتا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی. هەڵبەتە ئەمە نەک لەبەر نزیکایەتیی مەزهەبی لەنێوان سوننە و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی ئاکپارتی، بەڵکو تورکیا پێیوایە ئەوە سوننەکانن کە پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەتی عێراقن نەک شیعە و کورد، روونتر بڵێین ئەگەر سوننە ئیندیماج بکەن لەگەڵ فۆرمی دەوڵەتی عێراقی نوێ، ئەوا کوردیش بیر لە جیابوونەوە ناکەنەوە و پێگەی دەوڵەتی عێراقیش بەهێزتر دەبێت لەوەی کە بە تەنیا کورد بتوانن هەڵیوەشێننەوە. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە حکومەتێکی هاوسەنگی شیعی–سوننی دەتوانێت پارێزگاری لە ناسنامەی عێراقی عەرەبی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا نایەوێت هەرێمی کوردستان تا ئەو ئاستە پەراوێز بخرێت کە بیر لە جیابوونەوە لە عێراق بکاتەوە، یاخود بیر لە خەباتی چەکداری بکاتەوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە تورکیا هەرێمی کوردستانی بەو شێوەیە دەوێت کە هەمیشە پێویستی بە تورکیا بێت و لەژێر کۆنترۆڵی خۆی دەرنەچێت. لە کورتترین دەربڕیندا، دەتوانم بڵێم کە تورکیا حکومەتێکی هاوسەنگی دەوێت لە نێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا، بە تایبەتیش تورکیا بەهیچ جۆرێک نایەوێت نزیکایەتییەکی سیاسی و سەربازی لە نێوان کوردی باشوور و پەکەکەدا دروست بێت، لە هەمانکاتدا تورکیا هەرێمی کوردستان وەک دەرفەتێکیش دەبینێت لە هاوکاریکردنی تورکیا بۆ لاوازکردنی پارتی کرێکاران.

سەدر تا ئێستا لە کردار و گوفتاریشدا بەوە ناسراوە کە عێراقێکی یەکگرتووی عەرەبیی دەوێت دوور لە هەژموونی هەریەکە لە ئێران و ئەمریکا. بەم پێوەرە بێت، دەکرێ بگوترێ کە سەدر ئەو کەسەیە دەکرێت بخرێتە خزمەتی ستراتیژی تورکیاوە لە عێراق بەبێ سەرفکردنی وزەیەکی زۆر. چونکە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە لە 2003 ، عێراقی نوێ هەرگیز ئەو فۆرمە نەبووە کە مایەی رەزامەندیی تورکیا بێت، دواتریش باڵادەستیی هەر یەکە لە ئێران و ئەمریکا هەرگیز لە بەرژەوەندیی تورکیا نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرئێشەی زۆریشیان بۆ ئانکەرە دروست کردووە. هەر ئەمەش وایکرد تورکیا تا درەنگانێک لە چۆنیەتی سیستمی حوکمڕانی عێراقی دوای 2003 نیگەران بێت، بە تایبەت لە شەراکەتی شیعە و کورد لەلایەک و لە پەراوێزخستنی سوننە و تورکمانەکانیش لەلایەکی ترەوە.

لوتف نواندنی موقتەدا سەدر بەرامبەر وڵاتانی کەنداو بە تایبەتیش سعودیە و ئیمارات دەکرێت سەرەتای هەنگاوی گەڕاندنەوەی عێراق بێت بۆ باوەشی جیهانی سوننی، تا ئەو ئاستەی کەسێکی پایەبەرزی وەک عەلی ئەکبەر ویلایەتی، راوێژکاری ئایەتوڵڵا خامنەیی بۆ کاروباری دەرەوە بڵێت: "ئێمە رێ نادەین لیبراڵ و کۆمۆنیستەکان حکومەتی داهاتووی عێراق بەڕێوەببەن".

هەرچەندە نابێت ئەو بۆچوونە نادیدە بگرین کە مامەڵەکردن لەگەڵ سەدریەکان شتێکی ئاسان نییە، چونکە ئەوان خاوەن سیاسەتێکی روون نین بەرامبەر وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکاش، دواتریش ئەو سەدرەی کە بەردەوام جەخت لەسەر وەدەرنانی هێزە هەرێمییەکان دەکاتەوە، نەیگوتووە کە دەرکردنی ئەو هێزانە تورکیا ناگرێتەوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئێران و ئەمریکا تا ئێستا هەڵوێستی نەرمتر بووە بەرامبەر تورکیا. ئەم دڵنەواییەی تورکیا دەتوانرێت لە وتەکانی (فاتیح یڵدز)ی باڵیۆزی تورکیادا لە بەغدا بخوێنرێتەوە کە هەر راستەوخۆ دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن سەردانی سەدری کرد لە بەغدا. دیارە ئەوەی بەلای تورکیاوە گرنگە لە حکومەتی نوێی عێراقدا، کردنەوەی دەرگایەکی ترە بەسەر گشت پێکهاتەکاندا، بە تایبەتیش سوننە و تورکمان. لە هەمانکاتدا سەدر دەیەوێت زیاتر وەک سەرکردەیەکی نیشتمانی دەربکەوێت و متمانەی گشت پێکهاتەکانی عێراقی لەگەڵ بێت. هەڵبەتە نابێت ئەو فاکتەرەش لەیاد بکەین کە تورکیا لەبەر ئەوەی خۆی ئامادەگییەکی ئەوتۆی نییە کێبڕکێی ئێران و ئەمریکای پێ بکات، نایەوێت ئەوانیتری وەک ئێران و ئەمەریکاش خاوەن ئەو هەژموونە بەهێزە بن کە بتوانن رەوتی رووداوەکانی عێراق بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیان بجوڵێنن.

## هەڵکشانی پێگەی تورکمان!

لە دوای 2003 وە تا دەگاتە 2014، تورکمانەکان هەمیشە خاوەن پێگەیەکی ئەوتۆ نەبوون کە تورکیا بتوانێت پشتیان پێ ببەستێ. لە هەڵبژاردنەکانی 2005دا بەرەی تورکمانی کە تورکیا هەموو هیوای خۆی لەسەر هەڵچنیبوون، یەک کورسییان هێنا، دواتریش لە نێوان شیعە و سوننەدا دابەش بوون و لەو پێگەیەدا نەبوون کە بتوانن شتێکی ئەوتۆ بۆ تورکیا بکەن لە عێراقدا، تا کار گەیشتە ئەوەی تورکیا رێنماییان بکات هەماهەنگی لەگەڵ سوننە و کورد بکەن. لە 25ی ئۆکتۆبەردا، بە تایبەتیش دوای گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ کەرکووک و شکستهێنانی کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، دەرفەتێکی زێڕین بۆ تورکمانەکان رەخسا کە بۆ یەکەمجار لە دوای 2003 ئەگەر بە شێوەیەکی رێژەییش بێت، بتوانن حوکمی کەرکووک بکەن. ئەم هەڵسانەوەیەی تورکمانەکان تەنیا بەرهەمی شکستی ریفراندۆم نەبوو، بەڵکو پێشتریش جۆرێک لە ئامادەکاری کرابوو، ئەنجوومەنی باڵای هەماهەنگیی تورکمانەکان کە لە مانگی مایسی 2017 لەژێر چاودێریی هەریەکە لە یونامی و بە سەرپەرشتی سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هاتەکایەوە، یەکێک بوو لەو ئامادەکاریانە، تەنیا 13 رۆژ دوای گرتنەوەی کەرکووک لەلایەن سوپای عێراقەوە، ئەو ئەنجوومەنە لەلایەن ئەردۆغانەوە لە ئیستامبوڵ پێشوازییان لێکرا، لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە سەرکردەی لیوای 16ی تورکمانەکانی ناو حەشدی شەعبیش (یڵماز نەجار)یشیان لەگەڵ بوو. ئەمە دەکرێت وەک پەیامێکی تورکیاش سەیر بکرێت لەسەر گرنگیی پێگەی تورکمانەکانی عێراق بە شیعە و سوننەوە. ئەم هەموو جموجوڵەی تورکمانەکان و دواتریش ئەو شکستەی کورد لە کەرکووک، تورکمانەکانی هاندا بە لیستێکی یەکگرتوو بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق بکەن لە کەرکووک و 3 کورسی ببەنەوە، ئەمە لەڕاستیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ تورکمانەکانی عێراق بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتی.

دوا سەرنجی خۆم لەوەدا کورت دەکەمەوە کە ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق ئەگەرچی مایەی نیگەرانی بوو بۆ هەر یەکە لە ئێران و ئەمریکا، بەڵام بۆ تورکیا بە پێچەوانەوە مایەی جۆرێک لە دڵنیایی بوو. ئەمە تەنیا دیمەنێکی کورتی شانۆکەیە و دیمەنەکانی تر لە دوای پێکهێنانی حکومەت روونتر دەردەکەون.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# بەرهەم ساڵح چانسی ماوە؟

**1**

ئەگەر حیزبەکانی سلێمانی بە بیانووی خاوێننەبوونی تۆماری دەنگدەرانی کوردستان (کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەیان هەزاری لێ سڕیبوووەوە)، ملیان دابایە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە پێش هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایاری عێراق، ئەمڕۆ شاهیدی تابلۆیەکی تەواو پێچەوانە دەبووین. خۆشاردنەوەی حیزبەکان (جگە لە پارتی کە دەیویست پێش هەڵبژاردنەکانی بەغدا، هەڵبژاردنی کوردستان بکرێت)، لە ترسی ئەوە بوو کە پارتی ئەمجارەیان نەک هەر بیباتەوە، بگرە لەگەڵ کۆتاکان و چەند حیزبێکی دیکە توانای پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەشی هەبێ. بۆیە ویستیان خۆیان لەبەغدا تاقیبکەنەوە.

ئەگەر پێش هەڵبژاردنی 12ی مایس زەمینەیەکی لەبار بۆ بەستنی هاوپەیمانی لە نێوان چوار حیزبەکە (گۆڕان، هاوپەیمانی، کۆمەڵ و یەکگرتوو) نەبووبێت، ئەوا ئێستا هەموویان لەدەوری مەغدووریەت و زوڵمێکی مێژوویی کۆبوونەتەوە و، ئەگەر ئەوە بتوانێ ببێتە هەوێنی هاوپەیمانییەک تا هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان و، تەنانەت هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەوا بە تەواوەتی بالانسی هێز لە کوردستان دەگۆڕدرێت. بەرهەم ساڵح ئەگەرچی ئامانجی سەرەکی بوو لەو تەزویراتەی یەکێتی کردی، بەڵام حیزبەکانی دیکە و تەنانەت بەشێکی یەکێتیشی پێوە سووتان. پێموانییە بەرهەم ساڵح و کۆسرەت رەسوڵ قەبوڵی ئەو وەزعە بکەن و بەو ئەنجامانە رازی بن. بۆیە هێشتا بەرهەم ساڵح هەندێک هەنگاوی دیکەی لەپێشن کە هاوتەریب لەگەڵ پشتیوانیی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئیقلیمیش، لەناوخۆدا بیانهاوێت و بەوەش بتوانێ سەرکردایەتی ئۆپۆزیسیۆن (یان بلۆکێکی سیاسیی جەماوەری) بکات و لەوێ بەرە لەژێرپێی یەکێتی دەربهێنێت. ئەم هەنگاوانە لە داهاتوودا، بۆ ماڵباتی تاڵەبانی زۆر جەرگبڕتر دەبن لە جیابوونەوەی گۆڕان، ئەگەرچی ئێستا وا دەزانن گۆڕانیان لەڕێگەی کوڕەکانی نەوشیروان مستەفاوە کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام گۆڕانیش خەریکی تەکاندنی ناوماڵی خۆیەتی و، ئەو بلۆکە سیاسییەی کە دروست دەبێ، لە سنووری سلێمانی دەچێتەدەر و دەتوانێ لە زاخۆوە تا گەرمیان کورسی لە پەرلەمان هەبێ و، هەموویان بەیەکەوە لە قاڵبی حیزبی ناوچەیی دەردەچن.

**2**

یەکێتی وەک ئەو کەسەی لێهاتووە کە ڕێگەیان نەدەدا بچێتە گوندەوە و دەیگوت ماڵی کوێخا لە کوێیە! هێشتا تەپوتۆز و موناقەشە لەسەر ئەو تەزویرەی لە سلێمانی و کەرکووک بۆ کاندیدەکانی باڵی ماڵبات کراوە، نەنیشتۆتەوە و رۆژ بەڕۆژ بەڵگەی زیاتر لەوبارەیەوە دەخرێنە روو، کەچی چاوقایمانە و وەک ئەوەی نەبای هاتبێ نەباران، پێیانوایە هێشتا دەتوانن پۆستی سەرۆککۆمار لەبەغدا وەربگرنەوە. جارێ دانەوەی ئەو پۆستە بە یەکێتی ئەگەر زەحمەت بێت، ئەوا بۆ لەتیفی شێخ جەمالی خەزێنە (لەتیف رەشید) لە حوکمی مەحاڵدایە. ئەوەی یەکێتی بە گومانی خۆی دەیەوێ بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو پۆستە پارتیی پێ بترسێنێ، پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

لەماوەی رابردوودا هەموو حیزبەکان (جگە لە پارتی) لەگەڵ ئەوەدا بوون کە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەموار بکرێتەوە و سەرۆک لەناو پەرلەماندا هەڵبژێردرێت. ئێستا هەموان لەبەردەم واقیعێکدان کە دەبێ بەرامبەر دەنگدەرانیان راستگۆ بن. ئەگەرچی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەیاسایەک دابەش کراون، بەڵام هێشتا پەرلەمان کارایە و توانای هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی هەیە. بۆ داهاتووی کوردستان (هەر وەک لە دەستووری عێراقیشدا هاتووە کە هەرێم سەرۆکێکی هەیە)، چەند ڕێگەیەک لەبەردەمە کە پێدەچێ پارتی بۆ هەر هەموویان ئامادە بێت. یەکەم ئەوەیە کە بە یاسا کۆنەکە و بەو دەسەڵاتانەی هەیەتی، راستەوخۆ سەرۆک لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. دووەم یاساکە هەموار بکرێت و، بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کەم بکرێتەوە و، سێیەم ئەم وەزعەی ئێستا بەردەوام بێت تا نووسینەوەی دەستوور.

ئەگەر حیزبەکانی بەرامبەر پارتی عاقڵ بن، دەتوانن پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بهێننەوە ناو هاوسەنگیی سیاسی لە پۆستەکانی نێوان بەغدا و هەولێردا، چونکە بەم وەزعەی ئێستا، پۆستی سەرۆککۆماری هی پارتییە و ئەوە موناقەشە هەڵناگرێت و، ئەگەر لە بەرامبەر ئەو پۆستەشدا لایەنەکانی دیکە داوای پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز! لەو سێ ڕێگایە زیاتر هیچی دیکەیان لەبەردەمدا نییە.

ئەم بابەتە لای پارتی پتر لەوەی ترسێکی سیاسی بێت، ڕێک پێچەوانەکەی راستە کە پارتی جگە لە ئیستیحقاقی خۆی لە ڕێگەی سندووقی دەنگدان و حەجمی راستەقینەی خۆی، بیر لە هیچ پاوانکارییەک ناکاتەوە. بۆیە بەلایەوە ئاساییە کە چ بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ بێت یان بە هەڵبژاردنی ناو پەرلەمان، کەسێک لە دەرەوەی پارتی و بەتایبەتیش لە سلێمانییەوە، ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

## ئاخ بۆ کاک مەسعود!

**3**

لەماوەی دوازدە ساڵی مومارەسەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە، جیلێک لە نووسەری بندیوار و لانووس (لەسەر وەزنی جگەرەکێشی لاکێش) دروست بوو کە زۆر بە ئاسانی هەفتەی جارێک یان تەنانەت پتر لە جارێک، وتار بنووسن، کۆڕ و کۆبوونەوە بکەن و تەنانەت لەبەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانیش ئامادە بن. ئەم جیلە کە ئێستا کاڵەک بەئەژنۆی خۆیان دەشکێنن، بە قودرەتی قادر توانایان هەبوو نەک هەر لافاوێک لە هەولێر و سلێمانی، بگرە هاوشێوەکەی لە مۆزەمبیقیش بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و نەبوونی سیستەمی پەرلەمانییەوە ببەستنەوە.

ئەم جیلە هەر خەریکی ئەوە بوون کە مانەوەی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و کێشە و گرفتەکانی کوردستانە! دوای ئەوەی کە بارزانی رازی نەبوو ماوەکەی بۆ درێژ بکرێتەوە، ئێستا نزیکەی حەوت مانگە وەک مریشکی کوورک، لە نووسین چوونەتەوە. بارزانی هەر لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام ئەوان ئیشەکەیان کۆتایی هات!



مەجید نیزامەدین گلی

بەرپرسی نووسینگەی رووداو لە بارەگای UN

# تاکە ڕێگەی دووبارە بەهێزبوونەوەی کورد لە عێراق

هەفتەی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بۆ نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نارد. بە گشتی نامەکە داوا دەکات کە نەتەوەیەکگرتووەکان رۆڵی هەبێت لە جێبەجێکردنی ماددەی 140. سەرەڕای ئەوەی نامەکە راستەوخۆ نەگەیشتبووە دەستی ژمارەیەک لە باڵیۆزی وڵاتان، بەڵام بە هەنگاوێکی سادەی دیپلۆماسیی هاوشێوە و بەهۆی بەدواداچوونی رووداو، ئێستا دەتوانم ئەو زانیاریە پشتڕاست بکەمەوە کە ئەو پێشنیازە بەشێکە لە گفتوگۆکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەربارەی عێراق. دووریش نییە مانگی تەمووزی داهاتوو لە پرۆژە بڕیاری نوێی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بکرێتە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق.

ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە سوودی کاری دیپلۆماسی بۆ داهاتووی کورد لە عێراق چەندە گرنگە. خۆم پێش ئەوەی ئاشنای وردەکاری سیاسەتی نێودەوڵەتی بم، متمانەی زۆرم بە نەتەوەیەکگرتووەکان و مەیدانەکانی دیکەی کاری دیپلۆماسی نەبوو. ئێستاش ناڵێم دیپلۆماسیەت چارەسەری هەموو کێشەیەک دەکات، بەڵام لەم قۆناغەدا بۆ هەرێمی کوردستان پشتگیریی لایەنە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێگای سەرەکیە بۆ مانەوە وەکو کیانێک و گەشەسەندن و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان.

16ی ئۆکتۆبەر سەلماندی کە هیچ دەستکەوتێک بۆ کورد نامێنێتەوە ئەگەر شەرعیەت و پشتگیریی نێودەوڵەتی نەبێت.

ئەوەی بە چەک و کاری هەواڵگری لە 16ی ئۆکتۆبەردا لەدەستمان چوو، دەکرێت بە دیپلۆماسیەت و شەرعیەتی نێودەوڵەتی بیگەڕێنینەوە. هەرشتێک بە شەرعیەتی نێودەوڵەتی دەستتکەوت، لەدەستچوونی زۆر زەحمەتترە. باشترین نموونەش هێڵی 36ـەکەی پرۆژە بڕیارێکی ئەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە کە بەهۆیەوە 27 ساڵە بەبێ رەزامەندی لایەنی کوردی، سەربازێکی عێراقی نەیتوانیوە پێ بنێتە هەولێر و سلێمانی و دهۆک. هەر هەوڵە دیپلۆماسیەکانی حکومەتی هەرێمیش بوو کە ئابڵۆقەی ئابووری و ئاسمانیی ئەم دواییەی تێکشکاند.

راستە هەندێک جار ئەمریکای زلهێز و رووسیا و چین و چەند وڵاتێکی دیکەش حیسابێکی ئەوتۆ بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش و یاسا نێودەوڵەتییەکان ناکەن، بەڵام حکومەتی عێراق و تەنانەت ئێران و تورکیاش بەرامبەر بە ئیدارەی نێودەوڵەتی جگە لە قسەی زل زۆر شتیان پێ ناکرێت.

بۆ ئەم پێشنیازەی حکومەتی هەرێم دەربارەی رۆڵی یونامی لە جێبەجێکردنی ماددەی 140، لە ئێستاوە باڵیۆزی رووسیا لە وەڵامی پرسیارێکمدا جۆرە کرانەوەیەکی نواند کە پێشتر دەربارەی گۆڕینی کاری یونامی نەیانبوو. هەروەها یان کۆبش نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت نەک هەر یونامی دەتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت، بەڵکو ئامادەکاریشی بۆکردووە. کۆبش ئاماژەیەکی بەهێزی دا کە ئەو پێشنیازە دەبێتە بەشێک لە پرۆژە بڕیاری نوێی یونامی. من لەگەڵ دیپلۆماتکارانی وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی باسی ئەم بابەتەم کرد. کەسیان لەڕووی پرەنسیپڵەوە لە دژی نین و دیپلۆماتکارێکی ئاستبەرزی ئەورووپی پێیگوتم "ئەگەر بەغدا دژایەتی نەکات، باوەڕ ناکەم لێرە کەس کێشەی لەگەڵی هەبێت".

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەمریکا پشتگیری دەکات. بیرمان نەچێت ئەمە لەسەرەتاوە پێشنیازی ئەمریکا بوو.

وەکو لە وتارێکدا لە ژمارە (506)ی رۆژی 21ی ئایاری رابردوو لەم هەفتەنامەیەوە باسم کرد، مانگی رابردوو ئەمریکا خەریکی هەوڵێکی دیپلۆماسی بوو بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و جێبەجێکردنی ماددەی 140 ببێتە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق. دەبێت هەموو ساڵێک ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە پرۆژە بڕیارێک ماوەی کارکردنی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق درێژ بکاتەوە و هەر لەو پرۆژە بڕیارەدا ئەرک و ئامانجی نوێی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق دیاری بکرێت. پێشنیازی ئەمریکیەکان بریتی بوو لەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ماددەی 140 یەکێک بێت لە ئەرکە سەرەکییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق.

ئەم هەوڵەی ئەمریکا نهێنی بوو، رووداو یەکەمین و تاکە دەزگای میدیایی بوو کە زانیارییەکانی بڵاوکردەوە، بەڵام پاشان زانیاریمان پێگەیشت کە ئەمریکا لەوە پەشیمان بووەتەوە بە پێچەوانەی ویستی بەغدا لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەست بکات بە لۆبیکردن بۆ ئەو پێشنیازە. ئیتر دوای ئەوە لێرە کەس باسی نەدەکرد و زۆربەی نوێنەرانی وڵاتان هاوڕابوون لەگەڵ حکومەتی عێراق کە دەبێت پرۆژە بڕیاری کاری بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق وەکو خۆی پەسەند بکرێت و وەکو جاران باسی کەرکووک و ماددەی 140 نەکات و ئەوانە خاڵی سەرەکی نەبن تێیدا.

بەڵام پاش ئەو نامەیەی حکومەتی هەرێم، لێدوانەکەی یان کۆبش بۆ (رووداو) و هەڵوێستی کراوەی رووسیا بۆ پێشنیازەکە، ئەم بابەتە زیندوو بووەوە. تاوەکو سەرەتای مانگی تەمووز کات ماوە بۆ ئەوەی کاری زیاتر بکرێت بۆ سەرخستنی ئەم پێشنیازە کە پرسی کەرکووک دەکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی. بەڵام ئەگەر ئەم هەوڵە سەرکەوتوو بوو، ئەوە یەکێک لە سوودە گەورەکانی کە — لە وتاری رابردووم باسم نەکرد- بەگشتی زیاتر بە نێودەوڵەتیکردنی دۆزی کوردە لە عێراق. ئەو پرۆسەیەش زۆر کار و هیلاکی دەوێت. لەمەودوا پێویستە حکومەتی هەرێم زۆر زیاتر لە جاران گرنگی بە پەیوەندییەکانی دەرەوە و کاری دیپلۆماسی بدات و جگە لە پاراستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتان، هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی بدات بۆ هەرێمی کوردستان و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ بەغدا. چۆن لە 2005 ناوی هەرێمی کوردستان و پرسی کەرکوک بووە بەشێک لە دەستووری عێراق، ئاواش لەم قۆناغەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر زۆر پێویستە کە دۆزی کورد لە عێراق چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی بدرێتێ. دەکرێت ئەو نامەیەی حکومەتی هەرێم بۆ گۆڕینی کاری یۆنامی تەنها سەرەتایەک بێت بۆ ئەو پرۆسەیە.



ڕێبوار کەریمی

rebwar.karimi@hotmail.com

# هەموو ڕێیەک ناچێتەوە بۆ بانە

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشتییەکی نێگەتیڤ لەئارادایە. ئاشتیی نێگەتیڤ و ئاشتیی پۆزەتیڤ دوو چەمکی گرینگی داهێنراوی پسپۆڕی نەرویجیی بواری ناتوندوتیژی، یۆهان گاڵتونگن. لەڕوانگەی گاڵتونگەوە، جیاوازی ئاشتیی پۆزەتیڤ و ئاشتیی نێگەتیڤ ئەوەیە، لە دۆخی ئاشتیی پۆزەتیڤدا ئەو هۆکارە ساختارییانە بنبڕ کراون کە دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ، ئەوە لەکاتێکدا لە دۆخی ئاشتیی نێگەتیڤدا هەرئەوەیە شەڕی گەرم لەگۆڕێ نییە، دەنا هۆکارە ساختارییەکانی هەڵگیرسانی بەرهەڤن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەزۆر هۆ، ئاشتییەکی پۆزەتیڤ لەگۆڕێ نییە: پشتگوێخستنی دەیان ساڵەی داخوازییە نەتەوەییەکان، سەرکوتی ئازادییە سیاسییەکان و هەروەها کەڵەکەبوونی ناڕەزایەتی لە هەلومەرجی ئابووری و ...تاد، پێوەندیی خەڵک و حاکمیەتی گەیاندووەتە خراپترین ئاستی خۆی. هەڵبەت ئەوەی ناهێڵێ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە ئاشتییەکی پۆزەتیڤدا بژی، تەنیا کەڵکەبوونی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک نییە، بەڵکو ڕاستییەکی تاڵی دیکەشە کە پێوەندی بە ماهیەتی حاکمیەتەوە هەیە: لەڕاستیدا، بەهێزترین فاکتەری ناسێنەی دەسەڵاتدارێتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەبروزەنگە، نەک لۆژیکی ئیقناع و وەڵامدەرێتی. ئەو دوو فاکتەرە، واتە کەڵەکەبوونی ویست و ناڕەزایەتیی خەڵک لەلایەک و، زاڵبوونی سیستمێکی نادێمۆکراتیکی پشتبەستوو بە زەبروزەنگ لەلایەکی ترەوە، ئاسۆکانی ئاشتییەکی پۆزەتیڤی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکجار لێڵ کردووە. توندوتیژی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەمارۆداوە!

لەڕاستیدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک کۆمەڵگە، گیرۆدەی دوو جۆر توندوتیژییە؛ توندوتیژیی ساختاری و توندوتیژییەکی کولتووری. توندوتیژیی کولتووری متوربەکراوی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارێتیی حوکمڕانە کە جەوهەرێکی دەرهاوێژەرانەی شیعی-فارسیی هەیە. پرۆڤەی ئەم توندوتیژییە کولتوورییە لە بەستێنی توندوتیژییەکی ساختاریدایە کە مەیسەر دەبێت. بەگوێرەی پێناسە، مەبەست لە توندوتیژیی ساختاری توندوتیژییەکی ناڕاستەوخۆیە کە بەهۆیەوە، ئەو دامەزراوە داوێستاوانەی ئاراستەی شێوازی هەڵسوکەوتەکان دیاری دەکەن (بۆ وێنە پەرلەمان، سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی وەک سیاسەت، ئایین و پەروەردە) بەزۆر شێوە زیان بە گروپە مرۆڤییەکان دەگەیەنن. هەڵبەت ئاشکرایە کە ئەم توندوتیژییە ناڕاستەوخۆیە دەتوانێ پێوەندیی بە توندوتیژیی ڕاستەوخۆشەوە هەبێت، چونکە وەک چۆن یوهان گاڵتونگ بەدروستی دەیسەلمێنێت، توندوتیژیی ساختاری بەزۆری دەکێشێتە سەر توندوتیژیی جەستەییش. توندوتیژیی ساختاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕیشەی دەچێتەوە سەر ئیستبدادی لەمێژینەی ئێرانی و لە فۆرمی دەسەڵاتدارێتییە سیاسی-مێژووییەکانی حاکمدا خۆی ئیفادە کردووە و هەرجارەو لە بیچمێکدا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بیزار کردووە.

هەڵبەت ئەو توندوتیژییە ساختارییەی هەڕەشە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، دوو ڕەهەندی هەیە. ئەوەی لەسەرەوە باسی لێکرا و بەشێک لە ڕیالیتەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە، دەکرێ وەک ڕەهەندی دەرەکیی توندوتیژیی ساختاری ناوی بهێنین. توندوتیژیی ساختاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەهەندێکی خۆماڵیشی هەیە کە هەڵقوڵاوی پێوەندییە کۆنباوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئاسەوارە زەینییە گیانسەختەکانی بەجێماوی ئەو پێوەندییە خێڵەکی-مێژووییانەیە. هەرچەند لەڕەوتی دەوڵەتسازیی سەدساڵەی ئێران و چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەردەمی پەهلەویی یەکەمرا، زەمینەکانی پرۆڤەی توندوتیژیی ساختاری لە ڕەهەندە خۆماڵییەکەیدا کەمتربووەتەوە -یان بڵێین؛ پاشەکشە بە ئاکتۆرە خۆماڵییەکانی پرۆڤەی توندوتیژیی ساختاری کراوە-، بەوەشەوە هەموو لاوازبوونێکی ئاوتۆریتەی دەسەڵاتی ناوەندی، یان هەر هەلومەرجێکی تر کە بووبێتە هۆی چەکەرەکردنەوە و هەڵدانی ئەو هێزە خۆجێییانەی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتن، بووەتە هۆی دووبارە ئاکتیڤبوونەوەی ڕەهەندە خۆماڵییەکەی توندوتیژیی ساختاریش (لەو ناوەدا دەکرێ سەردەمی کورتی کۆماری کوردستان بە ڕیزپەڕێک ببینین کە ڕێسا گشتییەکە دەسەلمێنێتەوە).

ڕەهەندی ناوخۆیی توندوتیژیی ساختاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سی-چل ساڵی ڕابردوودا، پێش هەموو شتێک، پێوەندی بە ئەزموونی ڕۆژهەڵات لە مەوجوودیەت و تێکۆشانی دووفاقەی حیزبە سیاسییەکانی ئەو پارچەیەی کوردستانەوە هەیە. تێکۆشانی هاودژانەی ئەم جۆرە حیزبانە -وەک ئاکتۆرە خۆماڵییەکانی دەسەڵاتخوازی- لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ئەگەر ئەوان بەبارێکدا وەک باسکی گەل و کۆمەڵگا بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕەهەندی دەرەکیی توندوتیژی ساختاری دەرکەوتوون (لەو سۆنگەیەشەوە ناسێنەیەکی ڕزگاریخوازانەیان بۆخۆیان پێناسە کردووە)، بەڵام هاوکات هەر بۆخۆیان بوونەتەوە بە کانگای بەرهەمهێنانەوەی ئەو توندوتیژییە لەسەر ئاستە ناوخۆییەکەی. هەرچەندە ئەم هێزانە بە شێوەیەکی مێژوویی، خۆیان تەنیا وەک هێزێکی ڕزگاریخواز و، بگرە وەک تاقە هێزی ڕزگاریدەری ڕۆژهەڵات پێناسە کردووە، بەڵام دوو ڕاستیی حاشاهەڵنەگری مێژوویی وا دەکا ڕۆژهەڵات بەرامبەر بە سروشتی دووفاقەی ئەم هێزە دەسەڵاتخوازانە خەمسارد نەبێ: لەلایەکەوە، ئەزموونی حیزبە دەستەخوشەکەکانی ئەو حیزبانەی ڕۆژهەڵات، لە باشووری کوردستانی چارەکە سەدەی ڕابردوودا، کە پێویست بە لەسەرڕۆیشتن ناکات! لەلایەکی تریشەوە، ئەزموونی ساڵانی هەشتاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە ترۆپکی کەمچیکەڵدانەیی ئەوانی لە هەڵگیرساندنی شەڕێکی خۆبەخۆی خوێناویی چەندین ساڵەدا سەلماند و بەو کارەشیان؛ جگە لەوەی هەرخۆیان بوونە بەردەبازی سەقامگیربوونی تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هاوکات بوونە هۆی بڕینی بەندی جەرگ و هەناوی سەدان دایکوباوکی کوردیش کە منداڵەکانیان بەهەوای خەبات بۆ ڕزگاری، ئەسپاردەی ئەو حیزبانە کردبوو.

تەنزی تاڵی باسەکە ئەوەیە کە وەک چۆن ڕەهەندی دەرەکیی توندوتیژیی ساختاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، بە تام و بۆیەکی بەهێزی ئایدیۆلۆژیک قانگ دراوە، ئاکتۆرە خۆماڵییەکانی توندوتیژیی ساختاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش — هیچ نەبێ هێندێکیان- هەوڵێکی زۆریان داوە تا ترشوخوێیەکی ئایدیۆلۆژیک بە ناسێنەی شەڕەنگێزانەیان، بەتایبەتی لە جەرگەی شەڕی خۆبەخۆیاندا، بدەن. ئەوە لەکاتێکدا، ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە ئەوان، زیاتر لە هەر شتێک، بکەرێکی هاوچەرخی ئەو توندتیژییە ساختارییە بوونە کە میراتی پێوەندییە لەمێژینەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و ئەوان هاوکات؛ هەم بەرهەم و میراتگری ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە و، هەم بەرهەمهێنەرەوەیەکی ئەو میراتە کارەساتبارە بوونە.

بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ڕەهەندی دەرەکی و خۆماڵیی توندوتیژیی ساختاری، دەکرێ کەڵک لە دوو چەمکی دیکەی گاڵتونگیش وەربگرین کە ئەوانیش، توندوتیژیی داگیرکەرانە و توندوتیژیی چەوسێنەرانەن. توندوتیژیی داگیرکەرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ وەک لێکەوتەی ڕەهەندی دەرەکیی توندوتیژیی ساختاری ببینین. هەڵبەت توندوتیژیی داگیرکەرانە دەشێ سروشتێکی چەوسێنەرانەشی هەبێت، وەکچۆن لە نموونە مێژووییەکانی کۆلۆنیالیزمیشدا بەزۆری هەروا بووە. بەڵام لە ئەگەری ڕەوینەوەی توندوتیژیی داگیرکەرانەشدا، دەشێ توندوتیژیی چەوسێنەرانە هەروا درێژەی هەبێت: ئاکتۆرە خۆماڵییەکانی توندوتیژیی ساختاری، دەتوانن بەشێوەیەکی هاودژانە، هەم — هیچ نەبێ لە تیۆریدا+ زەمینەی لەناوچوونی توندوتیژیی چەوسێنەرانەی زادەی دۆخی داگیرکراوی بخوڵقێنن، هەم کۆمەڵگاش بەسەر تەڵەی تەقیودا بخەن و بۆخۆیان ببنە ئاکتۆری فازیکی نوێی توندوتیژیی چەوسێنەرانە.

ڕەنگە بپرسرێ باسێکی ئاوا لەم کاتەدا سوودی چییە؟ بەبڕوای من لەڕۆژەڤدا هێشتنەوەی ئەو باسە، پێش هەرشتێک گرێدراوە بە ئیرادە و ئامادەگیی کۆمەڵگەیەکی زیندووەوە بۆ ئەوەی واقیعی ئێستا و ئایندەی خۆی بە شێوەیەکی جەبرگەرایانە نەداتە دەست قەزاوقەدەر. سروشتییە ڕۆژهەڵات، وەک کۆمەڵگەیەکی زیندوو، ڕێوشوێنێکی سەراپاداگر بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەکانی سەرخۆی بگرێتەبەر. خۆپاراستنی سەراپاداگر بەمانای هەوڵی بەرپەرچدانەوەی توندوتیژیی داگیرکارانە-چەوسێنەرانەیە لە لایەک و، لەلایەکی تریشەوە بە مانای مامەڵەیەکی ڕەخنەگرانەی بنیاتنەرە لەگەڵ ئەو هێزانەی دەشێ لەقۆناغی گریمانەکراوی پاش-داگیرکراویشدا، ئاسۆکانی ئاشتییەکی پۆزەتیڤ لەڕۆژهەڵات، هەروا بە لێڵی بهێڵنەوە.

مامەڵەی ڕەخنەگرانەی بنیاتنەر لەگەڵ ئەو هێزانە بەو مانایەیە کە کۆمەڵگە مەشروعیەتی ئەو هێزانە نەبەستێتەوە بەو پێگە و نەخشەوە کە ئەوان، بۆ خۆیانیان دیاری کردووە، بەڵکو بیبەستێتەوە بە ڕادەی توانایی ئەو هێزانەوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ زەروورەتە ستراتیژیکەکانی ژیانی ئاشتیئامێزی کۆمەڵگە. هەڵبەت ئەزموونی باشووری کوردستان دەریخستووە کە هێزە شۆڕشگێڕە تاراوەکانی ئێمە زۆر بەزەحمەت دەتوانن خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی ژینوارێکی دێمۆکراتیکی مەدەنی بگونجێنن. بەپێچەوانەوە؛ ئەو هێزانە زیاتر لەوەی ئیرادە و ئەنگێزەی خۆدان بەدەم چەرخی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەیان هەبێ، ئامادەی زنجیرکردنی چەرخی گۆڕانکارییەکان دەبن، بۆئەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵگە لە پاوانی خۆیاندا بمێنێتەوە. ئامادەکاری بۆ بەرگرتن لەم جۆرە پەرەسەندنە نێگەتیڤانە بەوە دەکرێ، کە پێناسەیەکی جیاواز بۆ کردەی سیاسەت لە سیاقی خۆپاراستنێکی سەراپادگر، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکرێ.

**درێژەی هەیە..**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more





## ئاسایشی مۆندیال لەژێر هەڕەشەدایە

« 16


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاكار جەلیل

هەفتەنامەیەكی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەكات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پاركی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناكی | Tel ت: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



Ford Go Further | AL-KASID

فۆرد گەڕایەوە بۆ عێراق... لەگەڵ ئەلقاصد

ئۆتۆمبیلەكەت بە بێ بەرامبەر تۆمار بكە
بۆ بەدەستهێنانی

پشكنینی بێبەرامبەر بەپێی لیستی فۆرد

پشكنینی كۆمپیوتەری بێبەرامبەر

داشكاندنی لە 10%ی خزمەتگوزاری
هەڵبژێردراوی چاككردنەوە



*جێبەجێكردنی مەرج و ڕێنماییەكان

Ford@al-kasid.ae
www.fordiraq.com

07716 500 500

Ford Go Further | AL-KASID

بنكەی چاككردنەوە - هەولێر: كۆمپانیای ئەلقاصد لە سەرەتای ڕێگای موسڵ    بنكەی چاككردنەوە - بەغداد: كەمپی سارە- لە بەرامبەر یانەی المشرق

Adiabin
Agency

بۆ ڕیكلامكردن لە تۆڕی میدیایی رووداو پەیوەندی بكەن بە:

RÛDAW

For advertise and media Production
www.adiabin.com - info@adiabin.com
Iraq - Kurdistan - Erbil - Ankawa St

+9647508334433
+9647508332233
+9647702521111